# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی «مظفرنامە -السلطان مظفرالدین گوگبوورو - امیر اربل»، نووسینی: «عبدالقادر احمد طلیمات»و وەرگێڕان و ئامادەکردنی خەسرۆ پیربالٚ قەساب لە توێی (٥٧٣) لاپەڕە و بە دیزاین و بەرگێکی ناوازەوە بڵاوکرایەوە.

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە لە بارەی ژیان و حوکمڕانیی سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆرو لە هەولێر، کۆمەڵێك زانیاریی زیاتر لە دەقە عەرەبییەکەشی تیادا خراوەتەڕوو. وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە خەسرۆ پیربالٚ قەساب بۆ ئەو بەرهەمە مێژووییە، هیواداریـن کاروانی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییش بەردەوام و پڕبەرهەم بێت.





مەحمود محەمەد

ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# پێویستی ئەم قۆناخە یەکڕیزی و پێکەوە کارکردنە و لەم پێناوەشدا لە دەرگای هەموو حزبەکانمانداوە بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەتدا بکەن

**هەست بە جووڵەیەکی نەرێنی بەرامبەر پرۆسەی سیاسی و کابینەی ئێستای حکومەتی عێراق دەکرێت**

**دەکرا بەبێ یەکێتیش حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت، بەڵام بە بەشداری یەکێتی بێگومان هێز و پاڵپشتیەکی زیاتر بۆ حکومەتی داهاتوو دروست دەبێت**

کۆبوونەوە و گفتوگۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حزب و لایەنەسیاسییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداری لە حکومەتی نوێدا ماوەیەکی زۆری خایاند، بەڵام لە ئەنجامدا ڕێککەوتنەکان ئەنجام دران و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم زۆر نزیك بووەتەوە. پرسی چۆنیەتی ڕەوتی ئەو ڕێککەوتنانە و هەروەها تاوتوێکردنی ڕێکارەکانی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و بڕیاری پارتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و بەتایبەتی کەرکووك و چۆنیەتی ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە، هەروەها پرسی سەرهەڵدانەوەی داعش و مەترسییەکانی، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکدەهێنن.

*** سـەرەنجام پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەیشتنە ڕێککەوتن و فراکسیۆنی یەکێتی لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردسـتان بەشـداری کـرد، ئایـا چـی وایکـرد سـەرنجام بگەنـە ڕێککەوتـن؟**

- ئێمـە وەك پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەمیشـە بـەو جـۆرە سـەیری بارودۆخـی سیاسـیمان کـردووە، کـە پێووسـتە لـە هەمـوو قۆناخەکانـدا پێداویسـتییەکانی کوردسـتان دەستنیشـان بکرێـن و هەوڵبدەیـن زەمینـەی گونجـاو بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو پێداویسـتیانە فەراهـەم بکەیـن. لـە تێڕوانینـی ئێمـەدا گرنگتریـن پێداویسـتیی ئـەم قۆناخەمـان پێویسـتی بـە یەکڕیـزی و پێکـەوە کارکـردن هەیـە و لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە پێویسـتیی گرنگـی بـە پێکـەوە کارکردنـی پارتـی و یەکێتـی هەیـە. بێگومـان ئەگـەر مەسـەلەی پێکهێنانـی کابینـەی تازەی حکومەتـی هەرێمـی کوردستان لە ڕوانگـەی نیسـابی یاسـاییەوە سـەیر بکەیـن، دیـارە وەك بەڕێـز سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی پارتـی ئامـاژەی پێکـرد، دەکـرا بەبـێ یەکێتیـش حکومەتـی نـوێ پێکبهێنرێت، بەڵام بە بەشداری یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان بێگومـان هێـز و پاڵپشـتیەکی زیاتـر بـۆ حکومەتـی داهاتـوو دروسـت دەبێـت، ئەمـە لەلایـەك، لەلایەکـی دیکـەوە ئەگـەر لەسـەر ئاسـتی بارودۆخـی سیاسـیی عێراقیـش بارودۆخەکـە بخوێنینـەوە، دیسـان بارودۆخەکـە پێویسـتی بـە یەکڕیـزی و یەکدەنگـی لـە کوردسـتان هەیـە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە چاوەڕێ دەکرێـت، هەندێـك پێشـهاتی تـازە لەسـەر ئاسـتی عێـراق و ناوچەکـە بێنـە پێشـەوە و ئەمـەش پێویسـتی بەوەیـە کـە ئێمـە ئامادەکاریـەك بـۆ قۆناخـی داهاتـوو بکەیـن و بـە شـێوەیەك خۆمـان کۆبکەینـەوە بـۆ ئـەوەی ڕووبـەڕووی ئـەو پلانانـە ببینـەوە کـە لەوانەیـە بەشـێکیان بـە شـێوازێك داڕێژرابـن کـە لـە بەرژەوەندیـی کوردسـتاندا نەبـن، ئەوجـا بـۆ ئـەوەی ڕێگـە نەدەیـن ئـەو پلانانانـە زیـان بـە بەرژەوەندیـی گشـتی خەڵکـی کوردسـتان بگەیەنێـت، ئـەوا پێویسـتمان بـە پێکەوەبوونێکـی سەرتاسـەری هەیـە، ئەمـەش بـەو مانایـەی ئـەو ئۆرگان و دامەزراوانـەی لـە کوردسـتاندا دادەمەزرێـن، پشـتیوانییەکی سەرتاسـەری لایەنـە سیاسـییەکان و پێکهاتـە جیاوازەکانـی کوردسـتانی لەگەڵـدا بێـت، بوونـی ئـەم پشـتیوانییە سەرتاسـەرییە دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی ئەوانەشـی کـە داڕێـژەری ئـەو پلانانـەن دژی کوردسـتان کـە ئـەم پشـتیوانی و یەکڕیزییـە لـە پشـت حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە دەبینـن، چـاو بـە پلانەکانـی خۆیانـدا بخشـێننەوە، ئەمـەش مەبەسـتی سـەرەکی و دیـدو تێڕوانینـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووە. لێـرەدا جێگـەی خۆیەتـی جارێکـی دیکـە ئامـاژە بـەوە بکەمـەوە کـە دروشـمی سـەرەکیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتان، کوردسـتانێکی بەهێـز و حکومەتێکـی بەهێـز بـووە، بۆیـە ئێمـە کـە ئـەم دروشـمەمان بەرزکردۆتـەوە، دەشـزانین ئـەم بەهێزییـە لـە کوێـوە سـەرچاوە دەگرێـت، کـە بێگومـان لـە پێکـەوە کارکـردن و یەکڕیزیـی لایەنـە سیاسـییەکان و هەماهەنگـی و بەشـداریی کـۆی پێکهاتەکانـی کوردسـتان دروسـت دەبێـت.

*** لـە سـەرەتای کۆبوونەوەکانـی پارتـی و یەکێتـی بـۆ گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن، یەکێتـی چەنـد دۆسـیەیەکی وەك (پێکهێنانـی حکومەتـی کوردستان، کێشـەی کەرکـوك و حکومەتـی عێراق)ی پێکـەوە گرێدابـوو، ئایـا ئەمجـارە لەسـەر ئـەم کێشـانە هەمـووی ڕێککەوتـوون؟**

- ئێمـە هـەر لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی کۆبوونەوەکانمـان لەگـەڵ برادەرانـی یەکێتـی ڕاشـکاوانە ئەوەمـان خسـتەڕوو کـە پێکـەوە گرێدانـەوەی ئـەم کێشـانە هەمـووی پێکـەوە، کێشـەکان نـەك هـەر چارەسـەر نـاکات، بەڵکـو ئاڵۆزیـی زیاتـر دروسـت دەکات، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە چارەسـەری هـەر یەکێـك لـەم کێشـانە هەلومەرجـی تایبەتـی خـۆی پێویسـتە، دیـارە لـە سـەرەتا لەسـەر ئـەم پرسـە نەگەیشـتینە ئـەو ڕێککەوتنـەی کـە لـە یەکتریـان جیـا بکەینـەوە، بەڵام لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەکانمان هـەردوولا گەیشـتینە ئـەو قەناعەتـەی کـە هـەر یەکەیـان بـە شـێوازی جیـاواز چارەسـەر بکەیـن و بـە کردەییـش چارەسـەریان بـۆ دیاریکـرا.

*** ئایـا دوای ڕیککەوتنـی پارتـی و یەکێتـی، کاراکردنـەوەی یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم و هەڵبژاردنـی سـەرۆکی هەریـم لـە پەرلەمانـەوە و پرۆسـەی پێکهێنانی کابینـەی نوێ خێراتر دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئـەو کارانـەی پەرلەمانی کوردستان دەسـتی پێکـردووە و ئـەو ڕێـکارە یاسـاییانەی کـە پێویسـتن بگیرێنەبـەر، بـۆ ئەوەیـە بگەنـە کۆتایـی و کابینـەی تـازەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان

**چاوەڕێ دەکرێت، هەندێک پێشهاتی تازە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە بێنە پێشەوە و ئەمەش پێویستی بەوەیە کە ئێمە ئامادەکاریەک بۆ قۆناخی داهاتوو بکەین**

**لە ئێستادا هەر سێ لایەنی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) هاریکارن بۆ دروستکردنی حکومەت، بەڵام ئەگەر لایەنێکی دیکەش ئامادەباشی هەبوایە ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێدەکرد**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەرگای هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی کوردستانی داوە کە کورسیی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی بەشداری لە حکوومەتدا بکەن**

**جووڵانەوەی نەوەی نوێ نەک هەر پێشوەختە ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە بەشداری حکومەت نابن و دەبنە ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو لە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن ڕایانگەیاند کە بەشداری لە پەرلەمانی کوردستانیشدا ناکەن**

پێکبهێنرێت. سەرەتا بەپێی یاسا دەبێت، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کارا بکرێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت و دوای ئەوە پەرلەمان ناوی کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان بکات، کە بەڕێز مسرور بارزانی-یە و بەرزی بکاتەوە بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەکەی لەو ماوەیەی کە بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە رابسپێرێت، بەم شێوەیە پرۆسەکە بەردەوام دەبێت، بێگومانیش دوای گەیشتنی پارتی و یەکێتی بە رێککەوتن پرۆسەکە خێراتر دەبێت و ئاستەنگەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەت قورس نابن.

*** بەڵام بەپێی ئەوەی لەناو خەڵك باسی لێوەدەکرێت، هەندێك ئاماژە بەوە دەکەن، رێککەوتنی پارتی لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی، بۆتە هۆکاری ئەوەی پارتی لەناو حکومەتدا کەمینە بێت، ئایا بە کردەیی بەو ئاستە سازشتان کردووە کە پارتی لەناو حکومەتدا کەمینە بێت؟**

- پارتی لەناو حکومەت نەبۆتە کەمینە، بەڵکو هەوڵمانداوە کەشوهەوایەکی ئەوتۆ دروست بێت کە هەموو بتوانین پێکەوە کاربکەین و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکەین، ئەوجا ئەگەر لە پێناوی دروستکردنی ئەم کەشوهەوا تەندروستەدا لە هەندێك شوێندا پارتی زیانی پێکەوتبێت، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمە بە زیان نازانێت، بەڵکو وەك سەرکەوتنێك بۆ خەڵکی کوردستان لە قەڵەمی دەدات کە توانراوە هەموو پێکەوە حکومەت دروست بکەین. راستە لە ئێستادا هەر سێ لایەنی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) هاریکارن بۆ دروستکردنی حکومەت، بەڵام ئەگەر لایەنێکی دیکەش ئامادەباشی هەبوایە ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێدەکرد، لێتان ناشارینەوە شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەرگای هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی کوردستانی داوە کە کورسیی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی بەشداری لە حکوومەتدا بکەن، هەر بۆ نموونە ئێمە لە دەرگای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانمان داوە، بەڵام ئەوان خۆیان پێشتر رایانگەیاندووە کە بەشداری حکومەت ناکەن و ئۆپۆزسیۆن دەبن، لە دەرگای کۆمەڵی ئیسلامیمان داوە، بەڵام تا ئێستا وەڵامێکی روون و ئاشکرایان نەداوەتەوەو نازانین ئایا لە رۆژانی داهاتوو وەڵامێکی راشکاوانەمان دەدەنەوە یان نە.

*** بەڵام جیا لەو دوو حزبە، فراکسیۆنی دیکەش لە پەرلەماندا هەن، هەر بۆ نموونە فراکسیۆنی نەوەی نوێ کە خاوەنی هەشت کورسین، بەڵام ئاماژەتان پێ نەکرد، ئایا لەگەڵ ئەوانیش قسەتان کردووە؟**

- جووڵانەوەی نەوەی نوێ نەك هەر پێشوەختە ئەوەیان راگەیاندووە کە بەشداری حکومەت نابن و دەبنە ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو لە دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن رایانگەیاند کە بەشداری لە پەرلەمانی کوردستانیشدا ناکەن، بۆیە ئەگەر ئەوانیش ئامادەباشی ئەوەیان پیشان بدایە کە بەشداریی حکومەت دەکەن، بێگومان لەگەڵ ئەوانیش قسەمان دەکرد، لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هیچ حزب و گرووپ و لایەنێکی سیاسی لە کوردستاندا کێشەی نییە.

*** ئەم رێککەوتنەی ئەمجارەی نێوان پارتی و یەکێتی، یەکەمین رێککەوتن نییە، ماوەیەك پێش ئێستا دیسان رێککەوتنتان ئیمزا کرد، بەڵام پاشان دەرکەوت یەکێتی لە سەری یەکدەنگ نەبوو، ئایا پێتوایە ئەمجارە یەکێتی بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنە یەکدەنگ بن هەتا هەوڵەکان بکرێنە یەك بۆ ئەوەی لە کاتێکی کەمدا حکومەت پێکبهێنرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە ئەم رێککەوتنانە ببنە بنەمایەك بۆ جێبەجێکردن و بنەمایەك بۆ پێکهێنانی خێرای کابینەی نوێ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەرێمی کوردستان پێویستیی بەوەیە لە ماوەیەکی کورتدا کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت، بۆ ئەوەی جیا لەوەی دەست بەکار بێت بۆ داواکارییەکانی خەڵك لە کوردستان لە هەمانکاتدا کۆمەڵێك کێشە لە نێوان هەرێم و بەغدا هەن پێویستیان بەوە هەیە کە کابینەی نوێ لەگەڵ بەغدا ئەو کێشانە چارەسەر بکات، سەبارەت بە یەکدەنگیی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەسەر ئەم رێککەوتنە، ئەوەی ئێمە زانیومانە

**لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا و بەتایبەتی لەناو لایەنە سوننە و شیعەکاندا جووڵەیەک هەستی پێدەکرێت و بەوجۆرە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە لە پشت ئەم جووڵەیەوە و لە پشتی پەردەوە شتێک هەبێت، یان پرۆژەیەک هەبێت کە لە رۆژانی داهاتوو دەربکەوێت، ئەوجا ئەم پرۆژەیە و ئەم جووڵەیە چەند لە بەرژەوەندی و چەند لە دژی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدیە، هێشتا زۆر روون نییە**

**پاش ئەوەی حەیدەر عەبادی لە ٢٠١٤ بووە سەرۆک وەزیران لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا نوری مالیکی هەموو هەوڵی خۆی خستە کار بۆ ئەوەی شکست بە حەیدەر عەبادی بهێنێت، هەربۆیە لەوانەیە ئێستاش هەمان بیرکردنەوە لەلایەن حەیدەر عەبادی و لایەنگرانیەوە هەبێت بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە سەرکەوتوو نەبێت**

**ئەو سیاسەتمەدارانەی کە دەتوانن خوێندنەوەی تەندروست و زانستییانە بۆ کێشەکانی کوردستان بکەن، ئەوانەن کە لەکاتی شۆڕشەکانی کوردستاندا راستەوخۆ لەگەڵ کوردستانییەکان ژیابن، بۆیە باشتر لە بارودۆخی کوردستان تێدەگەن و دەزانن ئەو کێشانەی نێوان کوردستان و بەغدا کێشەی دیرۆکین و گەلی کوردستان سازشیان لەسەر ناکات و لە پێناویدا هەزاران قوربانییان داوە**

ئەوەیە کە یەکێتی لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە یەکدەنگ دەبن.

*** ئاماژەت بەوە کرد بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، پێویستمان بەوەیە کە هەموومان پشتیوانی لە حکومەتی کوردستان بکەین و پەیوەندییەکی پتەویشمان لەگەڵ حکومەتی بەغدا هەبێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ژینگەی سیاسی بەو ئاستە لەبارە کە بتوانرێت کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر بکرێن؟**

- ئەگەر سەیری پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بکەین، هەموو لایەك دەزانن لەناو ئەو پرۆسەیەدا بۆ پێکهێنانی حکومەت، کۆمەڵێك هێنان و بردنی زۆر و ڕازیبوون و ناڕازیبوون و پێکەوەکارکردن و دژی پێکەوەکارکردن لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا بوونی هەبووە، بۆیە وەك تەوافوقێك بڕیار درا بەڕێز د.عادل عەبدولمەهدی بۆ کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هەڵبژێردرێت، بەڵام بەشی زۆری فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی عێراق هەر یەکەیان بەرنامە و دۆسیێی حزبی خۆی هەیە و جێبەجێی دەکات، بۆیە لەوانەیە زوو زوو گرفت بۆ کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهەدی دروست بکەن، لەم پرۆسەیەدا لەوانەیە لایەنە کوردستانییەکان لە هەموو لایەك باشتر پشتگیری لێ بکەن، بەڵام پشتگیریی لایەنە کوردستانییەکان بەتەنیا بەس نییە، لەم ڕاستەوە ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا و بەتایبەتی لەناو لایەنە سوننە و شیعەکاندا جووڵەیەك هەستی پێدەکرێت و بەوجۆرە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە لە پشت ئەم جووڵەیەوە و لە پشتی پەردەوە شتێك هەبێت، یان پرۆژەیەك هەبێت کە لە ڕۆژانی داهاتوو دەربکەوێت، ئەوجا ئەم پرۆژەیە و ئەم جووڵەیە چەند لە بەرژەوەندی و چەند لە دژی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدیە، هێشتا زۆر ڕوون نییە.

*** بە واتایەکی دی، واتە ئەم قسەیەت ئەو مانایەش ناگەیەنیت کە هەوڵێك هەبێت بۆ شکستپێهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی؟**

- من مەزندەی ئەوە دەکەم کە بەشێکیان بەڵێ هەوڵی دژایەتیکردنی کابینەکەی د.عادل عەبدلمەهدی دەدەن، بەشێکی دیکەشیان هەتا ئێستا لە ئەدای کابینەکە ڕازی نین، هەرچەندە هێشتا زووە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای کابینەکە بکرێت، بەتایبەتی کە هەتا ئێستا نەیانهێشتووە کابینەکە بە تەواوەتی پێکبهێنرێت، بۆیە ئەوانەی کە دەیانەوێت بەم چەند مانگە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای حکومەت بکەن، لەوانەیە لە هەڵوێست وەرگرتن تووشی هەڵە بن، بەهەر حاڵ لە هەموو بارێکدا هەست بە جووڵەیەکی نەرێنی بەرامبەر پرۆسەی سیاسی و کابینەی ئێستای حکومەتی عێراق دەکرێت.

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم هەوڵانە بۆ ئەوە بێت جارێکی دیکە حەیدەر عەبادی بگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆی سیاسەت؟**

- ئەم هەوڵانە هەر بوونیان هەبووە، ئەگەر لە یادتان بێت، پاش ئەوەی حەیدەر عەبادی لە ٢٠١٤ بووە سەرۆك وەزیران لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا نوری مالیکی هەموو هەوڵی خۆی خستە کار بۆ ئەوەی شکست بە حەیدەر عەبادی بهێنێت، هەربۆیە لەوانەیە ئێستاش هەمان بیرکردنەوە لەلایەن حەیدەر عەبادی و لایەنگرانیەوە هەبێت بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە سەرکەوتوو نەبێت و هیوایەکیان هەبێت بۆ ئەوەی عەبادی بگەڕێتەوە، بەڵام مەزندە ناکەم ئەم هەوڵانە پشتیوانییەکی ئەوتۆی لەلایەن هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە (کورد و شیعە و سوننە)ەوە هەبێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەویش هەوڵی خۆی هەر دەدات.

*** ئایا مەزندەی ئەوە ناکرێت لایەنی کوردیش هەبێت کە پشتگیری ئەو هەوڵانە بکات بۆ گەڕانەوەی عەبادی؟**

- ئەگەر هەشبێت دەستنیشانکراو نییە، بەڵام ئەوەی هەستی پێ دەکرێت لەناو کوردستانیش لایەن هەن کە هەوڵیانداوە کابینەی حکومەتی عێراق زوو پێکنەیەت و کێشەی بۆ دروست بکەن، ئەو لایانانە کاتێك لەگەڵ بەغدا ڕێکدەکەوێن، دەڵێن بۆ ڕێککەوتوون؟ کاتێك ڕێکناکەوین، دەڵێن بۆ ڕێکناکەون؟ بۆیە ئەم دەنگانە لێرەو لەوێ هەن و پێدەچێت بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دژی ڕێگە ڕاستەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی دژ بگرنە بەر و پشتیوانی ئەو لایەنە بکەن کە دەیەوێت ئاستەنگ بۆ حکومەتی ئێستای عێراق دروست بکەن.

*** هەر لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا دوای**

**د.عادل عەبدولمەهدی یەکێکە لەو کەسایەتییە سیاسییانەی کە تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ شۆڕش و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان هەیە، ئەم تێکەڵاوییەی هێزێکی پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەی کوردستان و بەغدا بکات**

**سەبارەت بەوەی پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکی دابێت، ئێمە تا ئێستا هیچ بڕیارێکمان نەداوە، بەوەی بایکۆتی دەکەین، یان بەشداری دەکەین**

**لە هەموو حاڵەتێکدا بارودۆخی کەرکووک پێویستی بە ئاساییکردنەوە هەیە و دەبێت خەڵکەکەی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و دامودەزگاکانی ئاسایش بدرێتەوە دەست خەڵکەکەی و کۆتایی بەم عەسکەرتاریەتەی ئێستا بهێنرێت**

**کەرکووک وەک شارێک کە مۆزائیکی نەتەوەیی و ئایینی تێدایە، پێویستە دانیشتووانی بتوانن بە ئازادی بەشداری هەڵبژاردن بکەن و دەنگی خۆیان بدەن، بۆیە گرنگە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی بەغدا هەوڵ بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو شارە بدەین**

**ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی، هەڵوێستی پارتی بەرامبەر بەرهەم ساڵح گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟**

- لەگەڵ برادەرانی یەکێتی ئەم بابەتە باسکراوە و براندوومانەتەوە، بەهەر حاڵ ئەو ئێستا سەرۆک کۆمارە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو هەوڵانەن کە ئێستا هەن و هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن زیاتر لێک نزیک ببینەوە و بارودۆخەکان ئاسایی بکرێنەوە، بۆیە مەزندە دەکەم لە چوارچێوەی کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی تازە، ئەو کێشەیەش چارەسەر بکرێت.

*** سەرۆک بارزانی لەو وتارەی لە کردنەوەی پێشانگای کتێب پێشکەشی کرد، ئاماژەی بەوە کرد، قۆناخی سەرۆک وەزیرانی عادل عەبدولمەهدی قۆناخێکی نوێیە، ئایا مەبەستی ئەوەیە کە لەگەڵ عەبدولمەهدی دەتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن؟**

- من جارێکی دیکە ئەم گوتووە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر مەبەست لە تێگەیشتنی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی بێت بەرامبەر کێشەکانی کوردستان و بەغدا، ئەوا دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم، ئەو سیاسەتمەدارانەی کە دەتوانن خوێندنەوەی تەندروست و زانستییانە بۆ کێشەکانی کوردستان بکەن، ئەوانەن کە لەکاتی شۆڕشەکانی کوردستاندا ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردستانییەکان ژیابن، بۆیە باشتر لە بارودۆخی کوردستان تێدەگەن و دەزانن ئەو کێشانەی نێوان کوردستان و بەغدا کێشەی دیرۆکین و گەلی کوردستان سازشیان لەسەر ناکات و لە پێناویدا هەزاران قوربانییان داوە، بەڵام ئەوانەی ئەم باکگراوەندەیان نەبێت، ناتوانن خوێندنەوەیەکی تەندروست و زانستییانە بۆ بارودۆخی کوردستان بکەن. لەم چوارچێوەیەدا د.عادل عەبدولمەهدی یەکێکە لەو کەسایەتییە سیاسییانەی کە تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ شۆڕش و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان هەیە، ئەم تێکەڵاوییەی هێزێکی پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەی کوردستان و بەغدا بکات، ئەم شێوازی مامەڵەکردنە ڕاست و تەندروستە، بۆیە ئێمە چاوەڕێی هەنگاوی دیکە و باشتری لێ دەکەین کە جیاواز لە سەرۆک وەزیرانەکەی پێش خۆی ڕەفتار بکات.

*** لەدوای نوقمبوونی بەختەکەی مانگی ڕابردوو لە یەکێک لە سەیرانگاکانی موسڵ، هەست دەکرێت کێشەکانی موسڵ بە جۆرێک تەقیونەتەوە کە خەریکە دەبێتە کێشە بۆ هەموو عێراق، ئایا کێشە کەڵەکەبووەکانی موسڵ چین و چ کاریگەرییەکیان لەسەر کوردستان هەیە؟**

- پێش هەموو شت هەر شێوازی گرتنەوەی موسڵ و پاشانیش ئیدارەدانی ئەو پارێزگایە هەر لەسەرەتاوە گرفتی هەبوو، لە زۆر بۆنەدا سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە و دەیگوت: دەبێت ئێمە لەسەر چەند ئاستێک کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ بکەین وەک خۆئامادەکردنێکی تەواو، پاشان هەوڵدان بۆ گرتنەوەی موسڵ، دامەزراندنی ئیدارەیەک بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاستێکی زۆر باشی خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێت، ئەم پێشبینییەی سەرۆک بارزانی زۆر لە جێگەی خۆیدا بوو، چونکە ئیدارەدانی بارودۆخی موسڵ لە دوای گرتنەوەی موسڵ، لەهەموو پرسێکی دیکە گرنگتر بوو، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک بوو، یەکەم پارێزگای نەینەوا هەم لە ڕووی جوگرافییەوە پارێزگایەکی زۆر بەرفراوانە، هەم لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانیشەوە مۆزائیکێکی تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە خۆی دەگرێت، هەروەها ئەم پارێزگایە کۆمەڵێک هەستیاریی زۆر گرنگی تێدایە، لەبەر ئەوەی دەستێکی زۆری تیرۆریستانی داعش لەوێ بوونی هەیە، ئەمەش وایکردووە ئەو دامودەزگایانەی لەو شارەن زۆر بە ئاسانی بکەونە بەر ڕەخنەی توندی خەڵک، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەیان نییە، یان هەندێک خۆیان نایانەوێت هاریکاری بکەن بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەو کاولکارییەی لەو شارەدا ڕوویداوە دووبارە بونیاد بنرێتەوە، مانەوەی ئەم ژێرخانە کاولکراوەش کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەتی خەڵکەکە هەیە، بۆیە گرنگە بۆ ئیدارەدانی موسڵ بەرنامەیەکی گشتگیری هەمەلایەنە هەبێت. بۆیە دەبێت حکومەتی عێراق هەوڵی دانانی ئەم بەرنامەیە بدات، دڵنیام حکومەتی هەرێمی کوردستانیش چەند لەتوانایدا بێت، پشتگیری دەکات، هەروەک چۆن لەکاتی کارەساتی نوقمبوونی بەختەکەی ئەم دواییە سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی هەموو هاریکارییەکیان پێشکەشی خەڵکی موسڵ کرد. ئەم بەرنامە گشتگیرە دەبێت زۆر بە وردی و

**لەو بڕوایەدا نیم ئەو لایەنانەی لە کەرکووک بوونیان هەیە، کێشەیان نەبێت، هەتا ئەگەر لە ڕاگەیاندنەکانیش زۆر ڕاشکاوانە باسی کێشەکانی خۆیان لەناو کەرکووک نەکەن، ئەو لایەنانە باش دەزانن کە ناتوانن سەربەستانە چالاکیی سیاسیی خۆیان ئەنجام بدەن**

**مانەوەی بارودۆخی نائاسایی ئێستای کەرکووک لە بەرژەوەندیی هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینیی ناو کەرکووک نییە و بە دڵنیاییشەوە لە بەرژەوەندیی حکومەتی عێراقیشدا نییە، مانەوەشی لەو دۆخەدا گرفتی زیاتر دروست دەکات**

**هەردوولامان (پارتی و یەکێتی) لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین دوای پێکهێنانی حکومەت، شاندێکی حکوومی کە نوێنەری هەردوولا لەخۆ گرتبێت، لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ حکومەتی عێراق وتووێژ دەست پێ بکەین، ئەمەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە دەمانویست پەلە لە پێکهێنانی حکومەت بکەین بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکەین**

**پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە پشتیوانیی حکومەتی داهاتوو بەڕێز مسرور بارزانی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی و ئەو ستافەی لەگەڵێن بەرنامەی خۆیان جێبەجێ بکەن**

**کاک نێچیرڤان بارزانی جیا لەوەی ئەزموونێکی گەورەی حوکمڕانی و پەیوەندییەکی زۆر و بەرفراوانی هەیە، لە هەمانکاتدا بەشێک لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەوێتە سەر شانی هەتا چارەسەریان بکات**

**ئێستا جۆرێک لە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی بودجە سەبارەت بە پشکی کوردستان هەیە، بەڵام جووڵەیەک هەیە، لەوانەیە ئەو جووڵەیە نەرێنی بێت و دژی ئەوە هەوڵانە بێت کە ویستوویانە جۆرێک لە سەقامگیری دروست بکەن**

**چەندین پۆست هەبوون شایستەی هەڵبژاردنی کوردستان بوون، بەڵام بە هۆی بارودۆخێکەوە ئەو خەڵکانە لابراون و خەڵکی دیکەیان لە شوێن دانراون. ئێستا دەبێت ئەو پۆستانە بۆ کورد بگەڕێنەوە، لەبەر ئەوەی گرنگە کورد بەشدارییەکی کارای لە کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا هەبێت**

ڕێکوپێکی جێبەجێ بکرێت و دەبێت لە دوو ئاستدا بونیادنانەوە لە خۆی بگرێت، یەکەمیان لەسەر ئاستی بونیادنانەوە و ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووریی ئەو پارێزگایە، دووەم لەسەر ئاستی دووبارە بونیادنانەوەی سایکۆلۆژیەتی ئەو خەڵکە و چارەسەرکردنی، ئەم دوولایەنە زۆر گرنگە و مانەوەی کێشەی موسڵ بەمجۆرە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە جیا لەوەی کە ڕێژەیەکی زۆری کورد لەو پارێزگایە هەن، لە هەمانکاتدا موسڵ لەگەڵ هەولێر و دهۆك سنوورێکی بەرفراوان و چەندین بەرژەوەندیی هاوبەشیشی هەیە.

*** خاڵێکی دیکە کە لەم دەرفەتەدا دەخوازین هەڵوەستەی لەسەر بکەین، پرسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقە، ئەوەی گوێمان لێ بووە ئەوەیە کە دەڵێن، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمجارەش بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك دەکات، ئایا ئەم بڕیارەتان داوە؟**

- پرسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان پرسێکی یاسایە، سەبارەت بەوەی پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکی دابێت، ئێمە تا ئێستا هیچ بڕیارێکمان نەداوە، بەوەی بایکۆتی دەکەین، یان بەشداری دەکەین، ئەم بابەتە ئێستا لەناو پەرلەمانی عێراق گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەوەی ئایا لە مانگی ١١ی ٢٠١٩ ئەنجام دەرێت، یان لەمانگی ٤ی ٢٠٢٠، ئێستا نازانرێت، هەر کاتێك ئەو بڕیارە درا، ئێمە هەڵوێستی خۆمان دەبێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بارودۆخی کەرکووك پێویستی بە ئاساییکردنەوە هەیە و دەبێت خەڵکەکەی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و دامودەزگاکانی ئاسایش بدرێتەوە دەست خەڵکەکەی و کۆتایی بەم عەسکەرتاریەتەی ئێستا بهێنرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کەرکووك وەك شارێك کە مۆزائیکی نەتەوەیی و ئایینی تێدایە، پێویستە دانیشتووانی بتوانن بە ئازادی بەشداری هەڵبژاردن بکەن و دەنگی خۆیان بدەن، بۆیە گرنگە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی بەغدا هەوڵ بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو شارە بدەین.

*** ئەم بۆچوونەی کە پێداگری لەسەر ئاساییکردنەوەی کەرکووك دەکات، زیاتر بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەگەرنا لایەنەکانی دیکە لە کەرکووك بوونیان هەیە؟**

- لەو بڕوایەدا نیم ئەو لایەنانەی لە کەرکووك بوونیان هەیە، کێشەیان نەبێت، هەتا ئەگەر لە ڕاگەیاندنەکانیش زۆر ڕاشکاوانە باشی کێشەکانی خۆیان لەناو کەرکووك نەکەن، ئەو لایەنانە باش دەزانن کە ناتوانن سەربەستانە چالاکیی سیاسیی خۆیان ئەنجام بدەن و ئەمەش بە ڕوون و ئاشکرایی بوونی هەیە. بۆیە ئێمە ئامادەین لەگەڵ هەموو لایەنەکان و حکومەتی عێراقیش هەماهەنگی بکەین بۆ ئەوەی بارودۆخی کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە.

*** ئایا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەخشەڕێگەی هاوبەشتان هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك و بۆ ئەوەی پێکەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن؟**

- مانەوەی بارودۆخی نائاسایی ئێستای کەرکووك لە بەرژەوەندیی هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینیی ناو کەرکووك نییە و بە دڵنیاییشەوە لە بەرژەوەندیی حکومەتی عێراقیشدا نییە، مانەوەشی لەو دۆخەدا گرفتی زیاتر دروست دەکات، بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستی بە گفتوگۆی هەیە، بۆ ئەمەش پێویستە لیژنەی پەیوەست بە ڕەهەندەکانی ئەم کێشەیە دروست بکەین و ئەم لیژنانە واقیعەکە لەگەڵ بەغدا تاوتوێ بکەن، بۆ ئەوەی بگەنە قەناعەتێك چۆن بارودۆخی کەرکووك چارەسەر دەکرێت. لەسەر ئەم پرسە هەردوولامان (پارتی و یەکێتی) لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین دوای پێکهێنانی حکومەت، شاندێکی حکوومی کە نوێنەری هەردوولای لەخۆی گرتبێت، لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ حکومەتی عێراق وتووێژ دەست پێ بکەین، ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە دەمانویست پەلە لە پێکهێنانی حکومەت بکەین بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکەین.

*** هەر لەسەر مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکان، ئێستا خەڵك بە ئومێدەوە سەیری ئەم حکومەتە دەکات، ئایا ئامادەباشی پارتی بۆ پشتیوانیی ئەم حکومەتە چۆن دەبێت؟**

- لە پرسیارەکانی پێشتریشدا هەڵوەستەم لەسەر ئەوە کرد، قۆناخی ئێستامان هەستیارە، لەمەش

زیاتر ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن و بەتایبەتی ڕووداوەکانی عێراق و ئەوانەشی دەوڵەتانی دیکە لە دوورەوە دروستی دەکەن، وایانکردووە کە زیاتر هەست بە هەستیاریی ئەم قۆناخە بکەین، هەر ئەم بارودۆخە هەستیارەشە فەرزی دەکات لەسەرمان چەندی دەکرێت یەکگرتوو بین و پێکەوە کاربکەین و حکومەتێکی بەهێز دروست بکەین. بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە پشتیوانیی حکومەتی داهاتوو بەڕێز مسرور بارزانی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی و ئەو ستاڤەی لەگەڵین بەرنامەی خۆیان جێبەجێ بکەن. هەروەها بۆچوونی من بەو جۆرەیە کە بوونی کاك نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاڵپشتییەکی گەورە دەبێت بۆ حکومەتی نوێ، بەتایبەتی کە کاك نێچیرڤان بارزانی جیا لەوەی ئەزموونێکی گەورەی حوکمڕانی و پەیوەندییەکی زۆر و بەرفراوانی هەیە، لە هەمانکاتدا بەشێك لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەوێتە سەر شانی هەتا چارەسەریان بکات، خۆیشی بەو کاریزما و خۆشەویستییەی کە هەیەتی دەبێتە پاڵپشتییەکی گەورە بۆ سەرکەوتنی ئەم حکومەتە.

*** ئەی سەبارەت بە گوزەرانی خەڵك، دیارە ئێستا بە هۆی نەمانی پاشەکەوتی مووچە خەڵك بە ئومێدەوە سەیری ئاییندە دەکات. ئایا تاچەند پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵەکانی زیاتر دەکات بۆ ئەوەی ئەم ئومیدە بپارێزێت؟**

- یەکێك لەو هۆکارانەی ئاماژەم پێکرد بۆ هەستیاریی بارودۆخەکە، مەسەلەی ژیان و گوزەرانی خەڵکە و پرسی ئابوورییە، ئێستا جۆرێك لە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی بودجە سەبارەت بە پشکی کوردستان هەیە، ئەوجا هەستیاریەکە لەوەدایە وەك پێشتر ووتم جوولەیەك هەیە، لەوانەیە ئەو جوولەیە نەرێنی بێت و دژی ئەوە هەولانە بێت کە ویستوویانە جۆرێك لە سەقامگیری دروست بکەن، بۆیە ئەگەر ئەو جوولەیە کاریگەری لەسەر ئەو سەقامگیرییە هەبێت، کێشەکان زیاد دەبن، بەڵام ئێمە دەمانەوێت ئەو کێشانەی کە ماویشن، ئەوانیش چارەسەر بکەین، ئەمەش پێویستی بە حکومەتێکی بەهێزە، لەو کیشانەی کە ماون، مەسەلەی نەوت و گازە، مەسەلەی پێشمەرگە و مەسەلەی جێەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و مەسەلەی پشکی کوردە لە پۆستەکانی بەغدا. خۆتان دەزانن چەندین پۆست هەبوون شایستەی هەڵبژاردنی کوردستان بوون، بەڵام بە هۆی بارودۆخێکەوە ئەو خەڵکانە لابراون و خەڵکی دیکەیان لە شوێن دانراون. ئێستا دەبێت ئەو پۆستانە بۆ کورد بگەڕێنەوە، لەبەر ئەوەی گرنگە کورد بەشدارییەکی کارای لە کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا هەبێت.

*** پرسێکی دیکەی گرنگ کە ئێستا زۆر باسی لێوە دەکرێت، مەسەلەی سەرهەڵدانەوەی داعشە، ئایا ئەم پرسە تاچەند جێگەی مەترسییە؟**

- لە ڕاستیدا داعش چەند هەزار چەکدارێك، یان تەنیا گرووپێکی چەکدار نین، بەڵکو لە بنەڕەتدا داعش فیکرە، لە ئێستا ڕاستە لەسەر زەوی چەکدارەکان لێك جیاکراوانەتەوە یان لە شوێنەکانی پێشتریان هەڵکەنراون، بەڵام لە زۆر شوێنی دیکە لە ناو سووریا و لە عێراقیشدا وەك چەکدار دەبینرێن و ڕۆڵیان هەیە و چالاکیی تیرۆریستانە ئەنجام دەدەن، بەڵام لەمە مەترسیدارتر مەسەلەی فیکری داعشە کە ڕۆچۆتە ناو بەشێك لە پێکهاتەیەکی ئایینی عێراقەوە، ئەمەش بەردەوام شتی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر بارودۆخێکی لەباری هاوشێوەی ٢٠١٤ جارێکی دیکە بۆ فیکری داعش هەڵبکەوێتەوە، ئەوا بە ئاسانی داعش دووبارە سەرهەڵدەداتەوە و ئەمجارەیان توندتر و دڕندانەتریش دەبێت، بەداخەوە خەریکە جۆرێك هاوسۆزی لەگەڵ فیکری داعش دروست دەبێت، ئەم هاوسۆزییەش لەگەڵ فیکرێکی وەك داعش زۆر خراپە و بێجگە لە توندڕەوی کوشتن و لێدانی کەرامەتی مرۆڤایەتی هیچ شتێکی دیکەی پێ نییە، بۆیە تەنیا لە ڕوانگەی ئەوەوە کە داعش ئیسلامە، هاوسۆزی بۆ پەیدا بکرێت، کارێکی زۆر هەڵە و مەترسیدارە لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان، بۆیە دەبێت چۆن لەسەر ئاستی سەربازی دژایەتی داعش کرا، لەسەر ئاستی فیکریش دژایەتی ئەو فیکرە توندڕەوەی داعش بکرێت، ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئاکامەکەی زۆر خراپ دەبێت.

**ئەگەر بارودۆخێکی لەباری هاوشێوەی ٢٠١٤ جارێکی دیکە بۆ فیکری داعش هەڵبکەوێتەوە، ئەوا بە ئاسانی داعش دووبارە سەرهەڵدەداتەوە و ئەمجارەیان توندتر و دڕندانەتریش دەبێت**

**دەبێت چۆن لەسەر ئاستی سەربازی دژایەتی داعش کرا، لەسەر ئاستی فیکریش دژایەتی ئەو فیکرە توندڕەوەی داعش بکرێت، ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئاکامەکەی زۆر خراپ دەبێت**

**خەریکە جۆرێک هاوسۆزی لەگەڵ فیکری داعش دروست دەبێت، ئەم هاوسۆزییەش لەگەڵ فیکرێکی وەک داعش زۆر خراپە و بێجگە لە توندڕەوی کوشتن و لێدانی کەرامەتی مرۆڤایەتی هیچ شتێکی دیکەی پێ نییە**



بژار خالید

سەرۆکی لێژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم بۆشاییەکی گەورەی یاسایی پڕدەکاتەوە

# فراکسیۆنی پارتی هێندەی پەرۆشی یەکڕیزی و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانە هێندە بیر لە زۆرینە و کەمینە ناکاتەوە

**خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی دیکەیە بەرەو پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەنگاوە مشتومڕی بە دوای خۆیدا هێنا، بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە کاری پەرلەمان و بە لیژنەی یاسایی پەرلەمان بەتایبەتی، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەی بژار خالید سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کرد.**

*** چەند هەفتەیەکە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەست بەکاربووە و چەندین پرۆژە یاسای جیاوازی لە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانەوە بەدەست گەیشتووە، بەڵام وەك کۆبوونەوەی پەرلەمان بینمان ئێوە تەنیا ڕەزامەندیتان لەسەر هەمووارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پیشانداوە کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە و ئەوانی دیکەتان ڕەتکردۆتەوە، ئایا بۆچی تەنیا یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمتان پەسەند کردووە و کەموکورتی یاساکانی دیکە چی بوون؟**

- نەخێر، پرۆژە یاساکانی دیکەمان ڕەتنەکردۆتەوە، ئەوەی لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی فراکسیۆنی کۆمەڵ و یەکگرتوو باس کرا، دوور بوون لە ڕاستی، ئەو قسە و گوتانەی ئەو دوو فراکسیۆنە ئاماژەیان پێ دا، هیچ بنەمایەکی دروست و یاسایی نییە. چونکە منیش لەگەڵ ئەوەدا بووم کە لە پێنج پرۆژە یاساکەی یەکگرتوو و کۆمەڵ و نەوەی نوێ دوویان لەگەڵ پرۆژە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان تێپەڕێنین. بەڵام لەو پێنج پرۆژە یاسایەی کە کۆمەڵ و یەکگرتوو و نەوەی نوێ هەیانبوو، سێ لە پرۆژە یاساکانیان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یاسایی نەبوون و

**راستە ئێمە پەرلەمانتارین و لە پەرلەمان یاسا دەردەکەین، بەڵام کاری ئێمە ئەوە نییە کە کاری حکومەت بە زۆرەملێ بکەین و یاسایەک دەربکەین و پەسەندی بکەین کە حکومەت بڵێت لە تواناو دەسەڵاتمدا نییە ئەو یاسایە جێبەجێ بکەم**

**ماددەی ٧٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەڵێت: (ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە پێشکەش دەکرێت نابێت بارگرانی دارایی بۆ حکومەت دروست بکات)**

**چەند ساڵێک لەمەوبەر پارتی داوای کرد تەنیا دوو ڕۆژ دانیشتنی پەرلەمان دوابخرێت، یەکێتی و گۆڕان دانیشتنەکەیان دوانەخست، کەچی لەم خولەدا پارتی دەتوانێت بە ئاسانی نیسابی یاسایی تەواو بکات، بەڵام لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو داوایان لە پارتی کرد دانیشتنی پەرلەمان دوابخات، دانیشتنەکەش دواخرا**

**لە هەموارکردنەوەی پڕۆژە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ١٢-١٣ فراکسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان واژوویان لەسەر کردووە بەتێکرایی ٦٨ ئەندام پەرلەمانن**

مەرجی ئەوەیان نەبوو تێپەڕێنرێن و ڕەوانەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکرێت بۆ خوێندنەوە و کار و بەرنامەی پەرلەمان و ئەمەش لە دەسەڵاتی مندایە، بێگومان کە سەیری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، لە ماددەی ٧٩ دا- ئەوا چوار پێوەر هەیە کە دەبێت ئەو پڕۆژە یاسایانەی پێشنیار کراون لەگەڵیاندا بگونجێت، تاوەکو ئێمە لە لیژنەی یاسایی بتوانین بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی ڕەوانە بکەین. ئەم ڕاستییە کۆمەڵ و یەکگرتوو و نەوەی نوێیش دەیزانن کە ماددەی ٧٩ لە پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێت: ئەو پڕۆژە یاسایانەی تابعی حکومەتن دەبێت لە حکومەتەوە بێتە پەرلەمان و لیژنەی یاسایی پەرلەمان، ڕاستە ئێمە پەرلەمانتارین و لە پەرلەمان یاسا دەردەکەین، بەڵام کاری ئێمە ئەوە نییە کە کاری حکومەت بە زۆرەملێ بکەین و یاسایەك دەربکەین و پەسەندی بکەین کە حکومەت بڵێت لە تواناو دەسەڵاتی مندا نییە ئەو یاسایە جێبەجێ بکەم، ئەمە لەو کاتەدا دەبێتە شکاندنی هەیبەتی پەرلەمان و ماددەی ٧٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەڵێت: (ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە پێشکەش دەکرێت نابێت بارگرانی دارایی بۆ حکومەت دروست بکات).

*** ئەو فراکسیۆنانەی نایانەوێت بەشداری لە پرۆسەی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن، ئاماژە بەوە دەکەن کە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت بە تەنیا و بە تاکڕەوی ئەم یاسایە هەموار بکاتەوە، ئایا بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە تەنیا فراکسیۆنی پارتی ئیمزای کردووە، یان فراکسیۆنی دیکەشی لە گەڵدایە، ئەگەر چەند فراکسیۆنێك داوای هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە دەکەن، ئەو فراکسیۆنانە کامانەن؟ ئایا هۆکاری تانەی فراکسیۆنەکان لەسەر هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە چییە؟**

- ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە کە گوایە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بیەوێت هەمواری پڕۆژە یاساکە بکات و یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە تەنیا و تاکڕەوانە تێپەڕێنێت، ئەگەر پارتی وابیری بکردایەتەوە دەبوایە یەك هەفتە لەدوای هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پەرلەمان کارا بکات و هەر یاسایەکیش مەبەستی بووایە تێیپەڕێنێت، دەیتوانی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کورستانیش بکات و کابینەی نوێی حکومەتیش پێکبهێنێت، چونکە پارتی نیسابی یاسایی لەم بوارەوە لە پەرلەمان هەیە. بەڵام هیچ لایەن و حزب و فراکسیۆنێك هێندەی پارتی بیر لە کۆدەنگی و گرنگی یەکریزی و یەکدەنگی ناکاتەوە، پارتی لە پێناو سەقامگیری و ئاشتی و پێکەوەژیان و پێشکەوتنی هەرێمەکەو پاراستنی هێمنی و ئاسایشی کوردستان چی لە توانایدا هەبێت جێبەجێی کردووە، ئەگەر لەبیرمان بێت چەند ساڵێك لەمەوبەر پارتی داوای کرد تەنیا دوو ڕۆژ دانیشتنی پەرلەمان دوابخرێت، کەچی یەکێتی و گۆڕان دانیشتنەکەیان دوانەخست، کەچی لەم خولەدا پارتی دەتوانێت بە ئاسانی نیسابی یاسایی تەواو بکات، بەڵام لەکۆتایی هەفتەی ڕابردوو داوایان لە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد دانیشتنی پەرلەمان دوابخات و پارتیش وەڵامەکەی ئەرێنی بوو دانیشتنەکەش دواخرا لە پێناو یەکریزی و کۆدەنگی و یەکڕەنگی لە بەرژەوەندیی باڵای کوردستاندا. هەروەها لە هەموارکردنەوەی پڕۆژە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ١٢-١٣ فراکسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان واژوویان لەسەر کردووە وەکو فراکسیۆنی پارتی و گۆڕان و تورکمان و کریستیانەکان و .. تادوایی واتا بەتێکرایی ٦٨ ئەندام پەرلەمان واژوویان لەسەر پڕۆژە یاساکە کردووە، بەڵام هۆکاری ئەو فراکسیۆنانەی کە تانەیان هەیە و واژوویان لەسەر پڕۆژە یاساکە نەکردووە، بۆ ئەوەیە دەیانەوێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی نەبێت، باشە ئەگەر سەرۆکی هەرێم تەشریفاتی بێت و هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت، ئیتر کوردستان سەرۆکی هەرێمی بۆچییە و بۆچی ئەو هەموو فەرمانبەر و خەرجییەی بۆ دابین بکرێت، کە بارگرانییەکی زۆر قورسە بۆ حکومەت؟

*** چۆن لە پەیوەندیی نێوان فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان دەڕوانن لە پەیوەندی بە**

**گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکان، مەبەستمان ئەوەیە ئایا فراکسیۆنەکان بە چ رۆحیەتێکەوە کار دەکەن بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان؟**

-ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بێت، ئەوە دەکەین، هیچ جارێکیش لە بیرو هزری ئێمەدا نییە بە زۆرینەی دەنگ یاسا و مەسەلەکان تێپەڕێنین، بەپێچەوانەوە حەز دەکەین هەموان لە واقیع و دیموکراسیەت و سیاسەت تێ بگەن، هەروەکو چۆن خەڵکی ئاسایی لەوە تێگەیشتوون کێ بە کردار لە خزمەتی گەلەکەی خۆیەتی و کێ کوردستانێکی ئارام و سەقامگیر و خۆشگوزەرانمان بۆ دابین دەکات، هەر دوێنێ بوو میللەت لە هەڵبژاردنەکاندا قسەی خۆی کرد و دەنگی زۆرینەیان بە پارتی دا، ئەمڕۆ مەسەلەی زۆرینە و کەمینە بۆ هەموان دەرکەوتووە و ئەگەر زۆرینەی رەها لە ناو پەرلەمان دەنگی بە شتێك دا، نابێت خاوەنی یەك دوو کورسی یان پێنج کورسی بێت و قسەی خۆی بسەپێنێت لە سەر ٤٥ کورسی. ئەمە سیاسەتکردن نییە، بەڵکو ئەمە پشێوی سیاسییە، هەر بۆیە دەبێت هەموو حزب و لایەنەکان قەبارە و پێگەی خۆیان بزانن، ئەگەر ئەوان لەسەر ئەم پشێوییە بەردەوام بن، ئەوا بە یاساش بێت پارتی دەتوانێت خۆی قسەی خۆی بسەپێنێت. بەڵام نامانەوێت پەرلەمان ببێتە جێگای ململانێی حزبایەتی لەسەر حیسابی خەڵکی، رای پارتی وایە پەرلەمان نوێنەرایەتیی ئێش و ئازارەکانی خەڵکی دەکات و پێویستە پەرلەمان رۆڵێکی ئیجابی هەبێت بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵك.

*** ئایا فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند ئەندامی لە لیژنەی یاساییدا هەیە؟ ئایا ئەوەی لە هەندێك فراکسیۆن گوێبیستی دەبین تا چەند راستە کە دەڵێن ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە لیژنەی یاسایی زۆرینەن و بە زۆرینە یاسا تێدەپەڕێنن، ئایا بە فیعلی پارتی لە ناو لیژنەی یاسایی زۆرینەیە؟**

- لێرەدا مەسەلەکە زۆرینە و کەمینە نییە؛ راستە بەپێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن و پەرلەمانی و یاسایی بێت پارتی دیموکراتی کوردستان مافی خۆیەتی سەرۆکی لیژنەکە و ئەو ژمارە ئەندامانەی لەناو لیژنەی یاسایی پەرلەماندا هەبێت، راستە بە ژمارە و هاوپەیمانی و دەنگدان بێت، پێکەوە دەتوانین یاساکان تێپەڕێنین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەرگیز پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر هزری زۆرینەو کەمینە کاری نەکردووە، بەڵکو لە میکانیزمی کارکردندا رەچاوی خواست و ویستی ئەندامانی دیکەشی کردووە، ئەوە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە پەرلەمان دەڵێت با بە تەوافوق ئیشوکارەکان بڕوات و لە هەمووارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم کە یاسایەکە رەهەندی نیشتمانی هەیە با راوبۆچوون و ویستی هەمووانی تێدا بێت، نەك بە تەنیا فراکسیۆنێك یان چەند فراکسیۆنێك.

*** باست لەوە کرد، یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، یاسایەکە رەهەندی نیشتمانی هەیە و دەبێت رای فراکسیۆنەکانی دیکەش لەبەر چاو بگیرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەندامانی چەند فراکسیۆن لە لیژنەی یاسایی ئەندامن، ئایا را و پێشنیاری ئەندامانی فراکسیۆنەکانی دیکە پشتگوێ خراون؟**

- لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لە ١١ ئەندام پێك دێت و ٧ ئەندامی واژووی کردووە بە ئەندامەکەی فراکسیۆنی گۆڕانیشەوە، تەنیا بەدڵی چوار ئەندام نەبووە کە دوو یەکێتی و یەك نەوەی نوێ و یەك کۆمەڵە؛ لەلایەکی دیکەوە پەیڕەو لە ماددەی ٧٩ لە بڕگەیەکی بە روونی دەڵێت: ئەگەر بۆشایی یاسایی هەیە، دەبێت ئەو پێشنیارە یاساییە تێپەڕێنین، واتا ئەمە پێداویستیەکە و پەیڕەو لە سەر ئێمەی فەرز کردووە کە ئەو یاسایە تێپەڕێنین، چونکە ئێمە لە غیابی دامەزراوەیەکین لە کوردستاندا کە ئەو دامەزراوەیە لە رووی یاسایی و ئابووری و سیاسی گرنگیی خۆی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان. لە چەند رۆژێکی دیکەدا جگە لەم پرۆژەیە کە بڕیارە لەهەفتەی داهاتوو چالاك بکرێت و زۆر پرۆژەی یاسای دیکەش لەلای لیژنەی یاسایی هەیە و ئیحالەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی دەکەین.

**هۆکاری ئەو فراکسیۆنانەی کە تانەیان هەیە و واژوویان لەسەر پرۆژە یاساکە نەکردووە، بۆ ئەوەیە دەیانەوێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی نەبێت**

**ئەگەر سەرۆکی هەرێم تەشریفاتی بێت و هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت، ئیتر کوردستان سەرۆکی هەرێمی بۆچییە و بۆچی ئەو هەموو فەرمانبەر و خەرجییەی بۆ دابین بکرێت، کە بارگرانییەکی زۆر قورسە بۆ حکومەت؟**

**ئەگەر زۆرینەی رەها لە ناو پەرلەمان دەنگی بە شتێک دا، نابێت خاوەنی یەک دوو کورسی یان پێنج کورسی بێت و قسەی خۆی بسەپێنێت لە سەر ٤٥ کورسی. ئەمە سیاسەتکردن نییە، بەڵکو ئەمە پشێوی سیاسییە، هەر بۆیە دەبێت هەموو حزب و لایەنەکان قەبارە و پێگەی خۆیان بزانن**

# عێراق دەوڵەتی بە وەکالەت

**بابەتێکی دیکەی هەستیار کە هەر لە سەرەتای دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقی دوای رژێمی بەعس بۆتە گرفت و جێی کێشمەکێشی لایەنەکان، بابەتی پۆستەکانی عێراقە بە وەکالەت**

لە سیستەمی هەر وڵاتێکدا، هەندێك بەندی یاسایی و میکانیزمی گونجاو دادەنرێن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسە لێهاتوو و شایستانەی کە لە سیستەمی ئیداری، یان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پۆستە جیاوازو باڵاکانی وڵات وەردەگرن، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە ئەو پۆستانە بەڕێوەببەن. ئەم جۆرە میکانیزم و پێوەرە کارگێڕییانەش لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دیموکراسیدا دەبنە هۆی ئەوەی کەسانی خودان توانا و شیاو بگەنە جومگە هەستیارەکانی هەر سێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری، بگرە یەکێتی و سەندیکاکانیش ئەم جۆرە پێوەرانە دەگرنەبەر، بۆ ئەوەی کارگێڕیی ئەم ئۆرگانانە بە رێکوپێکترین شێوە بەڕێوەببردرێن و گەندەڵی و بێ سەروبەری لە ئیدارەکردن و ئیدارەدان روونەدات. بێگومان لە سیستەمی دیکتاتۆری و شمولیدا ئەم جۆرە پێوەرو پرەنسیپانە کاریان پێ ناکرێت، ئەگەر بە رووکەشیش هەبێت لە پراکتیکدا هەر گرنگییان پێ نادرێت. هەروەك چۆن لە سەردەمی رژێمی بەعس ئەو کەسانەی کە پۆستیان وەردەگرت، بەپێی هەندێك پێوەری نادیموکراسی دادەنران، بێ ئەوەی رەچاوی پێوەری دیاریکراوی کارگێڕی بکرێت.

لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە سیستەمی حوکمڕانیی عێراقدا کرا، سیستەمی دیکتاتۆریەتی شمولی گۆڕدرا بە کۆماری پەرلەمانی دیموکراتی و بە پێی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)یش هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، لەژێر هەیمەنەی حزبی تاکڕەوی دەرچوون و شێوەی جیاوازتریان بە خۆیانەوە بینی. هەر بە پێی هەمان دەستوور، عێراق بوو بە وڵاتی پێکهاتەکان و تا رادیەکیش باڵانسی پێدانی پۆستەکان بە پێکهاتەکان لەبەرچاو گیرا. هەرچەند کە ئەم بابەتە بەرزی و نزمیی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. هەر لە سەرەتای دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) تا ئێستاش زۆرجار ئەم هەورازو نشێوییە و لەبەرچاو نەگرتنی رێژەییانەی تەوازون لە دانانی کەسەکان لە پۆستەکان، بۆتە جێی مشتومڕی پێکهاتەکان، ئەمەش بە هۆی بوونی مەیلی پەراوێزخستنی هەندێك پێکهاتە بە هۆکاری سیاسی و بە هۆی بوونی عەقڵییەتێکی تاکڕەوانەی عەرەبیی تایفی کە دوور بووە لە رەچاوکردنی بەهای هاووڵاتیبوونی تاکی عێراقی. بە هەموو باشی و خراپییەکانی حوکمڕانیی ئەم (١٦) ساڵەی دوایی، عێراق بە شێوەیەکی جیاوازتر لە سەردەمانی دیکتاتورییەتی سەدام کەوتە سەر پێی خۆی، لە دەستووردا بە شێوەییەکی سەردەمیانە و دیموکراسییانە تا رادەیەکی گونجاو ماف و ئازادیی تاك و پێکهاتەکان و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و بەڕێوەبردنی وڵات جێگر کران، هەرچەند جارجارە



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە هۆکاری سیاسی و دوور لە لۆژیکی حوکمڕانی، بەندەکانی دەستوور جێبەجێ نەکراون و بە هۆیەوە پێکهاتەکان ڕووبەڕووی کێشەو پێشێلکاریی مافەکانیان بوونەتەوە و پەراوێز خراون، بگرە مووچە و قووت و بوجە و سەروماڵ و گیانیان بۆتە قوربانیی ئەو عەقڵییەتەی کە هەندێك خاوەن پۆستی باڵای عێراق بە ناوی زۆرینەی سیاسی و بە میزاجی کەسی و دوور لە دەستوور و یاسا حوکمڕانییان کردووە. هەر بۆیەش دەبێت ئەو کەسەی کە پۆستە باڵاکان وەردەگرێت، بە پێی یاسا و دەستوور بجووڵێتەوە و بابەتە سیاسییەکان تێکەڵی پرۆسێسە ئیدارییەکان نەکات. بەڵام مخابن ئەم جۆرە حوکمڕانییەمان لە عێراق بەدی نەکرد، بەتایبەت لەو چەند ساڵەی ڕابردوو کە حکومەتی عێراق بەدەستی هەر دوو سەرۆك وەزیران (نوری مالیکی) و (حەیدەر عەبادی) بوو، کە هەردووکیان وەك کەسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن چەندین جار دەستوور و یاساکانی وڵاتیان پێشێل کرد و بوونە هۆی نەهامەتی خەڵکی کوردستان.

بابەتێکی دیکەی هەستیار کە هەر لە سەرەتای دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقی دوای ڕژێمی بەعس بۆتە گرفت و جێی کێشمەکێشی لایەنەکان، بابەتی پۆستەکانی عێراقە بە وەکالەت، دوای (١٦) ساڵ تێپەڕبوون بەسەر حکومەتە یەك لە دوایەکانی عێراق و بە پێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستن، نزیکەی چوار هەزار پۆستی ئەم وڵاتە جا لە وەکیل وەزیر و باڵوێز و بەڕێوەبەری گشتی بگرە تا قائید فرقە و سەرۆکی دەستەکان و پۆستە ئەمنییەکان، هێشتا بە وەکالەت بەڕێوە دەبردرێن، کە ئەمەش فێڵێکی سیاسییە بۆ ئەوەی هەیمەنەی حزبە باڵادەست و خاوەن هێزەکانی عێراق بەسەر ئەم دامودەزگایانەوە بێت و ڕووبەڕووی متمانەو لێپرسینەوەی پەرلەمان نەبنەوە، چونکە بە داخەوە ئەو بۆچوونانە هەیە، کە دەڵێن پۆستی بە وەکالەت ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی پەرلەمانی نابێتەوە و ناکرێت چاودێرییان بە سەرەوە بکرێت.

بە گوێرەی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) و بە پێی بڕگەی (٥)ی مادەی (٨٠)ی دەستوور لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایە کە ڕاسپاردە بداتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ پەسەندکردن بۆ دامەزراندنی وەکیل وەزیرەکان، باڵوێزەکان، خاوەن پلە باڵاکان، سەرۆکی ئەرکانی سوپا و جێگرەکانی، یان ئەوانەی کە پلەی قائید فرقە و سەرووتر و سەرۆکی دەزگای موخابەراتی نیشتمانی و دامودەزگا ئەمنییەکان، بەڵام کە سەیری حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دەکەین، لە هەموو حکومەتەکان پێچەوانەی ئەم مادەیەو دوور لە پێوەرە کارگێڕییەکان، تەنیا بۆ ئەوەی نەکەونە نێو بگرەوبەردەی دەنگدان وپەسەند کردن و متمانەی پەرلەمانی خەڵکانێك

**نزیکەی چوار هەزار پۆستی ئەم وڵاتە جا لە وەکیل وەزیر و باڵوێز و بەڕێوەبەری گشتی بگرە تا قائید فرقە و سەرۆکی دەستەکان و پۆستە ئەمنییەکان، هێشتا بە وەکالەت بەڕێوە دەبردرێن**

**بە داخەوە ئەو بۆچوونانە هەیە، کە دەڵێن پۆستی بە وەکالەت رووبەرووی لێپرسینەوەی پەرلەمانی نابێتەوە و ناکرێت چاودێرییان بە سەرەوە بکرێت**

**سەرۆکی ئێستای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (محەمەد حەلبوسی) لە هەندێک دیدار و چاوپێکەوتنی جەختی لەوە کردۆتەوە کە بۆ نەهێشتنی پۆستە بە وەکالەتەکان لە ماوەی دیاریکراودا کاری جددی دەکات**

**دەبێت پۆستە بەتاڵەکانی دەوڵەتی عێراقیش کە لە پشکی کوردن پڕبکرێنەوە بۆ ئەوەی لایەنی دیکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئیستیغلالی نەکات و لە دژی کوردستان بەکاریان نەهێنێتەوە**

لەو پۆستە باڵایانە بە وەکالەت دانراون، ئەمەش بە راستی بە سەرپێچی دەستوور و بە فێڵێکی سیاسیش دادەنرێت، بۆ دوورخستنەوەی هەندێك پێکهاتە و گرنگیدان بە هەندێك پێکهاتە و مەزهەبی باڵادەستی عێراق.

ئەم جۆرەی پڕکردنەوەی پۆستەکان بە وەکالەت زیاتر لەسەردەمی حکومەتی سەرۆك وەزیرانی پێشوو (نوری مالیکی) بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد و (حەیدەر عەبادی)یش هەر لە سەر هەمان رێچکە رۆیشت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەی ئەم جۆرە پۆستە بە وەکالەتانە رۆژ بە رۆژ روو لە زیاد بوون بێت، بۆئەوەی رێژەی شیعەو کەسانی نزیك لە خۆیان لە پۆستە باڵاکانی حکومەت زۆر بێت.

ئەمەش هەر لە نێو خودی شیعە بۆتە جێی مشتومڕ کە هەندێك پارت پێگەی خۆیان زۆرتر لەنێو جۆمگەکان قایم کردووە، ئەم بابەتە جگە لەوەی پێشێلی مافی پێکهاتەکانی دیکە دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەش کە گەندەڵی و ناسەقامگیریی ئیداری هەبێت، جگە لەوەی کە ئەو کەسەش ناتوانێت بۆ بەرێوەبردنی ئەو پۆستە بەشێوەیەکی هەمیشەیی خۆی تەرخان بکات، لە ئەنجامدا بەرهەمی باشی کارگێڕیشی لێ بەدی ناکرێت. ئەمە بۆتە قەیرانێکی جددی لە عێراقدا، هەندێك فراکسیۆنی عەرەبی بەتایبەت فراکسیۆنی (سائیرون)ی موقتەدا سەدر هەوڵی جددی دەدەن بۆ کۆتاییهێنان بەم پۆستە بەوەکالەتانەی کە لە عێراقدا هەن.

لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی پار کاتێك کە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی ئێستا کابینە ناکاملەکەی هێنایە نێو پەرلەمان بۆ متمانە پێ بەخشین، لە بەرنامەی حکوومیی خۆیدا کە نزیکەی (١٤٢) لاپەڕەیە لە یەکێك لە بەندەکانی باسی لەو کێشەیە کرد و تیایدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئەرکی حکومەتی نوێیە لیستێك ئامادە بکات کە هەموو ئەو پۆستانە لە خۆ بگرێت کە بە وەکالەت بەرێوە دەبردرێن، هەروەها بۆ ئەو پۆستانەش کە تا ئێستا بە بەتاڵی ماونەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش باسی لە رێکاری پێویست کرد، بۆچارەسەر کردنی ئەو بابەتە، ئەمە جگە لەوەی کە ماوەی (٦) مانگی دانا بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتە، کە ماوەکەی لە رۆژی یەکەمی دەست بەکاربوونی حکومەتەکەی، واتە لە بەرواری (٢٥/١٠/٢٠١٨) دەست پێدەکات، تا رێکەوتی (٢٥/ ٤/ ٢٠١٩).

سەرۆکی ئێستای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (محەمەد حەلبوسی) لە هەندێك دیدار و چاوپێکەوتنی جەختی لەوە کردۆتەوە کە بۆ نەهێشتنی پۆستە بە وەکالەتەکان لە ماوەی دیاریکراودا کاری جددی دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە تا ئێستا لە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هێشتا هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی لێژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان نەکراوە، کە ئەوانیش هەر بە وەکالەت بەرێوەدەبردرێن.

ئەوە ئێستا لە مانگی چوارین و بە پێی ئەو ماوەیەی کە دیاری کراوە، تەنیا نیو مانگ لەبەر دەستی سەرۆك وەزیرانە کە کار لەسەر ئەم بابەتە بکات و ئەو پۆستە بە وەکالەتانە نەهێڵێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هێشتا کابینەکەی سەرۆك وەزیران تەواو نەکراوە و هێشتا چوار وەزارەتی نێو کابینەکەی بە هەڵواسراوی ماونەتەوەو متمانەیان وەرنەگرتووەو بە بەوەکالەت بەرێوە دەبردرێن.

بۆیە بە راستی ئەستەمە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لەو ماوە کەمەی لەبەردەستیدایە بشێت ئەم گرفتە چارەسەر بکات و بتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەو هۆکارە سیاسیانەی کە پاڵپشتن بۆ مانەوەی ئەو جۆرە پۆستانە بە وەکالەت. ئەمە گرفتێکی جددییە و دەبێت چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، بەتایبەت کورد و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە ژێر رۆشنایی هەر سێ پرەنسیپی تەوافوق و شەراکەت و تەوازون، دەبێت باڵانسی ئەم پۆستانە بۆ کورد رابگرن و هەوڵی جددی بدەن، بۆ نەهێشتنی پۆستە بە وەکالەتەکان و کەسی شیاو کە نوێنەری راستەقینەی بەرژەوەندیی کوردستان بێت لەو پۆستانە دابنێن، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبێت پۆستە بەتاڵەکانی دەوڵەتی عێراقیش کە لە پشکی کوردن پڕبکرێنەوە بۆ ئەوەی لایەنی دیکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئیستیغلالی نەکات و لە دژی کوردستان بەکاریان نەهێنێتەوە.

# سۆشیال میدیا و دروستکردنی بێ متمانەیی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئاشکرایە ژیانی واقیعی کۆمەڵگە و دروستکردنی هاورێ ماوە و هەندێك جاریش مێژوویەکی ویستووە تا متمانە بە کەسێك دروست دەبێت، بۆ هاورێیەتی، یان دراوسێیەتی، یان هەر پەیوەندیەکی تر لەسەر ئاستی تاکەکەسی بێت. لەوانەیە لە ژیانماندا سەدان کەس بووبێتنە ناسراومان، یان هاورێمان، بەڵام زۆر کەمیان، یان تەنیا هەندێکیان توانیبێتمان زانیاری و نهێنیی خۆمانی پێ بدەین و دواتریش خستوومانەتە ژێر تاقیکردنەوە، ئەگەر رۆژێك لە رۆژان شتێکمان لێ بینیبێت کە لە ئاست ئەو متمانەیەدا نەبووبێت، هەڵوێستمان هەبووە بەرامبەریان، یان روونتر بڵێین جیهانی بەرجەستە جیاوازە لە جیهانی گریمانەیی لەگەڵ مرۆڤیکی واقیعی کە تاقییان بکەیتەوە، یان باوەڕیان پێ بکەیت.

لە جیهانی سۆشیال میدیا دەموچاوی نادیار، ئەکاونتی خاوەن نادیار، هەواڵی چەواشە و زانیاریی چەواشە هەموویان ئاسان دروست دەکرێن، کاتێك تاکێك لە منداڵییەوە ئاشنا دەبێت بەم جیهانە و رۆژانە کاتێکی باشی تەمەنی لەو ژیانەی سۆشیال میدیا بەسەر دەبات و چەندین مرۆڤی ناڕاست و ئەکاونتی درۆ دەبینێت کە رەنگە زیانیشی پێ بگەیەنن لە کۆمینیکەیشنی ناڕاست لەگەڵی، خەیاڵی وای لێدێت کە لە کۆمەڵگە واقیعەکەشدا هەمان مەسەلەیە و متمانەی بە تاکە بەرجەستەکانی کۆمەڵگە نامێنێت، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە سەرەتای ژیان و منداڵییەوە ئاشنای هەردوو جیهانی واقیعی و گریمانەییەکە دەبن، کە وەك جیلی تەمەن ٣٠ و ٤٠ ساڵ و بەرەو سەرتر نین، کە پێش هاتنی سۆشیال میدیا ماوەیەکی زۆر لە ژیانی کۆمەڵگە واقیعییە بەرجەستەکە ژیاون و دەزانن تایبەتمەندییەکانی چۆنە و مرۆڤ لەوێوە دەناسن، نەك لە کۆمەڵگە گریمانەیی ئۆنلاینەکە.

کۆمەڵگە گریمانەیی ئۆنلاین، دواجار تاکێك دروست دەکات، چۆن رۆژانە بە خەڵکی ناڕاست و دەموچاوی درۆ، یان نادیار ئاشنا دەبێت لە سۆشیال میدیا، لە ژیانی واقیعیشدا هەروا لە مرۆڤەکان دەڕوانێت. ئەمە لەسەر ئاستی تاکەکەس، جگە لە پڕوپاگەندەی پەیجە سێبەرەکان و زانیاری و هەواڵە چەواشە و ساختەکان کە بە هۆی بێ فلتەری ئەم جۆرە لە ئامرازی میدیا رۆژانە بڵاو دەکرێنەوە، کە وا لە مرۆڤ دەکات، بە هیچ یەك لە هەواڵ و زانیارییەکان باوەڕ ناکات، ئەگەرچی لە دەزگاکانی دیکەی راگەیاندنیش، یان زاری مرۆڤەکانی کۆمەڵگەش بیبیستێت. ئەمە جگە لە کاری فۆتۆشۆپ و دەستکاری وێنە و ڤیدیۆ و هەواڵ و زانیارییەکان کە زۆر بە ئاسانی دەستکاری دەکرێن، ئەمە وادەکات تاك باوەڕی بە شتە راستەکانیش نەمێنێت. مەترسییەکە لەوەدایە کە زۆر دەزگای راگەیاندنی وەك رادیۆ و تیڤی و رۆژنامە، سۆشیال میدیای کردووەتە سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری، چونکە کێشەی سۆشیال میدیا کە بۆ کاری رۆژنامەنووسی دروست کردووە، دروستکردنی رۆژنامەنووسی ناپڕۆفیشناڵ و نائاشنا بە ئیتیك و کاری رۆژنامەنووسبیە و تا ئەو رادەیەی کە پسپۆڕان بە تەحەددای کاری رۆژنامەنووسی دادەنێن، ئەوەی کە ئەمڕۆ سۆشیال میدیا دەیکات. لەسەر ئاستی خێزانیش وایکردووە کە چ ژن و مێرد و چ منداڵ و دایك و باوك هەرکەس خاوەنی ئەکاونتێکی خۆیەتی و تەنانەت متمانەی نییە کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی ژمارەی نهێنی و پاسوۆردی فەیسبووك، یان ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بزانێت، ئەمە گومان لە لای دایك و باوکیش دروست دەکات کە نازانێت هاوڕێی منداڵەکانی کێیە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی، یان ژن بۆ مێرد و مێرد بۆ ژن نازانێت هاوسەرەکەی کێ هاوڕێیەتی و چات لەگەڵ کێ دەکات. بەشێکی زۆری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و جیابوونەوەی هاوسەران لە دادگاکان هۆکارەکەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بووە کە بێمتمانەیی لە نێوانیان دروست کردووە.

# چۆن ڕووبەڕووی هزری داعش و هاوشێوەکانی ببینەوە؟

**ئەگەر راڤەو خوێندنەوەکان بە هی مرۆڤ بزانین و بە ڕێژەیی بیناسین، هیچ کێشەیەک نامێنێت، بەڵام کێشەکان لەوێوە سەر هەڵدەدەن کە ئەم راڤەو خوێندنەوە مرۆییانە بەهی خودا و پێغەمبەری خودا بزانین و سیفەتی ڕێژەیی لێ داماڵین و سیفەتی پیرۆزیی بدەینێ**

دەق -هەر دەقێك- دواجار لە سێگۆشەی مرۆڤ و كات و شوێندا مانا دەكرێت، دەقی ئایینییش وەك هەر دەقێكی دیكە، مرۆڤێك دێت لە شوێنێكی دیاركراودا و لەسات و زەمەنێكی تایبەتدا دەیخوێنێتەوە و راڤەی دەكات، بەمەش خوێندنەوەكەی دەبێتە هەوڵێكی مرۆیی و ئەم خوێندنەوەیەش وەك هەر خوێندنەوەیەكی دیكەی مرۆڤەكانی دی دەبێتە راڤەیەكی ڕێژەیی نەك رەها.

تا ئێرەو ئەگەر راڤەو خوێندنەوەكان بە هی مرۆڤ بزانین و بە ڕێژەیی بیناسین، هیچ كێشەیەك نامێنێت، بەڵام كێشەكان لەوێوە سەر هەڵدەدەن كە ئەم راڤەو خوێندنەوە مرۆییانە بە هی خودا و پێغەمبەری خودا بزانین و سیفەتی ڕێژەیی لێ داماڵین و سیفەتی پیرۆزیی بدەینێ.

بۆیە دەبینین بۆ یەك قورئان، سەدان مرۆڤ بە دەیان زمان، تەفسیری جیاوازیان بۆ كردووە، هەروەها بۆ یەك فەرموودە، دەیان لێكدانەوەی جیاواز هەن، تەنانەت بۆ چۆنیەتی نوێژكردن و زەكاتدان و بەڕۆژووبوون و حەجكردنیش چەندین بۆچوونی جیاواز هەن، تەنانەت بۆ یەك پرسیاری شەرعییش چەندین فەتوای جیاواز هەن. هۆكاری ئەم راجیاییانەش بریتییە لە جیاوازیی تێگەیشتنی مرۆڤەكان و جیاوازیی نێوان سەردەمەكان و شوێنەكان.

لە دیدارێكی تەلەفزیۆنی زاگرۆسدا لە ئابی ٢٠١٤ لە كاتی پەلامارەكانی داعش بۆ سەر شنگال گوتم: داعش (درەخت)ە، دەتوانین بیبڕینەوە، بەڵام هۆكاری درەختی داعش (تۆو) ەكانیەتی، تۆوی توندڕەویی و دەمارگیریی ئایینییە بۆیە ئەگەر بمانەوێت داعش بنبڕ بكەین، دەبێت قسە لەسەر ئەو فكرو هزرانەی داعش بكەین كەوان لەنێو كتێبە فیقهییە ئایینییەكانی ئێستاو رابردوودا.

داعش كردەوەكانی بە (دەست) تاوانباری ئەنجام دەدا، پاڵنەری ئەمەشی حەماسەتی پەنگخواردووی نێو (دڵ)ی نەخۆشی بوو، ئەمەش سەرچاوەی گرتبوو لەو هزرە توندەی كەوا لە (مێشك)ی چەقبەستوویدا بوو. بۆیە زنجیرەی كارەكانی داعش بەم ڕێڕەوەدا دەڕۆیشتن:



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

تەفکیری توندڕەو، تەکفیری بەرامبەر، تیرۆرکردنی ئەوانی دی.

کەواتە: ئەنجامدانی کاری باش، یان کاری خراپ، سەرەتاکەی وا لە هزرو جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا، بۆیە هەر چاکسازییەکەش —بە چاکسازیی ئایینیشەوە— سەرەتاکەی هەر لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات.

بۆ باشتر تێگەیشتن لە سرووشتی داعش، وا چاکە ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرا لە رابردوویەکی نزیك بدەینەوە بۆ ناسینی داعش وەك دیاردەیەکی چەتەگەریی ئایینی.

چەتەگەریی لەنێوان ساڵانی (١٦٥٠) هەتا (١٧٢٠)ی زایینی گەیشتە لوتکە و ئەو ماوەیەش بە ماوەی هێزی چەتەگەری ناسرا. چەتەکان کە ئاڵاکەیان رەش بوو، کەللە سەرێك و دوو ئێسکی لەسەر بوو، لە دەریادا تاڵانییان دەستپێکردو، دواتر هاتنە سەر وشکانی، سەرەتا شتی ساکاریان دەبرد، دواتر کەوتنە تاڵانکردنی زێڕ و پارە و شتی گرانبەها و رفاندن و بردنی کچان. حکومەتەکانی ئەورووپا ناچار بوون بەرەنگاریان ببنەوە، بۆیە لە سەرەتای سەدەی ١٨دا سەرکردەی ناسراوی چەتەکانیان گرت کە بە (بلاك بیرد) واتە (ریش رەش) ناسرابوو، لەنێو ئاپۆرای خەڵکدا لەسێدارەیان دا، تا کەم کەم چەتەگەرییان لە ئەورووپادا نەهێشت.

بەڵام وەك بینیمان لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکدا، کەسانێکی نامۆ بە ئایین و کەلتوور و تێگەیشتنی باو، بە هەمان عەقڵییەتی چەتە (ریش رەش)ەکانی جاران و خاوەنی هەمان (ئاڵا رەش)ەکەی چەتەکانی جاران، بەڵام بە گۆڕانکارییەکەوە کە لە جێگەی دوو ئێسکەکە ناوی خواو پێغەمبەری خوایان لەسەر دانابوو، ئەمجارە روویان لێرە کردووە بۆ چەتەگەری و تاڵان لە ژێر دروشمی ئایینییدا، بە پشتبەستن بە سێ فاکتەری سەرەکی بۆ خێرا تەشەنەکردنیان، کە ئەو فاکتەرانەش بریتی بوون لە:

١. هەڵبژاردنی توندڕەوترین جۆری بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژی و ئایینی.

٢. تووشبوونیان بە بارێکی دەروونیی شڵەژاو و گرێی دەروونی.

**داعش (درەخت)ە، دەتوانین بیبڕینەوە، بەڵام هۆکاری درەختی داعش (تۆو)ەکانیەتی، تۆوی توندڕەویی و دەمارگیریی ئایینییە بۆیە ئەگەر بمانەوێت داعش بنبڕ بکەین، دەبێت قسە لەسەر ئەو فکرو هزرانەی داعش بکەین کەوان لەنێو کتێبە فیقهییە ئایینییەکانی ئێستاو رابردوودا**

٣. هەبوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ تەشەنەکردن وەك هەبوونی پەراوێزخستن و گیانی تۆڵەسەندنەوە و نەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشی و ئالوودەبوون لای ئەو توێژ و کەسانەی کە دوایان کەوتوون. بۆ ئەمەش بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبوون بۆ ئامادەکردنی تیرۆریستانیان، ئەو قۆناغانەش بریتی بوون لە:

١. کارکردن لەسەر (مێشك)ی شوێنکەوتووانیان، لە ڕێگەی تێگەیاندنی هەڵەو شێواندنی چەمك و بەهاکان وەك ژیان و ئایین .

٢. کارکردن لەسەر (دڵ)یان بە پێدانی حەماسەتێکی بێ هۆشیاری.

٣. کارکردن لەسەر (دەست)یان بە ڕاهێنانیان لەسەر کوشتنی خەڵك و ئەنجامدانی کاری وێرانکاری.

هەر سەبارەت بە شوێنکەوتووانی داعش، پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە کە ئەویش ئەمەیە:

هۆکاری چوونی ژنان بەو ژمارە زۆرە بۆ نێو ریزەکانی داعش چی بوون؟

ڕەنگە باش بێت کە وەڵامی دروست لە خاتوو (نیمی گۆریناتان)ی شارەزا لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ وەربگرین، چونکە باسێکی لە بڵاوکراوەی (فۆرن ئەفێرز)دا نوسیبوو لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٨/٢١)دا، بەناونیشانی (ژنانی داعش) کە تیایدا دەڵێت:

«بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە بۆچی ژمارەیەك لە ژنان هاوکاریی داعش دەکەن، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەشداربوونی ژنان لە جەنگەکانی سلڤادۆرو ئەریتێریاو نیپاڵ و سیریلانکا.. بەشداربوونی ژمارەیەك لە ژنان لە کردە خۆکوژی و تیرۆریستییەکاندا، ئەوەیان دەرخست کە ئەو بیرۆکە باوە ڕاست نەبوو کەوای پیشان دەدا ژنان بە سرووشتی خۆیان کەمتر بە لای توندوتیژیدا دەچن، یان دەگوترا ئەوان بەرگەی ئەو قەسوەت و کارە خوێناوییانە ناگرن کە ئەم ڕێکخراوە توندڕەوانە بەکاریان دێنن.»

هەروەها لە توێژینەوەیەکی (پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەکانی توندڕەویی) دا دەرکەوتووە کە تەمەنی زۆرترینی ئەو ئافرەتانەی کە بەشداریی تاوانەکانی داعشیان دەکرد، لەنێوان (١٩ بۆ ٢٠)ساڵیدایە و هەندێکیان لە بواری پۆلیسی ئادابی تایبەت بە فەرزکردنی جۆرێك لە جلوبەرگ بە سەر ژناندا کاریان دەکرد، هەندێکیشیان وەك پشکێنەر لە خاڵەکانی پشکنیندا، هەندێکیشیان لە کاری گواستنەوەی نهێنییەکان و شتومەکی سەربازیدا بوون، چونکە کۆمەڵگەی عەشائیری بە ڕەوای نازانێت ئافرەتان بپشکێنرێن، ئەمەش جۆرێك لە حەسانەی کۆمەڵایەتی پێ دەدان لە کارەکانیاندا.

بەشێوەیەکی سەرەکیی کچان و ژنان لە سووریا و عێراق و وڵاتانی باکووری ئەفریقیا لە سەرووشیانەوە تونس و میسر و سعودیەو تەنانەت لە ئەمریکاو بەریتانیاو ئەڵمانیاو فەڕەنساوە دەچوونە نێو ریزەکانی داعش، ئەمە جگە لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست کە سەرچاوەی سەرەکیی ناردنی کچان و ژنان بوون بۆ نێو داعش. هۆکارەکانی چوونی ژنانیش بۆ نێو ریزەکانی داعش بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت پۆلێن بکرین بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە:

### ● ١. هۆکاری تایبەت

بەتایبەت ژنانی عێراقی و سووری کە زۆریان هاوسەر، یان کوڕ، یان ئەندامانی خێزانیان لەدەستدابوو، یان تووشی بردن و گرتن ببوونەوە پێشتر، یان ماڵ و خانوویان وێران کرابوو بە دەستی هێزەکانی سووریا و عێراق، بۆیە وەك دۆزینەوەی پەناگەیەکی نوێ، یان وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لەو دوو ڕژێمە دەچوونە نێو ریزەکانی داعشەوە.

### ● ٢. هۆکاری ئایدیۆلۆژی

وەك سەرسامبوون بە دروشمی خەلافەتی ئیسلامی و خەلیفەی موسڵمانان کە هانی زۆرێکی لەوانە دەدا بۆ چوونە نێو ریزەکانی داعش بە نیێوی جیهادکردن لەپێناوی خوا و ژیان لە سایەی خەلافەتی ئیسلامیدا.

### ● ٣. هۆکاری تائیفی

بەشێك لە سوننەکانی سووریا و عێراق، بەتایبەت ئەوانەیان کە بە دەستی ڕژێمی سووریا و دەسەڵاتی عێراق زیانلێکەوتوو بوون، دەچوونە نێو ریزەکانی داعش، چونکە وایاندەزانی داعش پارێزگاری لە سوننە دەکات و، واش تێگەیەندرابوون کە داعش تاکە ڕێگەیە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سوننی.

**هەرکاتێک ئایین لە ڕێڕەوی ئینسانی و مرۆیی خۆی دەرهێنرا بۆ ململانێی سیاسی و حزبی، ئەوسا شەڕو پێکدادانی تائیفی و کوشتن و تەقاندنەوە زۆر بە ڕوونی دێنەئاراوە، ئەوساش لەجیاتی ئەوەی یەک ئایینی ئەو خەڵکە کۆبکاتەوە، کەچی بەحزبیکردنی ئایین، خودی ئایینەکە و ئاییندارانیش دابەش دەکات**

**تیرۆر هۆکاری سەپاندنی بیرو هزری هاوردەکراوی کەمینەیەکی سەرلێشێواو و دەروون نەخۆشە، لە کاتێکدا مرۆڤی ڕێنماییکار تەنیا بیرخەرەوەیەو مافی سەپاندنی ڕای خۆی بەسەر کەسەوە نییە**

**تیرۆر شەڕ بە دین دەکات، شەڕ بۆ دین ناکات، واتە دین بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا ئایین ئاشتی بۆ تاک و کۆمەڵگە داوا دەکات**

● ٤. هۆكاری كۆمەڵایەتی

زۆرێك لەو كچ و ژنە موسڵمانبووانەی ئەوروپا كە لە خێزانێكی بێباوەڕ، یان لە خێزانێكی ئەوروپی مەسیحی، یان یەهوودیدا دەژیان، لەبەر ئەوەی لەماڵەوە دژایەتی دەكران، بۆیە وەك هەڵاتنێك لە هەستكردن بە غوربەتی ئایینی لە ماڵی خۆیاندا، دەچوون پەنایان دەبردە بەر ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی كە لە رێگەی نێت و هاورێكانیانەوە بۆیان وەسف كرا بوو.

● ٥. هۆكاری ئینسانی

زۆرێك لەو كچ و ژنانەی كە لە ئەوروپا لەسەر بنەماكانی مرۆڤدۆستی و مافی مرۆڤ و یارمەتیدانی ستەملێكراوان پەروەردە كرابوون، وای بۆ دەچوون كە ناكرێت ئەوان دانیشن و خەڵكی سووریاش رۆژانە بكوژرێن، بۆیە بە پاڵنەری ئینسانییەوە روویان دەكردە سووریا، بە ئومێدی پێشكەشكردنی یارمەتی بۆ هەژار و بریندارو ئافرەت و منداڵی بێ سەرپەرشت، ئاواش تێگەیەندرابوون كە دەوڵەتەكەی داعش، ئەو شوێنەیە كە دەتوانن ئەم كارەی تێدا ئەنجام بدەن.

لە دوای ئەم پێشەكی و چەند تەوەرەوە، ئێستا با پرسیارێك لەبارەی رووبەڕووبوونەوەی هەزری داعشەوە بكەین و بپرسین: چۆن رووبەڕووی داعش و هەزری داعشییانە ببینەوە؟

سەرەتا گرنگە ئەوە بزانین كە دوو جۆر جەنگ لە دژی تیرۆری داعش پێویستن، یەكەمیان: جەنگێكی كورتخایەن، كە پێویستی بە چەكی قورس و تەكتیكی نوێ هەیە. دووەمیان: جەنگێكی درێژخایەنی فیكری كە ئەركی قورس و بیری نوێی دەوێت، چونكە چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەم دیاردە دزێوەی تیرۆر، هەر لە هزر و مێشكەوە دەست پێ دەكات.

جا لەبەر ئەوەی داعش و هاوشێوەكانی پەنا دەبەنە بەر دەقی ئایینی ئیسلام بۆ فریودانی خەڵك، بۆیە زۆر گرنگە سەرەتا لە رووی ئایینییەوە بەرەنگاری هەمان هزر ببینەوە بە دەرخستنی چەند راستییەك لەوانە:

● **یەكەم: دەرخستنی ئەو راستییەی كە تیرۆر پێچەوانەی بنەماكانی ئایینە، چونكە:**

١. تیرۆر پەیامی مەرگە، لە كاتێكدا ئایین پەیامی ژیانە.

٢. تیرۆر ترس و تۆقاندنی كۆمەڵگە و هۆكاری وێرانكارییە، لە كاتێكدا ئایین ئارامی و ئاسوودەیی و ئاوەدانكردنەوەیە.

٣. تیرۆر هۆكاری سەپاندنی بیرو هزری هاوردەكراوی كەمینەیەكی سەرلێشێواو و دەروون نەخۆشە، لە كاتێكدا مرۆڤی رێنماییكار تەنیا بیرخەرەوەیەو مافی سەپاندنی رای خۆی بەسەر كەسەوە نییە.

٤. تیرۆر شەڕ بە دین دەكات، شەڕ بۆ دین ناكات، واتە دین بەكاردەهێنێت، لە كاتێكدا ئایین ئاشتی بۆ تاك و كۆمەڵگە داوا دەكات.

٥. تیرۆر لە هەوڵی رەشەكوژیی مرۆڤدایە بەبێ یاساو دادگا، لەكاتێكدا ئایین دەڵێت كوشتنی یەك مرۆڤ وەك كوشتنی هەموو خەڵك وایە.

● **دووەم: دەرخستنی ئەو راستییەی كە ئایین دەبێت رەحمەت بێت، نەك زەحمەت.**

بە سەرنجێك لە راپۆرتە جیهانییەكان لەو راستییە ئاگادار دەبین كە توندڕەوان و تیرۆریستان ئایینی رەحمەتیان كردۆتە هۆكارێك بۆ كارە وەحشیگەراییەكانیان، بۆ نموونە:

بەپێی راپۆرتی ساڵانەی نیشاندەری جیهانیی تیرۆر (گڵۆباڵ تیرۆریزم ئیندێكس)، كە رۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت) لە ژمارەی (١٣١٤٧) لە بەرواری (٢٠١٤/١١/٢٦)دا بڵاوی كردۆتەوە، دەركەوتووە كە:

١. توندڕەویی ئایینی لە ساڵی (٢٠٠١)وە بزوێنەری سەرەكیی هێرشە تیرۆریستییەكان بووە لەجیهاندا.

٢. تەنیا لە ساڵی (٢٠١٣)دا تیرۆر بۆتە هۆی گیانلەدەستدانی نزیكەی (١٨٠٠٠) كەس.

٣. لە (٦٦٪)ی ئەو هێرشانە لەلایەن (٤) گرووپەوە بووە كە ئەوانیش بریتی بوون لە: گرووپی داعش، بۆكۆحەرام، تالیبان، قاعیدە.

٤. زیادبوونێك هەبووە لە ژمارەی قوربانیان بەهۆی كردەوە تیرۆریستییەكانەوە، بە رێژەی (٥) ئەوەندەی هێرشەكانی یازدەی سێپتەمبەری ساڵی (٢٠٠١).

٥. دارێژەرانی راپۆرتەكە وای دەبینن كە زۆرینەی ئەو رووداوانە لەچەند ساڵی رابردوودا

**ئەندازیاران لە بواری ئایینیدا باشترین كڵێساو مزگەوتیان بنیات ناوەو، ئێستاش بە ئیلهام وەرگرتن لەو كولتووورە، ناسنامەی بیناسازیی خۆیان دەپارێزن، كەچی داعش و توندڕەوان لە ژێر پەردەی ئاییندا دەیان مزگەوت و كڵێساو مەزارو دامەزراوەو ئاسەوارە مێژووییەكانیان رووخاند**

**تیرۆر لە هەوڵی رەشەكوژیی مرۆڤدایە بەبێ یاساو دادگا، لەكاتێكدا ئایین دەڵێت كوشتنی یەك مرۆڤ وەك كوشتنی هەموو خەڵك وایە**

**تەنیا لە ساڵی (٢٠١٣)دا تیرۆر بۆتە هۆی گیانلەدەستدانی نزیكەی (١٨٠٠٠) كەس**

**ئایین داوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات، کەچی لە سایەی ئەم تێگەیشتنەی داعش و توندڕەوان لە دین و مەزهەب و حوکمکردن بە ناوی ئایینەوە، ملیۆنەها کەس لەژێر هێڵی هەژاریدان**

**ئایین داوا دەکات مرۆڤ وڵاتی خۆی خۆش بوێت، کەچی ئەم بەناو موسڵمان و توندڕەوانە بڕوایان بە چەمکی نیشتمان نییە و خۆشەویستیی وڵات بە بەشێک لە ئایین نازانن**

لەلایەن ئەو گرووپە توندڕەوانەوە بووە کە هەڵگری ئەجێندای ئایینی دیاریکراو بوون.

٦. لە(٨٠٪)ی قوربانیان بەهۆی تیرۆرەوە لەساڵی (٢٠١٣)دا لە (٥) دەوڵەتدا بووە کە ئەوانیش بریتین لە هەریەك لە عێراق و ئەفغانستان و پاکستان و نایجیریا و سووریا).

(قسەی راپۆرتەکە کۆتایی هات.)

● **سێیەم: دەرخستنی ئەو راستییەی کە ئایین دەبێت کۆمان بکاتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە، نەك لێکمان دابڕێت بۆ وێرانکاری.**

هەرکاتێك ئایین لە رێڕەوی ئینسانی و مرۆیی خۆی دەرهێنرا بۆ ململانێی سیاسی و حزبی، ئەوسا شەڕو پێکدادانی تائیفی و کوشتن و تەقاندنەوە زۆر بە روونی دێنەئاراوە، ئەوساش لەجیاتی ئەوەی یەك ئایینی ئەو خەڵکە کۆبکاتەوە، کەچی بەحزبیکردنی ئایین، خودی ئایینەکە و ئاییندارانیش دابەش دەکات.

بۆیە ئایینی ئاییندارن زۆر جیاوازە لەو بەناو ئایینەی کە تیرۆریستان بانگەشەی بۆ دەکەن.

١. ئایین واتە خێرخوازی و کاری خۆبەخشی، کەچی لای توندڕەوان ئایین واتە هەمیشە شەڕخوازی و کوشتن.

٢. مێژوو دەڵێت: بەهۆی ئایینەوە ئەندازیاریی خانووبەرە پێشکەوت، چونکە ئەندازیاران لە بواری ئایینییدا باشترین کڵێساو مزگەوتیان بنیات ناوەو، ئێستاش بە ئیلهام وەرگرتن لەو کولتووورە، ناسنامەی بیناسازیی خۆیان دەپارێزن، کەچی داعش و توندڕەوان لەژێر پەردەی ئاییندا دەیان مزگەوت و کڵێساو مەزارو دامەزراوەو ئاسەوارە مێژووییەکانیان رووخاند.

٣. ئایین سیمبوڵی پاراستنی خێزان و منداڵە لە سایەی ئینسانییەت و ئاشتیدا، کەچی ئایین لای داعش و توندڕەوان بریتییە لە خستنەوەی ملیۆنان منداڵی بێ سەرپەرشت و ملیۆنان ئافرەتی بێوەژن.

٤. ئایین داوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات، کەچی لە سایەی ئەم تێگەیشتنەی داعش و توندڕەوان لە دین و مەزهەب و حوکمکردن بە ناوی ئایینەوە، ملیۆنەها کەس لەژێر هێڵی هەژاریدان.

٥. ئایین داوا دەکات مرۆڤ وڵاتی خۆی خۆش بوێت، کەچی ئەم بەناو موسڵمان و توندڕەوانە بڕوایان بە چەمکی نیشتمان نییە و خۆشەویستیی وڵات بە بەشێك لە ئایین نازانن.

٦. ئایین داوا دەکات مرۆڤ تەساموح و تۆلیرانس بە خەرج بدات و، تۆڵەسەندنەوە بۆ خوا بەجێ بهێڵێت بۆ قیامەت، کەچی توندڕەوانی ئایینی کاری قیامەتیان هێناوەتە دنیا و دنیایان کردۆتە مەیدانی تۆڵەسەندنەوە لە یەکدی.

٧. ئایین کار دەکات بۆ بنیاتنانی کەسایەتیی راستگۆ و دەست خاوێن و ناخ پاك و خاویست و خاکپارێز و خەڵکدۆست، کەچی ناخی ئەم داعش و توندڕەوانەی ئایینزا تائیفییانە، پڕە لە سرووتی بێ گیان و کاری رووکەشی و بوغز و قین و شەڕانگێزی و خوێنڕشتن و کوشتار.

٨. ئایینی راستەقینە فێرمان دەکات کە



هەرمرۆڤێك وەكو تاك، لەم دنیادا سێ بازنەی برایەتیی سەرەكی دەورەی داوە، كە ئەوانیش بازنەی (برایەتی نەتەوایەتی) و بازنەی (برایەتی ئیمانی) و بازنەی (برایەتی ئینسانی)ن، واتە یان لە هەرسێ بازنەكەدا، یان لە دووانیان، یان لە یەكێكیاندا هەر دەبنە برا، بەڵام ئەو توندڕەوانە تا ئێستاش لەو راستییە ساكار و جوانانە نەگەیشتوون كە یەكێك لە ناوەكانی خوای گەورە (الجامع)ە، واتە (كۆكەرەوە)، كەچی ئەوان هەر حەزیان بە ناكۆكیی لێكدابڕان و كوشتنی مرۆڤەكانە.

**• چوارەم: دەرخستنی ئەو راستییەی كە نەتەوە و ئایین دەبێت تەواوكار بن بۆ یەكدی نەك جیاكار:**

پێویستە تێگەیشتن لە ئایین لە دەرەوە هاوردە نەكەین، چونكە زاناو مەلا و شێخانی كورد بە درێژایی مێژوو هەر خۆیان هەردوو چەمكی نیشتمان و ئایینییان پێكەوە گرێ داوە، هەر ئەوانیش بوون كە بە ئاییندارییان خەباتیان بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییمان كرد و، لەوانیشەوە فێر بووین كە:

١. هەموو نەتەوەیەكی خاوەن ئایین دوو ناسنامەی هەیە، ناسنامەیەكی نەتەوایەتی و ناسنامەیەكی ئایینی و پەیوەندیی نێوانیشیان تەواوكارییە و ناسنامەی ئایینی جێگەی ناسنامەی نەتەوەیی ناگرێتەوە.

٢. لە ئاییندا خاك یەكسانە بە ژیان، بێ خاكیی یەكسانە بە مردن، شەڕیش لە دژی خاك یەكسانە بە شەڕ لەدژی ئایین.

**• پێنجەم: دەرخستنی ئەو راستییەی كە تەنیا بە برەودان بە هزری تۆلێرانس و لێبووردەیی ئایینی بە ئارامی دەگەین.**

پێویستە ئەو راستییە لەبیر نەكەین كە تەنیا ئەم هەرێمەی ئێمە ماناكانی تۆلێرانس و لێبووردەیی ئایینی و نەتەوەیی بەرجەستە كردووە لەم ناوچە پڕ لە شەڕ و ئاشووبەدا، بۆیە جێگەی دوو ملیۆن پەناهەندەی جیاواز لە نەتەوە و جیاواز لە ئایین و جیاواز لە ئایینزای كردۆتەوە، چونكە گەلی كورد تێگەیشتنی تایبەت و مرۆڤدۆستانەی خۆی هەیە بۆ ئایین، لە روانگەی دابینكردنی بەشێكی زۆر لە پێداویستییەكانی تۆلێرانس و لێبووردەیی وەك:

١. هەبوونی بنەمای هاووڵاتیبوون و یەكسانی و مافی جیاوازبوون و فرەیی و چاودێریكردنی هەر گوفتار و رەفتارێكی جیاكاری.

٢. هەبوونی یاساو رێسای رێگر لە سەرپێچیكاران بەرامبەر ئایین و نەتەوەكان.

٣. هەبوونی پرۆگرامێكی پەروەردەیی و فێركردن لەسەر بنەمای یەكسانی، چونكە تۆلێرانس پەروەردەیە.

٤. ئازادیی رادەربڕین و پەخشكردنی بەهاكانی تۆلێرانس و پێكەوەژیان و قەبووڵكردنی فرەیی و جیاوازبوون و قەبووڵكردنی مافەكانی ئەوانی دی .

**• شەشەم: دەرخستنی ئەو راستییەی كە دەكرێت بە میكانیزمی جۆراوجۆر خۆ بپارێزین لە تیرۆر، وەك:**

**ئایین داوا دەكات مرۆڤ تەساموح و تۆلیرانس بە خەرج بدات و، تۆڵەسەندنەوە بۆ خوا بەجێ بهێڵێت بۆ قیامەت، كەچی توندڕەوانی ئایینی كاری قیامەتیان هێناوەتە دونیا و دنیایان كردۆتە مەیدانی تۆڵەسەندنەوە لە یەكدی**

**پێویستە تێگەیشتن لە ئایین لە دەرەوە هاوردە نەكەین، چونكە زاناو مەلا و شێخانی كورد بە درێژایی مێژوو هەر خۆیان هەردوو چەمكی نیشتمان و ئایینییان پێكەوە گرێ داوە، هەر ئەوانیش بوون كە بە ئاییندارییان خەباتیان بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییمان كرد**



١. هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بەردەوامی لاوان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانستە ئایینییەکان لەلایەن کەسانی شارەزاو پسپۆڕی خاوەن هزری میانەڕەو.

٢. خستنەڕووی ئاکام و زیانەکانی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی چەك و توندوتیژی.

٣. خستنەڕووی دەرئەنجامە ترسناکەکانی تەکفیرکردنی تاك لە کۆمەڵگە.

٤. نوێکردنەوەی گوتاری مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان.

٥. دانانی ڕێنمایی پێویست بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە مەرجەکانی پەخشکردنی بابەتە ئایینییەکان.

٦. سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی سەرکەوتوو لە بواری بنبڕکردنی تیرۆردا.

٧. ئامادەکردنی باس و توێژینەوەوە بۆ هاوکاری لە نێوان ڕۆڵی (جامع) و (جامعە) دا.

٨. خستنەڕووی ئەو سزا یاساییانەی کە ڕووبەڕووی تیرۆریستان دەبێتەوە.

٩. باسکردنی ڕووی قێزەونی تیرۆر لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکاندا.

١٠. کاراکرنی ڕۆڵی فیکریی یەکێتی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

**● حەوتەم: دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە خێزان دەتوانێت ڕووبەڕووی تیرۆر ببێتەوە لە ڕێگەی:**

١. ئەنجامدانی پێداچوونەوەو هەموارکردنەوە بۆ زۆرێك لە یاساکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بە ئاراستەی بنیاتنانی خێزانی پشتبەستوو بە ماناکانی خۆشەویستی و ئارامی و سەقامگیریی دوور لە توندوتیژیی خێزانی.

٢. دارشتنی ستراتیژیەتێکی درێژخایەن و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی خولیی لە نێوان وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستنی دیدگا و ئامانج و پرۆژەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خێزانی.

٣. چاکترکردنی ڕۆڵی دادگاکان و پارێزەرانی پسپۆڕ بۆ گرتنەبەری میکانیزمی پشتبەستوو بە ئەزموونەکانی سەردەم بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژیی خێزانی.

٤. کاراترکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تایبەتمەندن لە بواری چاکسازیی خێزانی.

٥. بەشداری پێکردنی زانایانی ئایینی لە هەوڵەکانی ڕوونکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژیی خێزانی و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەکانی.

٦. زیادکردنی ڕۆڵی میدیاو ڕاگەیاندن لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو بابەتانەی کە یارمەتیدەرن بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی توندوتیژیی خێزانی.

٧. داهێنانی ڕابەری خێزانی بۆ هۆشیاری لە بواری هاوسەرگیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٨. کارکردنی هەمەلایەنە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو هۆیانەی کە دەبنە مایەی تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەران و تێکچوونی شیرازەی خێزان.

٩. ئەنجامدانی توێژینەوەی وردتر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکانی تەڵاق و جیابوونەوە.

١٠. بایەخدان بە ڕۆشنبیریی پرۆسەی هاوسەرگیری بە شێوازی سەردەمییانە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق لە کۆمەڵگەدا کە ئێستا بەداخەوە لە زیادبووندایە و خێزانی هەڵوەشاوەش هۆکارێکی بەخشینی ئەندامە بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان .

١١. بایەخدانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە پرۆسەی هۆشیاری لەبارەی بەهاکانی پەیوەست بە خێزان و خانەی بێ باوکان و بەساڵاچووان .

**● هەشتەم: دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە کەرتی پەروەردە دەتوانێت بەرەنگاری تیرۆر ببێتەوە لە ڕێگەی :**

١. پێناسەکردنەوەو گۆڕینی چەمکی ئاسایش لە ئامرازێکی گرتن و ترسەوە بۆ پێناسکردنی وەك پیشەیەکی پێویست و ئامرازێکی پاراستنی تاك و کۆمەڵگە .

٢. تەرخانکردنی بەشێکی پرۆگرامی هەر قۆناغێکی خوێندن بە بابەتەکانی ئاسایشی گشتی و ڕۆشنبیرکردنی قوتابیان

**هەموو نەتەوەیەکی خاوەن ئایین دوو ناسنامەی هەیە، ناسنامەیەکی نەتەوایەتی و ناسنامەیەکی ئایینی و پەیوەندیی نێوانیشیان تەواوکارییە و ناسنامەی ئایینی جێگەی ناسنامەی نەتەوەیی ناگرێتەوە**

**لە ئاییندا خاک یەکسانە بە ژیان، بێ خاکیی یەکسانە بە مردن، شەڕیش لە دژی خاک یەکسانە بە شەڕ لەدژی ئایین**

لە قوتابخانەکاندا بە گرنگیی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی.

٣. ئاگادارکردنەوەی قوتابیان لە مەترسییەکانی کەلتووری نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردستانی و هزری توندڕەویی نامۆ بە تێگەیشتنی کوردانە لە ئایین و مەترسیی مادده هۆشبەرەکان .

٤. خستنەڕووی زیانە دوورو نزیکەکانی مادده هۆشبەرەکان و، خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم و ئالوودەبوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٥. کارکردن لەسەر بووژاندنەوەی بەها ئەخلاقی و مرۆییەکانی وەك:

- راستگۆیی و دەستپاکی و داوێنپاکی.
- عەدالەتخوازی و یەکسانی و لێبووردەیی و پاراستنی ژینگە.
- هاوکاریی و بەزەیی و رێز و بەرپرسیارێتی.
- هاووڵاتیبوون و نیشتمانپەروەری و تێکۆشان.
- ئارامگرتن و متمانە و ئازایەتی.
- جواندۆستیی و داهێنانکاری.

**● نۆیەم: دەرخستنی ئەو راستییەی کە میدیا دەتوانێت رووبەڕووی تیرۆر ببێتەوە لە رێگەی:**

١. کاراکردنی میدیا بۆ راهێنانی هاووڵاتییان لەسەر ئەوەی کە پابەندبوون بە یاساو یاساپارێزی ئازایەتییە، نەك ترسنۆکی.

٢. رەتکردنەوەی هەر گوفتارو رەفتارێکی نامۆ بە کۆمەڵگەی ئاشتیخوازو لێبووردەی کوردەواری.

٣. خستنەڕووی ئەو راستییەی کە هەر سەکۆیەکی ئازاد بۆ رادەربڕینی ئازاد، بەرهەمی هەبوونی زەمینەیەکی ئارام و کۆمەڵگەیەکی سەقامگیرو مرۆڤی ئاشتیخوازە لەپێشدا.

٤. تەرخانکردنی بەرنامەی میدیایی و هۆشیاری لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە سەبارەت بە زیندووکردنەوەی بەها باڵاکان و رەوشتە کۆمەڵایەتییەکان و رەفتارە مەدەنییەکان و رێکارە شارستانییەکان.

**● دەیەم: دەرخستنی ئەو راستییەی کە پێویستە پێداچوونەوەو چاکسازی لە گوتاری ئایینیدا بکەین لە رێگەی:**

١. گەڕانەوە بۆ ئەو چەمکە ئایینییەی کە دەڵێت: باوەڕداران بران، نەك قەتیسبوون لەو چەمکە سیاسییەی کە دەڵێت: تەنها برایان باوەڕدارن.

٢. گەڕانەوە بۆ ئیسلامیی کۆمەڵایەتی و وازهێنان لە ئیسلامی سیاسی.

٣. رێنماییکارانی ئایینی لەنێو خەڵکدا حەکەم بن، نەك بە سەر خەڵکدا حاکم بن.

٤. کارکردن لەسەر ئاییندارییی خۆماڵی و تێپەڕکردنی بیروڕا جیهانییەکان بە فلتەری کوردیدا بۆ خۆماڵیکردنی.

٥. گەڕانەوە لە چەمکی نیشتمانی ئیسلامەوە بۆ ئیسلامی نیشتمانی.

٦. تێگەیشتنی کوردانە لە ئیسلام و کارکردن لەسەر چەمکی ئیسلامی کوردی، چونکە ئیسلامی جیهانی تەنیا ئەو ئیسلامەیە کە لە قورئان و بەشێکی فەرموودەی راستدا هاتووە و، ئەوی دی ئیسلامی شوێن و کات و کەسانی ئەو شوێن و کاتەیە، هەر لەبەر ئەمەش نابێت قسە و لێکدانەوەی هیچ بیرمەندێك کە بۆ شوێن و کات و کەسانی خۆی قسەی کردووە، بکرێتە بۆچوونێکی جیهانی و گشتی و بەسەر کەس و شوێن و زەمانی دی پیادە بکرێت، چونکە گشتاندنی لۆکاڵ بەسەر گلۆباڵدا، یان بەش بە سەر هەمموودا، کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر تەماشای ئەو ئەزموونانە بکەین کە لە دەوروبەرماندا هەن، دەتوانین ئیسلامی لە سەر پۆلێن بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە رووی بیروبۆچوونەکانەوە ئیسلام شێوە بە کۆمەڵگە دەدات، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە کۆمەڵگە شکڵ بە ئیسلام دەدات، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانیت ئەو پۆلێنە بکەی کە ئیسلامی ئەورووپی جیاوازە لە ئیسلامی ئاسیایی و ئیسلامی عەرەبییش جۆرێکە و هی ئەفغانی یان ئێرانیش جۆرێکی دیکەن لەپراکتیزەکردندا.

هەر لەبەر ئەمەشە من بە رای تایبەتیی خۆم لە ساڵی (٢٠٠٧)ـەوە گوتوومە و نووسیومە کە حەزدەکەم شتێك هەبێت بە ناوی ئیسلامی کوردی، ئەو ئیسلامەی کە خەڵکەکەی کوردن، بیرکردنەوەیان کوردییە، لەم سەدەی بیست و یەکە و لەسەر ئەم خاکەی کە کوردستانە، وەکو کوردێك لە ئایین دەگەن و پیادەی دەکەن.

**تەنیا ئەم هەرێمەی ئێمە ماناکانی تۆلێرانس و لێبووردەیی ئایینی و نەتەوەیی بەرجەستە کردووە لەم ناوچە پڕ لە شەڕ و ئاشووبەدا، بۆیە جێگەی دوو ملیۆن پەناهەندەی جیاواز لە نەتەوە و جیاواز لە ئایین و جیاواز لە ئایینزای کردۆتەوە**

**گەڕانەوە بۆ ئەو چەمکە ئایینییەی کە دەڵێت: باوەڕداران بران، نەك قەتیسبوون لەو چەمکە سیاسییەی کە دەڵێت: تەنها برایان باوەڕدارن**

د.محەمەد حوسێن پێنجوێنی
یاریدەدەری راگری کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سلێمانی بۆ گوڵان:

# عیرفان و خواناسیی پاک پێویستی بە بیر و سەقامگیری و سرەوتنی قووڵ هەیە

پێویستە مامۆستایانی ئایینیی ئیسلام خۆیان بە خاوەنی گشت بزانن و گشتیش بە خاوەنی خۆیان بزانن، لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەرجەستەبووە و رەنگدانەوەی جوانی هەبووە و زانایان و مامۆستایانی ئایینییش لە برەوپێدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا رۆڵی گەورە و کاریگەریان هەبووە و توانیویانە ببنە هەوێنی تەبایی و برایەتی و پێکەوەژیان، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەست بە گۆڕانکارییەك دەکرێت بە ئاراستەی کەمکردنەوە و کاڵکردنەوەی ئەم رۆڵە، ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری ئەم دیدارەمان لەگەڵ (د.محەمەد حوسێن پێنجوێنی) یاریدەدەری راگری کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سلێمانی کە هاوکات گوتارخوێنی مزگەوتی خاتوو ستارە کوێسەییە، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** ئەگەر لەسەرەتاوە بەو خاڵە دەست پێ بکەین، کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی پیاوان و زانایانی ئیسلامی لە کوردستان، راستەوخۆ ئەوین و عیرفانمان بەرچاو دەکەوێت، ئەم عەشق و عیرفانە ئایینییە چەندین زانا و فەیلەسوف و شاعیری گەورەی بۆ نەتەوەکەمان دروست کردووە، بەڵام ئێستا ئەم عیرفانە ئیلاهییە وەك پێشتر نابینین و زانا و فەیلەسوف و شاعیری گەورەش لە ریزی مامۆستا و زانایانی ئیسلامدا نابینین، ئایا هۆکاری ئەم وەرچەخانە نەرێنییە چییە؟**

- عەشق و عیرفانی پیاوان و زانایانی ئیسلامی، پەیوەندی بە بژێوی خەڵك و ئەو بابەتە رەهاییە دەروونییانەوە هەبووە کە پێشتر مامۆستایانی ئایینی تێیدا ژیاون، بۆ نموونە: ئەو مامۆستایانەی قەڵەم و خامەیان بەهێز بووە لە دەرەوەی شار لە گوندەکان ژیاون و لەناو سرووشت و جوانیی شاخ و دەشت و دۆڵی کوردستان بوون، کە وایکردووە لە رووی دەروونی و هەناوییانەوە هەست بە سرەوتن و ئارامی بکەن، لە راستیدا شیعر و نووسینی بابەتە عیرفانییەکان و خواناسی، خۆی لەخۆیدا بیر و سرەوتێکی قووڵی سەقامگیری دەوێت، لە سەردەمی پێشوو هۆکارەکانی سەرقاڵبوونی زانایانی ئایینی زۆر کەم بووە، وەکو ئێستا ئەو هەموو کاریگەرییەی وەك (تەلەفۆن، مۆبایل،

**زۆر لەمامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کەڵە پیاو و مەلاکانی ئەو سەردەمە بۆ ئێمەیان باس کردووە، کە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی حورمەت و ڕێزێکی بێ سنووری بۆ مامۆستایانی ئایینی هەبووە**

**زۆر گرنگە سەرۆک وەزیرانی نوێی حکومەت لە خەڵکی نزیک ببێتەوەو گوێبیستی داواکاری و خواستەکانیان بێت**

**تەنیا چەند حاڵەتێکی ناتەندروستمان هەیە، کە تێیدا زانایانی ئیسلامیی کوردستان بە ئاراستەیەکدا دەڕۆن کە هاوشانی هێڵە نیشتمانی و نەتەوەییەکە نییە**

**پێویستمان بەوە هەیە کە زانایانی ئایینی دیدە ئایینییەکە بکەنە دیدێکی نیشتمانی، چونکە ئایینی ئیسلام پشتیوانی نیشتمانیبوون دەکات**

ئینتەرنێت، تەلەفزیۆن) و بابەتەکانی دیکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەهاتبووە پێشەوە کە کاریگەری کردووەتە سەر ئەو ناخ و دەروونە سازە و ناتواندرێت لەم دۆخەدا هەڵقولاوی ناو ئەو عەشق و عیرفانە ئیلاهییە بین، ئەمە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دوورکەوتنەوە لە عەشق و عیرفانە ئیلاهییەکە.

*** بە درێژایی مێژوو ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هێڵە نیشتمانی و نەتەوەییەکەمان هاوشانی یەکتری و بۆ یەك ئامانج پێکەوە ڕۆیشتوون و بەردەوام ئایینی ئیسلام پشتگیریی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەمان بووە، ئایا هەست ناکرێت کە خەریکە بەشێك لە زانایانی ئیسلامیی کوردستان بە ئاراستەیەکدا دەڕۆن، کە هاوشانی هێڵە نیشتمانی و نەتەوەییەکە نییە؟**

- ئەمە گشتگیر نییە، تەنیا چەند حاڵەتێکی ناتەندروستمان هەیە، کە تێیدا زانایانی ئیسلامیی کوردستان بە ئاراستەیەکدا دەڕۆن کە هاوشانی هێڵە نیشتمانی و نەتەوەییەکە نییە، چونکە هێڵە گشتییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەرگری لە مەزڵووم دەکات، بەو پێیەی ئێمەش نەتەوەیەکی مەزڵوومین، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش بەرگری لە سەربەخۆیی مرۆڤەکان و دید و ئابڕوو و پێگەیان دەکات، هەربۆیە ئێمە وەکو کورد پێویستمان بەوە هەیە کە زانایانی ئایینی دیدە ئایینییەکە بکەنە دیدێکی نیشتمانی، چونکە ئایینی ئیسلام پشتیوانی نیشتمانیبوون دەکات، ئێمەش بەهاوشێوەی عەرەب و تورك و فارس و نەتەوەکانی دیکەی ئیسلام کە دەوڵەت و نیشتمانی خۆیان هەیە، پێویستە لەسەر خاك و نیشتمانی خۆمان سەربەخۆ بین. مادام ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئیقرار لە سەر موڵکییەتی تایبەتی دەکات، کە مرۆڤ خاوەنی زەوی و خاك و ئاوی خۆیەتی، خوای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: (وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا) واتا خوا ئیقرار دەکات بە شەعب و بە هۆز، کە دەتوانین بڵێین شەعب دەوڵەتێکی گشتگیرە، هۆزیش ویلایەتەکانە هەر کەسەو مافی خۆی هەیە. کاتێکیش پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (وأَنْتِ أَحَبُّ بِلَادِ اللهِ إلَيَّ، فَلَوْ أَنَّ الْمُشْرِكَينَ لَمْ ..) واتا مەککە خۆشترین شوێنی ئەو وڵاتەیە و خۆشترین شوێنی دنیایە لەلای من و ئەگەر قەومەکە منیان وەدەرنەنایە من هەرگیز مەککەم بەجێنەدەهێشت.

*** هەموو کات زانایانی ئیسلامیی کوردستان هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئارامی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەو ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیانەی کوردستانە، بەڵام لە ئێستادا هەست دەکرێت زانایانی ئیسلام لەم ئەرکە گرنگەی خۆیان هەندێك پاشەکشەیان کردووە، ئایا هۆکاری ئەم پاشەکشەیە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- ناتوانین بڵێین زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کەموکورتییان نییە، دەبێت دەست لەسەر برینەکان دانێین، ناکرێت زانایانی ئایینی ئیسلام پێگەی خۆیان لەدەست بدەن، لەکاتێکدا هەموو موسڵمانان بە جیاوازیی ئینتمای حزبی و بیروبۆچوونیانەوە پارتی بێت، یان یەکێتی، یان گۆڕان و هەر حزب و لایەنێکی دیکەی سیاسی، هەموویان دێنە مزگەوت و لە فاتیحە و بۆنەکاندا بەشدار دەبن، هەر بۆیە مامۆستا و زانایانی ئیسلام هەمووان دێنە لایان و لەکاتی هاتنی هەر حزب و لایەنێك نابێت مامۆستای ئایینی پێگەکەی خۆی لە بیر بچێتەوە. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «خوایە بەقەدر و ڕێز نەبێت ئوممەتێك ئەگەر مافی هەژار و کەمدەرامەتانی تێدا بخورێت..» بۆیە دەبێت منی مامۆستای ئایینی هەموو کات لەگەڵ چینی هەژارو خەڵکی مەزڵوومی نەتەوەکەمدا بم، دەبێت هۆکاری ئاشتەوایی بم و دژی فیتنە و دووبەرەکی بم، لە کوێ گرێکوێرەیەك هەبێت، بیکەمەوە و چارەسەری بکەم، ئاو بە ئاگردا بکەم و هۆکاری ئاشتەوایی بم، خوای گەورە کاتێك بە مووسا (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت و ئەمە بۆ پێغەمبەر(د.خ) روون دەکاتەوە، بەوەی فیرعەون (وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا) بەنی ئیسرائیلی پارچە پارچە کرد، تاوەکو بتوانێت بەسەر میللەتەکەیاندا زاڵ بێت و قووتیان بدات، بۆیە ئێمە وەکو نەتەوە لەهەموو کات زیاتر پێویستمان بە مامۆستای ئایینی ژیر و عاقڵ و دووربینە، هەروەکو چۆن پێویستیمان بە سەرکردەی باش هەیە و

پێویستمان بە وەزیری خواناس و راوێژکاری ئەمین هەیە. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (التَّاجِرُ الصَّدُوقُ الأَمِينُ مَعَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ) واتا بازرگانێکی راستگۆ کە لە بازرگانیکردندا لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی درۆ نەکات و ئەمین و دەستپاك بێت، ئەوا لە رۆژی دواییدا حیسابی لەگەڵ شەهیدەکانە. هەریەك لە ئێمە زانای ئایینی بێت، یان سەرکردە، ئەگەر وردبین و ژیر و دووربین بین، پێویستە نەتەوەکەی خۆمان نەکەین بە گژ یەکتردا و هەوڵ و کارەکانمان بۆ تەبایی و ئاشتەوایی بێت، ئەگەر مامۆستایەکی ئایینی خۆی بە لایەن و حزبێکدا دەربخات، ئەوا حزب و لایەنەکانی دیکە گوێی لێ ناگرن و ناتوانێت رۆڵی ئاشتەوایی ببینێت، دەبێت لە زهن و بیرو هۆشیدا بێت کە هەموو تاك و خێزان و ئەندامەکانی حزب و لایەنەکان موڵکی نەتەوەو ئەم نیشتمانەن، خۆ ئەگەر نەتەوەو نیشتمانمان پارێزراو نەبێت، دوارۆژمان بەرەو لەناوچوون دەچێت و پێگەمان لەدەست دەدەین.

*** لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا بە رێبەرایەتی مستەفا بارزانیی نەمر، حزبی سیاسیی ئیسلامی بوونی نەبووە، بەڵام مامۆستایان و زانایانی ئیسلامی کوردستان رۆڵێکی هێجگار کاریگەریان لەسەر تەواوی بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك و شێوازی خەباتی پێشمەرگە هەبووە، ئایا تاچەند حزبە ئیسلامییەکان بوونە فاکتەری دروستبوونی بۆشایی لە نێوان زانایانی ئایینی ئیسلام و خەڵکی کوردستاندا؟ ئایا ئینتمای هەندێك لە زانایانی ئیسلامی کوردستان بۆ حزبە ئیسلامییەکان تاچەند متمانەی زانایانی ئیسلامی لای خەڵك کاڵ کردۆتەوە؟**

- دەبێت مێژوو لە بیر نەکەین کە جەنابی مەلا مستەفای بارزانی حورمەتێکی وا گەورەی بۆ مەلا هەبوو، رەنگە ئەوانەی ئێستا کە لە گۆڕەپانەکەدان وەکو دیدی ئەو نەڕواننە حورمەتی مەلا و زانای ئایینی، زۆر لەمامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کەڵە پیاو و مەلاکانی ئەو سەردەمە بۆ ئێمەیان باس کردووە، کە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی حورمەت و رێزێکی بێ سنووری بۆ مامۆستایانی ئایینی هەبووە. دواتر من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من هاوڕام لەگەڵ ئەو دیدەی کە ئینتمای زانا و مامۆستایانی ئایینی بۆ حزبە سیاسییەکان متمانەیان لای خەڵك کەم دەکاتەوە، چونکە مامۆستای ئایینی دەبێت خۆی بەخاوەنی گشت بزانێت و گشتیش بە خاوەنی خۆی بزانێت، لەکاتێکدا مامۆستای ئایینی خۆی دایە پاڵ پارتێکی سیاسی، یان ئایینی، ئەوا پێگەی گەورەی خۆی لەدەست دەدات.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند گرنگە مامۆستایانی ئایینی ئەو رۆڵ و پێگەیەی خۆیان لە خزمەتی لێکنزیکبوونەوەی سەرۆك حزبەکان و خەڵکیدا بێت و ببنە هۆکارێك بۆ بەهێزبوونی کوردستان و خۆشگوزەرانیی خەڵك؟**

- سەرەتا هەموو خەڵك بەندەی خوایە، پێغەمبەر(د.خ) لە سوڵحێکدا بوو، پیاوێك بەناوی سەهل هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: (انشاالله ئەم سوڵحە سەهل دەبێت..) واتا باوەڕی بەخوا هەبووە، ئەم ناوە دەبێتە خێر، ئینشاءالله منیش باوەڕم بەخوای خۆم هەیە کە ئاشتی و بزەی لێو لەم سەرۆك وەزیرانەی نوێی حکومەت بەدی دەکرێت و ئومێدم هەیە، بەسۆزو بەزەیی خوای گەورە ئەو کەسە هۆکاری سروور و ئاشتەوایی و بزەی لێوی خەڵك بێت، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: «هەر سەرۆك و سەرکردەیەك خوا کاری خێری پێ بێت، ئەوا خەڵکی باش و عاقڵ و ژیر و بیرمەندی لە خەڵکی عەشائیر و زانا و بیرمەند و دیندار و خواناسەکان لە هەموو ئایینەکان لێی نزیك دەکاتەوە، هەر بۆیە زۆر گرنگە سەرۆك وەزیرانی نوێی حکومەت لە خەڵکی نزیك ببێتەوەو گوێبیستی داواکاری و خواستەکانیان بێت. لەکۆتاییشدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەو کەسەی دەیەوێت پێشەواو سەرکردەو رابەر بێت، دەبێت زۆر لێبووردە بێت، سەخی تەبیعەت بێت و بەرامبەر خەڵکی زۆر بەخشندە بێت، بەم شێوەیە خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، هەروەها ئەوانەی لە دەوروبەری ئەون و کاریان پێ دەسپێرێت، دەبێت زۆر شیاوی ئامانەتپارێزی بن.

**ئێمەش بەهاوشێوەی عەرەب و تورك و فارس و نەتەوەکانی دیکەی ئیسلام کە دەوڵەت و نیشتمانی خۆیان هەیە، پێویستە لەسەر خاك و نیشتمانی خۆمان سەربەخۆ بین**

**ئێمە وەکو نەتەوە لەهەموو کات زیاتر پێویستمان بە مامۆستای ئایینی ژیر و عاقڵ و دووربینە، هەروەکو چۆن پێویستیمان بە سەرکردەی باش هەیە و پێویستمان بە وەزیری خواناس و راوێژکاری ئەمین هەیە**

**من هاوڕام لەگەڵ ئەو دیدەی کە ئینتمای زانا و مامۆستایانی ئایینی بۆ حزبە سیاسییەکان متمانەیان لای خەڵک کەم دەکاتەوە، چونکە مامۆستای ئایینی دەبێت خۆی بەخاوەنی گشت بزانێت و گشتیش بە خاوەنی خۆی بزانێت**

**ئەو کەسەی دەیەوێت پێشەواو سەرکردەو رابەر بێت، دەبێت زۆر لێبووردە بێت، سەخی تەبیعەت بێت و بەرامبەر خەڵکی زۆر بەخشندە بێت**

# ئیسلامی سیاسی له رۆهینگا

هەموو ئایینەكان بۆ بەختەوەریی مرۆڤایەتی و ئاشتی هاتوون، بەڵام لەنێو هەموو ئایینێكدا گرووپی توندڕۆ هەن كە تاوان و كۆمەڵكوژی بە ناوی ئایینەوە ئەنجام دەدەن

كاتێ باسی بۆرما، یان میانمار دەكەین، ئەو دەوڵەتەی دەكەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، دەبێ ئاماژە بۆ رۆهینگا The Rohingya بكەین، كە كەمینەیەكی ئیتنی موسڵمانن و لە ولایەتی ئاراكان، یان راخینی رۆژئاوای بۆرما دەژین. ئیسلام لە رێگای بازرگانانی موسڵمانەوە گەیشتۆتە ئەو ناوچەیە، یان زۆربەی ناوچەكانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، ئاراكان لەنێوان ساڵانی (١٤٣٠-١٧٨٣)دا شانشینێكی سەربەخۆی موسڵمانان بووە، بە تێپەربوونی كات موسڵمانان لە دەوڵەتانی دراوسێوە، لە هیندستان و پاكستان و بەنگلادیشەوە كۆچیان بۆ ئەو وڵاتە كردووە، هەروەها بەریتانیای داگیركار بەنگلادیشییەكانی بە مەبەستی كاركردن و خزمەت بۆ بۆرما گواستەوەو لە ئاراكان جێگیربوون، كە زۆرینەیان موسڵمانن، چونكە ئەو وڵاتە بووزیشی تێدا بوو كە بە براخان و هیندۆس ناسراون. هەموو حكومەتەكانی میانمار هەر بە یەك شێوە مامەڵەی لەگەڵدا كردوون، بوونی ئەو كۆچبەرو كرێكارانەیان كردۆتە پاساو بۆ لەناوبردنی موسڵمانان، چاكیشیان دەزانی كە بوونی موسڵمانان لە بۆرما و بەتایبەتیش لە ئاراكان بوونێكی مێژوویی دێرینە، ئەوان خەڵكی دێرینی ناوچەكە بوون، بەڵام سیاسەتوانانی وڵات و راهیبەكانی بوزی پێیانوایە كە بوونی موسڵمانان هەڕەشەیە بۆیان لە سەرتاسەری میانمار، لە سەردەمی شای بووزیدا (بوداوبایا ١٧٨٢-١٨١٩) موسڵمانان رووبەڕووی چەوسانەوەیەكی سەخت بوونەوە، دوای ئەوەی كە مزگەوتەكان و هەر شتێك پەیوەست بێت بە ئیسلامەوە خاپووركران، هاوكات ناودارترین چوار زانای موسڵمانان لە بۆرما دەستگیركران و كوژران دوای ئەوەی رەتیان كردەوە كە گۆشتی بەراز بخۆن، پێشتریش رووبەڕووی هەڵمەتگەلێكی پاكتاوی ئیتنی و ئایینی بوونەتەوە، لە سەردەمی شای بوزی (بایتوانگ) موسڵمانان لە ولایەتی باجۆ لە نێوان ساڵانی (١٥٥٠-١٥٨٩) رووبەڕووی چەوسانەوە بوونەوە، لە ساڵی ١٥٥٩ ئاهەنگی جەژنی قوربان و سەربڕینی قوربانییان لێ قەدەغەكرا، لە ساڵی ١٨٢٤ بەریتانیا بۆرمای داگیركردو تا ساڵی١٨٨٥ مایەوە، بەمەش بۆرما بوو بە بەشێك لە حكومەتی كۆلۆنیالیزمی هیندستانیی بەریتانی، لە ساڵی ١٩٣٧دا دوای راپرسی بۆرما لە هیندستانی بەریتانی جیابۆوە، بەمەش بوو بە كۆلۆنیایەكی سەربەخۆ و پایتەختەكەشی یانگۆن بوو، لە ساڵی ١٩٤١دا



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سێ هاوڕێیەکە لە بۆرما بە پشتیوانیی ژاپۆن شۆڕشێکیان دژی بەریتانیای داگیرکار هەڵگیرساند، لەگەڵ ژاپۆنییەکاندا بەریتانیایان دەرکرد، بۆرمییەکان دابەشبوون لەنێوان لایەنگری ژاپۆن و لایەنگری بەریتانیا، دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان لە ١٩٤٥دا بەریتانیا پاش سەرکەوتنی هاوپەیمانان جارێکی دیکە بۆرمای داگیرکردەوە، بەمەش دژایەتیکردنی بووزی بۆ رۆهینگا زیاتر بوو، بەوەی کە بەریتانیا دژی ژاپۆنییەکان بەکاریان هێناون کە دۆستی بووزی بوون، چونکە بووزی وەك دوژمنی راستەقینە تەماشای بەریتانیا دەکەن، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی مێژووییان، کە بە دەوڵەتی کۆنباونگی بۆرما ناسراوە، لەناوبرد.

رۆهینگا بە حوکمی پەیوەندی و پێگەیان لای بەریتانیا هەوڵی سەربەخۆییان دا، لەساڵی ١٩٤٧ یاخی بوون، هەروەها لە هەمان ساڵدا کەوتنە ژێر کاریگەریی سەربەخۆبوونی پاکستان لە هیندستان، بەڵام بۆرما لە ساڵی ١٩٤٨ سەربەخۆیی لە بەریتانیا وەدەست هێنا، (ساو شوی سایك) Sao Shwe Thaik وەك یەکەم سەرۆکی وڵات دەست بەکار بوو، لەنێوان ساڵانی (١٩٤٨-١٩٥٢)دا حوکمی کرد، دوای ئەوەی هەموو بزووتنەوە جوداخوازییەکانی لەناوبرد، لە ١٩٥٤دا رۆهینگا داوای سەربەخۆییان کردو تا ساڵی ١٩٦١ بەردەوام بوون و جارێکی دیکەش بۆ ئەم مەبەستە یاخی بوونەوە، لە ویلایەتی کاشین کە زۆرینەیان کریستیانن خەڵکەکە یاخی بوون، هەوڵەکانی رۆهینگای موسڵمان و کاشینی کریستیان لەپێناو رزگاری بوو لە ستەمی حکومەتی بووزی، چونکە دەیویست دەوڵەت بە بووزی بکات، واتا دەست بەسەر هەموو خاکەکەدا بگرێت، بۆیە دەوڵەت ئەم هەوڵانەی شکست پێهێنان، لە ساڵی ١٩٦٢دا ژەنەراڵ (نی وین) کودەتایەکی سەربازی بەرپاکرد، سەرکردایەتیی وڵاتی کرد بەناوی ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ ئاشتی و گەشەپێدان، دواتر لە ساڵی ١٩٧٤دا سیستەمی بۆ سۆسیال کۆماری گۆڕی و بوو بە سەرۆك، ئەو لەنێوان ساڵانی(١٩٦٢-١٩٨١)دا حوکمی کرد، لە ساڵی ١٩٨٩ ناوی بۆرما Burmaی بۆ میانمار Myan-mar گۆڕی و پایتەختەکەشی نایبیداو Nay-pydaw بوو، ساومانگ Saw Maung کودەتای دووەمی لە ١٨ی سیپتێمبەری ١٩٨٨ بەرپاکرد، ئەنجومەنی گەڕاندنەوەی سیستەم و یاسای دەوڵەتی دامەزراند، بۆیە رێگەی نەدا بە

**راهیبەکانی بووزی زۆر بە بووزییە توندڕەوەکانی تایلاندو سریلانکا کاریگەر بوون، بۆیە بەردەوام حکومەتەکانیان دنەدەدا بەوەی کە بوونی موسڵمانانی رۆهینگا مەترسییە بۆسەر بووزی**

**لە ساڵی ١٩٧٤دا حکومەتی میانمار ڕەگەزنامەی لە رۆهینگا ستاندەوە، لە ١٩٨٢دا یاسای هاونیشتمانیبوونی دەرکرد، بەپێی ئەمە ڕێگە بە رۆهینگا درا کە لەناو ئەو وڵاتە بژین، لەباتی ڕەگەزنامە کارتێکی سپییان بۆ دوو ساڵ پێ درا، دوای تەواوبوونی ئەو کاتەش دەبێ بەدوای وڵاتێکی دیکەدا بگەڕێن**

**ڕەمەزان قادیرۆڤی سەرۆکی چیچان بەشداریی لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا کردو داوای کرد کە چەکی ئەتۆمی دژی بۆرما بەکاربهێنرێت ئەگەر دەستبەرداری چەوساندنەوەی موسڵمانان نەبێت**

ئۆپۆزسیۆنی ناوداری ئونگ سان سو تشی Auung San Suu Kye - خاوەنی خەڵاتی نۆبل بوو بۆ ئاشتی- سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانی دیموکراسی National League for Democracy کە حکومەت پێکبهێنێت و سەرۆکایەتیی بکات کاتێك لە ساڵی ١٩٩٠ لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوە بوو ژەنەراڵی سەربازی تا ساڵی ١٩٩٧ حوکمی وڵاتی کرد، دواتر ناوەکەی گۆڕی بۆ ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ ئاشتی و گەشەپێدان، سوچی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ خرایەژێر بەزۆرنیشتەجێبوون، تا ساڵی ٢٠١١ هەر سوپا حوکمی دەکرد، دواتر حوکمە سەربازییەکە گۆڕا بۆ حوکمی مەدەنی، تهاین زاین U Thein Sein بوو بە یەکەم سەرۆکی مەدەنیی هەڵبژێردراو، تا ساڵی ٢٠١٦ حوکمی کردو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٥دا سەرۆکی هاوبەندیی نیشتمانیی دیموکراسی خاتوو (ئۆنگ سان سوچی) لە هەڵبژاردنەکاندا بردیەوە، بەڵام نەیتوانی ببێتە سەرۆك وەزیران، چونکە مێردەکەی بیانی بوو، دەستووریش ڕێگە بەمە نادات، بۆیە پەرلەمانی میانمار بڕیاری دا کە هتین کیاو Htin Kyaw ببێتە سەرۆکی وڵات، سوچیش بوو بە وەزیری دەرەوەو ڕاوێژکاری سەرۆك، لە ساڵی ٢٠١٨دا سەرۆك هتین کیاو خانەنیشن بوو، سەرۆکی حزبەکە سوچی (وین مایتی)ی کردە سەرۆکی ئەو وڵاتە.

ئەوەی پەیوەستە بە رۆهینگا، ئەوان ڕەوشیان پێش سەربەخۆبوون باشتر بوو، چونکە هەموو حکومەتەکان بەپلەی جیاواز ستەمیان دەکرد، تا گەیشتە پاکتاوی ئیتنی، لە کۆنگرەی نیشتمانی کە پێش سەربەخۆیی بەسترا بڕیار لە بەئیتنیوونی رۆهینگا درا، هەروەها ڕادیۆیەکیشیان بە زمانی رۆهینگی بۆ دامەزرا، دواتر ناوی رۆهینگا لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەت جێگیر کرا، هاوبەندیی قوتابیانی رۆهینگا لە زانکۆی ڕانگۆن هەبوو، لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥١ پێنج لە رۆهینگا و لە ١٩٥٦دا شەشیان بۆ پەرلەمان هەڵبژێردران، سوڵتان مەحمود کە سیاسەتوانێکی پێشووی سەردەمی هیندی- بەریتانی بوو کرا بە وەزیری تەندروستی لە حکومەتی بۆرما، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات حکومەت زیاتر تەرکیزی دەختە سەر رۆهینگا تاکو بە هەر شێوەیەك بێت لەناویان بەرێت، ڕاهیبەکانی بووزی زۆر بە بووزییە توندڕەوەکانی تایلاندو سریلانکا کاریگەر بوون، بۆیە بەردەوام حکومەتەکانیان دنەدەدا بەوەی کە بوونی موسڵمانانی رۆهینگا مەترسییە بۆسەر بووزی، بۆیە رۆهینگا بەردەوام بەرگرییان لە خۆیان دەکرد چ بە ئاشتی، یان بە شەڕ، تەنانەت هەوڵی جودابوونەوەشیان هەڵاتن بوو لە دۆزەخی سیستەمە سەرکوتکەرەکانی بۆرما، ڕەنگە ڕژێمی سەربازییش لەگەڵ هەمووان توند بووبێت، تەنانەت لەگەڵ ڕاهیبەکانی بووزی لە سەردەمێك لە سەردەمەکاندا، بەڵام ئەوانەی کە بەدەست ڕژێمی سەربازی ناڵاندوویانە و خەڵاتی نۆبلیان بۆ ئاشتی وەرگرتووە، وەك خاتوو سۆچی سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن هیچیان بۆ رۆهینگا نەکرد، کاتێك لە ساڵی ٢٠١٦ دەسەڵاتی وەرگرت، تەنانەت تەهاین ڕاین کە یەکەم سەرۆکی پێش ئەو بوو لە ٢٠١١ تا ٢٠١٦ حوکمی کرد ئەویش چی نەکرد، سان سوچی لە چەوساندنەوەی رۆهینگا بەردەوام بوو، بۆیە لە هەمان ساڵدا سوپای ڕزگاریی رۆهینگا ئاراکان ARSA سەریهەڵدا، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە ئەنجامی ئەوەی کە کۆمەڵێك بووزیی توندڕۆ دە زانای موسڵمانی رۆهینگایان کوشت دوای گەڕانەوەیان لە عومرە، دواتر حکومەت شەڕێکی سەرتاسەری بۆسەر ولایەتی ئاراکان دەست پێکرد، کرداری کوشتن و ڕفاندن و دەستدرێژی و سووتاندن و ڕووخاندنی خانوو ڕوویدا، سوپای ڕزگاریی رۆهینگاش بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان شتێکی پێویست بوو، ئەمەش بەو مانایە نییە کە سەرەتای بەرهەڵستیی رۆهینگا بوو دژی حکومەت، چونکە پێش ئەو هەوڵی زۆر هەبوو بۆ داکۆکیکردن لە رۆهینگا دژی پاکتاوی ئیتنی، بۆیە دەبینین لە سەردەمەکانی مێژووی سیاسیی بۆرمادا شڵەژان و گرژی زۆر هەبوو لە هەڵوێستەکانی حکومەت لەهەمبەر رۆهینگا، ئامانجی هەموو حکومەتەکانیش لەناوبردنیان بوو.

ئەگەر سەیری مێژووی بەرهەڵستیی رۆهینگا بۆ حکومەتەکانی بۆرما، یان میانمار بکەین، دەبینین پێش سەربەخۆبوونی

بۆرما لە ساڵی ١٩٤٨دا هەوڵەكانی رۆهینگا بۆ جودابوونەوە لە بۆرما بەردەوام بووە، دوای سەربەخۆییش لەو خەباتە هەر بەردەوام بوون، لە ساڵی ١٩٤٧دا گرووپێكی چەكدار بە ناوی بەرەی نیشتمانیی رۆهینگا پێكهات بە سەرۆكایەتیی محەمەد جەعفەر حەبیب كە ئەمینداری گشتیی حزبی رزگاریی رۆهینگا بوو، دواتر بوو بەچەند بەشەوە، لە ساڵی ١٩٧٨ بزووتنەوەی ئیسلامیی رۆهینگا پەیدا بوو، بەڵام ژەنەراڵ (نی وین Ne Win) لە كردەیەكی سەربازیدا دایمركاندەوەو بووە هۆی ئاوارەبوونی سەدان هەزار كەس لە رۆهینگا بۆ بەنگلادیش.

دوای ئەوەی محەمەد جەعفەر حەبیب چالاكیی بەرەی نیشتمانی راگرت، لە ساڵی ١٩٨٢دا چەندین گرووپی دیكەی توندڕۆ لە منداڵدانی ئەم بەرەیە لەدایك بوون، وەك رێكخراوی هاریكاریی چەكداریی رۆهینگا، دواتر ئەویش لە ساڵی ١٩٨٦دا بەسەر چەندین لایەنی دیكەدا دابەشبوو، لە ١٩٨٨دا لەگەڵ بەرەی ئاراكانی ئیسلامیی رۆهینگا بە سەرۆكایەتیی نور ئەلئیسلام یەكیان گرت، ئەمەیان بوو بە بنكەیەك بۆ سوپای نیشتمانیی رۆهینگا، لە ١٩٩٤دا چەندین هێرشی سەربازیی بەهێزیان لە شارۆچكەی موگندار كردە سەر سوپای میانمار، بەڵام لەناوخۆدا هیچ پشتگیرییان بەدەست نەهێنا، بۆیە سوپا شكستی پێهێنان، هۆكاری سەرهەڵدانی ئەو گروپە نیشتمانییە ئیسلامییانەی رۆهینگا بۆ ئەو رەفتارانەی حكومەتی میانمار دەگەڕێتەوە لە پاكتاوگردنی ئیتنی، لە ساڵی ١٩٧٤دا حكومەتی میانمار رەگەزنامەی لە رۆهینگا ستاندەوە، لە ١٩٨٢دا یاسای هاونیشتمانیبوونی دەركرد، بەپێی ئەمە رێگە بە رۆهینگا درا كە لەناو ئەو وڵاتە بژین، لەباتی رەگەزنامە كارتێكی سپییان بۆ دوو ساڵ پێ درا، دوای تەواوبوونی ئەو كاتەش دەبێ بەدوای وڵاتێكی دیكەدا بگەڕێن، ئامانجی حكومەتیش ئەوە بوو كە كۆچ بكەن بۆ بەنگلادیش، رەنگە خوێنەر بپرسێت بۆچی رۆهینگا پشتگیریی گرووپە چەكدارەكانی رۆهینگا ناكات بە هەردوو باڵەكەیەوە (نیشتمانی و ئیسلامی)؟ دەتوانین ئەمە لە چەند خاڵێكدا كورت بكەینەوە:

١- ناڕوونیی راستیی ئەم گرووپانە كە ناوبەناو سەرهەڵدەدەن، دامەزرێنەری بزووتنەوەی یەقین كە لە سعودیە دەژی، دوای سەرهەڵدانی توندوتیژی لە ئاراكان لەبەر چاوان ون بوو.

٢- پەرتەوازەبوون و دابەشبوونی بەردەوامی ئەو گرووپانە.

٣- زۆریی ئەو گرووپانە بە ناوی جیاجیاو ئامانجی جیاواز و دروشمی ناواقیعی.

٤- ترس لە جەورو ستەمی حكومەت، هەروەها بوونی ئومێدێك بەو وتووێژانەی كە رەنگە داواكارییە رەواكانی رۆهینگا بێنێتەدی.

٥- توندوتیژی و پەرگیریی هەندێ لەو گرووپانە، وەك گرووپی هاریكاریی رۆهینگا.

٦- هەندێ لەوانە لە دەرەوەن و سەركردایەتیی گرووپێك دەكەن كە لە میانمار شەڕدەكەن، بۆ نموونە نور ئەلئیسلام سەرۆكی بەرەی ئیسلامیی ئاراكانی رۆهینگا، ئەو پیاوە لە بەریتانیا دەژی و پیشەی پارێزەرەو بەكالۆریۆسی لە یاسا هەیەو لە ساڵی ٢٠٠٧ ماستەریشی لە زانكۆی رۆژهەڵاتی لەندەن بەدەست هێناوە.

لە ساڵی ٢٠٠١ عەتاڵا ئەبو عەممار جۆنۆنی بزووتنەوەی یەقینی دامەزراند وەك كاردانەوەیەك بەرامبەر رەفتاری گرووپەكانی بووزی دەرحەق موسڵمانانی سڤیلی رۆهینگا، دوای ئەوەی بزووتنەوەی تاڵیبانی ئەفغانستان پەیكەرەكانی بووزایان لە بامیانی ناوەڕاستی ئەفغانستان خاپووركرد. لە ساڵی ٢٠٠٢ پەیوەندیی خۆیان بە رێكخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان بە سەرۆكایەتیی ئوسامە بن لادن راگەیاند، لە ساڵی ٢٠١٢ بزووتنەوەكە ناوەكەی بۆ(سوپای رزگاریی رۆهینگا لە ئاراكان) گۆڕی، لە ساڵی ٢٠١٦ چەندین هێرشی چەكداری كردە سەر سوپای میانمار، بەڵام رۆهینگا پشتیوانییان لەم هێرشانە نەكرد، بەپێچەوانەوە داوایان لە حكومەت كرد چەكیان پێ بدات تا شەڕیان لەگەڵدا بكەن و بەرگری لە دەوڵەت بكەن، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەبادا كارەساتەكانی پێشوو دووبارە ببنەوە، ئاشكراشە كە سەركردەكانی ئەو گرووپە ئیسلامییە چەكدارانە لە لیبیا و بەر لە كەوتنی قەزافی لە ساڵی ٢٠١١ مەشقیان پێ كراوە، جگە لە ئەفغانستان، لە بەنگلادیشیش كە لێیانەوە نزیكە

**لە سەردەمی ئۆنگ سان سوچی مەینەتییەكانی رۆهینگا زیاتر بوو، ٧٢٠ هەزار كەسیان لێ راگوێزرا، رێكخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی خەڵاتەكەی باڵیۆزی ویجدانی لە سوچی سەندەوە، موزەخانەی هۆلۆكوستی ئەمریكیش خەڵاتی گرانبەهای ئیلی فیزیلی مافەكانی مرۆڤی لێ وەرگرتەوە كە لە ساڵی ٢٠١٢ بە سوچی بەخشیبوو**

**راهیبەكانی میانمار رۆڵی بەرچاویان لە بارگاویكردنی هەستی ئایینی و رەگەزپەرستیی ئیتنیدا هەیە، چونكە لەوەتەی سەربەخۆیی و تا ئێستا دەوڵەتی بووزی گرنگیی بە بڵاوكردنەوەو دروستكردنی پەرستگاو قوتابخانەكانی دەدات بۆ بەرهەڵستیكردنی هەموو ئایینەكانی دیكەی ئەم وڵاتە**

لەسەردەستی گرووپی موجاهدینی بەنگلادیشی مەشق دراون.

رۆهینگا پێیان چاك بوو بە گفتوگۆی ئاشتییانە لەگەڵ حکومەت چارەسەری کێشەکەیان بکەن، هەوڵیشیان دەدا پشتگیریی دیپلۆماسیی دەرەکی بەدەست بێنن، ئەندەنۆسیا کە گەورەترین دەوڵەتی موسڵمانە، هەروەها پاکستان و مالیزیاو بەنگلادیش پشتیوانیی رۆهینگایان کرد، تەنانەت رەمەزان قادیرۆفی سەرۆکی چیچان بەشداریی لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا کردو داوای کرد کە چەکی ئەتۆمی دژی بۆرما بەکاربهێنرێت ئەگەر دەستبەرداری چەوساندنەوەی موسڵمانان نەبێت، هاوکات تورکیاش پشتگیریی کردن کاتێ کە هاوژینی سەرۆکی تورکیا سەردانی خێوەتگاکانی رۆهینگای کردو لە هەواڵیانی پرسی، نەتەوە یەکگرتووەکانیش کەمینەی رۆهینگای بە چەوساوەترین کەمینە لە جیهاندا لەقەڵەم دا، بەڵام دەمارگیری و رەگەزپەرستیی حکومەت هەر بەردەوام بوو، تا کار گەیشتە ئەوەی سەرۆکی ولایەتی ئاراکان هەڕەشەبکات بە راگرتنی هەموو کۆمەکە مرۆییەکان، ئەگەر زاراوەی رۆهینگا بەکاربهێنرێت، دواتر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا گوتی: هەوڵدەدەین بیسەلمێنین کە رۆهینگا لە مێژوودا بوونیان لەم ویلایەتەدا نەبووە، هەروەها وردبینی دەکەین لە هاووڵاتیبوونی ساڵی ٢٠١٥ بەچاودێریی خشتەی کۆچبەران، لە ساڵی ٢٠١٥دا کاتێ خاتوو سوچی سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن سەرکەوتنی بەدەست هێنا، رۆهینگا پێشبینی ئەوەیان کرد کە گوزەرانیان باش دەبێت، چونکە ئافرەتێکی دیموکراسیخوازە و لە رۆژئاوا ژیاوەو خاوەنی خەڵاتی نۆبلە بۆ ئاشتی، بەڵام کارەکەیان زیاتر لێ تێکچوو، چونکە لەو ساڵەی کە تێیدا سەرکەوت بەکارهێنانی زاراوەی رۆهینگای رەتکردەوە، لە سەردەمی ئۆنگ سان سوچی مەینەتییەکانی رۆهینگا زیاتر بوو، ٧٢٠ هەزار کەسیان لێ راگوێزرا، رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی خەڵاتەکەی باڵیۆزی ویجدانی لە سوچی سەندەوە، مۆزەخانەی هۆلۆکوستی ئەمریکیش خەڵاتی گرانبەهای ئیلی فیزیلی مافەکانی مرۆڤی لێ وەرگرتەوە کە لە ساڵی ٢٠١٢ بە سوچی بەخشیبوو، چونکە پابەند نەبوو بە مافەکانی مرۆڤەوە، بەڵکو تاوانی دەرحەق رۆهینگا ئەنجامدابوو، هەروەها زۆر داوادەکرا کە هەتا خەڵاتی نۆبلی ئاشتیشی لێ وەربگیرێتەوە، لە ساڵی ٢٠١٧ ئەم گرووپە تاکلایەنە ئاشتیی بۆ ماوەی یەك مانگ راگەیاند، بۆ ئەوەی کۆمەکە مرۆییەکان بگاتە ئاراکان، بەڵام حکومەت وەك پیشەی خۆی رەتیکردەوە، چونکە هەموو گرووپە چەکدارە نیشتمانی و ئیسلامییەکانی رۆهینگای لە لیستی تیرۆر دانابوو، ئەم گرووپەش پەیوەندیی بە ئەلقاعیدە و داعش رەتکردەوە، راشیگەیاند کە لەپێناو رزگارکردنی رۆهینگا لە چنگ رژێمی میانمار خەبات دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە لە ٢٠١٢دا دانی بەوەدا نا کە پەیوەندیی بە ئەلقاعیدەوە هەیە، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە لەئێستادا گوایە پەیوەندی لەگەڵ ئەلقاعیدەو داعشدا نییە بۆ ئەوەیە تا پشتگیریی نێودەوڵەتی و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەدەست بهێنێت.

پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا تەنیا حکومەت لەم تیرۆرەی دژ بە رۆهینگا بەرپرسە، یان هێزی دیکە هەیە لەپشت حکومەت دەوەستێت؟

لە راستیدا راهیبەکانی میانمار رۆڵی بەرچاویان لە بارگاویکردنی هەستی ئایینی و رەگەزپەرستیی ئیتنیدا هەیە، چونکە لەوەتەی سەربەخۆیی و تا ئێستا دەوڵەتی بووزی گرنگیی بە بڵاوکردنەوەو دروستکردنی پەرستگاو قوتابخانەکانی دەدات بۆ بەرهەڵستیکردنی هەموو ئایینەکانی دیکەی ئەم وڵاتە لە ئیسلام و مەسیح و هیندۆس، سیاسەتوانانی وڵات پێویستیان بە راهیبەکان هەیە تا حوکمیان بکەن، راهیبەکانیش پێویستیان بە سیاسەتوانان هەیە تاکو بوزی بەهێزبێت و بڵاوبێتەوە، ئەم پەیوەندییە ستراتیژییە مێژووییە لەلایەن بنەماڵەی باغامنەوە لەنێوان ساڵانی (١٠٠٠-١٣٠٠) بنیاتنراوە، ئەوان یەکەم بنەماڵەی بووزی بوون کە بۆرمایان یەکخست و پەنایان بردە بەر توندوتیژی بۆ سەپاندنی بووزییەت و ئەم پەیوەندییە ستراتیژییەی نێوان بووزی و دەسەڵاتیان دروستکرد، بۆیە پەیامی راهیبەکانی بووزی ئەوە بوو کە ئاراکان نیشتمانی رۆمینگای موسڵمان گەورەترین مەتنرسییە بۆ بووزی، بەتایبەتیش دوای

**توندوتیژترین و تیرۆریستترین گرووپی بووزی گرووپی (٩٦٩)یە کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بووزی Theravadaکە لە سریلانکاو کەمبۆدیاو تایلاندو لاوس دەژین**

**ناوی گرووپەکە ئەوەیە کە لە سێ ژمارە پێکدێت (٩٦٩) کە هێمایە بۆ چەند مانایەکی گرنگ لە ئایدیۆلۆجییەتی گرووپەکە، ژمارە(٩) هێمایە بۆ نۆ خەسڵەتی تایبەت بە بووزا، ژمارە(٦) هێمایە بۆ رێنمایی و بەرنامەکانی بوزا (دراما)، ژمارە(٩)ی کۆتایی ئاماژەیە بۆ نۆ خەسڵەتی (سانگا)ی راهیبەکان، بوزا و دراما و سانگا جەوهەری سێ لایەنەی ئایینی بووزین**

زێدەبوونی ژمارەی ڕۆهینگا، بۆیە پەرلەمانی میانمار لە ساڵی ٢٠١٥دا یاسایەکی دەرکرد تایبەت بە فرەژنی و هاوسەرگیریی نێوان ئایینەکان و کۆتوبەندی سەر گۆڕینی ئایین، تەنانەت میلیشیاکانی (ماگ) پێیان وایە کە ڕۆهینگا بیانین و شەڕ لە جەستەیاندایە، واتا دەبێ لەناو ببرێن، توندوتیژترین و تیرۆریستترین گرووپی بووزی گرووپی (٩٦٩)یە کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بووزی Thera-vada کە لە سریلانکاو کەمبۆدیاو تایلاندو لاوس دەژین، بەتایبەتیش بووزیی بۆدۆ بالا سینا BBS لە سریلانکا، کیاو لوین لە ساڵی ١٩٩٩ گرووپی (٩٦٩)ی دامەزراند، لە ساڵی ٢٠١٣ راهیب(ئاشین ویراسۆ) Ashin Wirathu کە بە کوڕی لادنی بۆرما ناسراوە هاتە نێو ئەم گرووپەوە، ئەم گرووپە لە شێوەی بزووتنەوەی راهیبی بووزیی تایلاندە (فرا ئەبیشارت بۆناجانتۆ)، ئەوەی کە پەیوەستیشە بە ناوی گرووپەکە ئەوەیە کە لە سێ ژمارە پێکدێت (٩٦٩) کە هێمایە بۆ چەند مانایەکی گرنگ لە ئایدیۆلۆجییەتی گرووپەکە، ژمارە(٩) هێمایە بۆ نۆ خەسڵەتی تایبەت بە بووزا، ژمارە(٦) هێمایە بۆ ڕێنمایی و بەرنامەکانی بوزا (دراما)، ژمارە(٩)ی کۆتایی ئاماژەیە بۆ نۆ خەسڵەتی (سانگا)ی راهیبەکان، بوززا و دراما و سانگا جەوهەری سێ لایەنەی ئایینی بووزین، ئەم گرووپە بەناوی بووزی و دەوڵەتەوە چەندین کۆمەڵکوژییان دەرحەق ڕۆهینگا ئەنجامدا، راهیبی توندڕۆی بوزیی (ئاشین ویراسۆ) کە وتاربێژێکی زمانپاراو بوو توندترین دنەدەری رق و کینە بوو بەرامبەر هەموو ئایینەکان بەتایبەتیش ئیسلام، چونکە سەرجەم وتارو موحازەرەکانی مۆرکی تیرۆریستی و ڕەگەزپەرستیان پێوە دیاربوو، ماوەیەك حکومەت ڕێگەی نەدا وتار بدات، بەڵام دواتر وازی لێهێنا، تا لە ساڵی ٢٠٠٣دا دادگا بە بیست و پێنج ساڵ حوکمی زیندانی بۆ دەرکرد، بەڵام لە ٢٠١٥دا ئازادی کرد، ئەو توندڕۆیە جارێکی دیکە بە هەمان شێوە دەستی کردەوە بە بڵاوکردنەوەی رق و کینەو توندوتیژی دەرحەق ڕۆهینگا، بۆیە ئەو راهیبانە بە راهیبانی خوێنڕێژ ناویان دەرکرد، لە راستیدا حکومەت لای خۆیەوە لەسەر ئەم بابەتە زۆر جددی نەبوو، بەڵکو هانی بوونی ئەم جۆرە راهیبە دەمارگیرانەی دەدا، بۆیە ئەگەر بێین و ئاماژە بکەین بەو هەموو گوندە خاپوورکراوانەو ئەو خاکە زەوتکراوانەو ئەو هەموو خەڵکەی گیانیان لە دەستداوە، هەروەها ئەو ئافرەت و کیژۆڵانەی دەستدرێژییان کراوەتەسەر و سووتاندنی خانووبەرەو و دەستگرتن بەسەر موڵك و ڕاگواستن و کوشتنی هاووڵاتیان، ئەوا پێویستیمان بە وتارێکی دیکە دەبێت، بۆیە دەمەوێ بڵێم کە ڕۆهینگا زۆرترین کەمینەی سەر ئەم گۆی زەویەن کە ڕووبەڕووی مەینەتی و ئێش و ئازارو ئەشکەنجە بوونەتەوە بەدەستی دەوڵەتێك کە ترس و تۆقاندن و تیرۆرکردن پیشەیەتی دەرحەق هاووڵاتییانی وڵاتەکەی.

جا بۆ ئەوەی لەبەرامبەر مێژوودا بە ویژدانەوە بدوێین، پێویستە بڵێین کە هەموو ئایینەکان بۆ بەختەوەریی مرۆڤایەتی و ئاشتی هاتوون، بەڵام لەنێو هەموو ئایینێکدا گرووپی توندڕۆ هەن کە تاوان و کۆمەڵکوژی بە ناوی ئایینەوە ئەنجام دەدەن، ئەمەش بەو واتایە نییە کە خودی ئایین لەگەڵ توندوتیژیدایە، ئەوەی ئەلقاعیدەو داعش بەناوی ئیسلام کردیان لە تاوان و کوشتن و کاولکاری و گەندەڵی، کەس ناتوانێت ئیسلامی پێ تۆمەتبار بکات کە ئەم ئایینە هان و دنەی ئەم تاوانانە دەدات، هەروها ئەوەی جوولەکە توندڕۆکان ئەنجامیاندا ئایینی جووی پێ تۆمەتبار ناکرێت، هاوکات ئەوەی کە کریستیانە توندڕۆکان بەتایبەتیش لەم ماوەیەی دواییدا ئەنجامیاندا کاتێ بینیمان تیرۆریستی ئوسترالی کریستیان (برینتۆن تارنت) کە هێرشی کردەسەر مزگەوتێك لە نیوزیلاندو پەنجا نوێژخوێنی کوشت، کەس مەسیحی پێ تۆمەتبار ناکات، بەهەمان شێوەش بووزی و هیندۆسی و سیخی، ئایین شتێکە و تێگەیشتنی شوێنهەڵگرانی بۆ دەقەکانی ئەو ئایینە شتێکی دیکەیە، لە هەموو ئایینێکدا میانڕەو، هەروەها توندڕۆ هەیە، بۆیە پێویستە سەرجەم میانڕۆکان لە هەر ئایینێکدا یەکبگرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕۆکان، تاکو ئەو پێکەوەژیانە ئاشتییەمان لێ تێك نەدەن کە بە درێژایی مێژوو بەرقەرارە.

**راهیبی توندڕۆی بوزیی (ئاشین ویراسۆ) کە وتاربێژێکی زمانپاراو بوو توندترین دنەدەری رق و کینە بوو بەرامبەر هەموو ئایینەکان بەتایبەتیش ئیسلام، چونکە سەرجەم وتارو موحازەرەکانی مۆرکی تیرۆریستی و ڕەگەزپەرستیان پێوە دیاربوو**

**پێویستە سەرجەم میانڕۆکان لە هەر ئایینێکدا یەکبگرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕۆکان، تاکو ئەو پێکەوەژیانە ئاشتییەمان لێ تێك نەدەن کە بە درێژایی مێژوو بەرقەرارە**




ئەتالیا ئۆمەر، توێژەرە لە ئەنستیتیوتی کرۆچ بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ئاشتی، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری دیراساتی ئایینی کە لە زانکۆی هارڤارد بەدەستی هێناوە. لە توێژینەوەکانیدا تەرکیز لەسەر چەند پرسێکی گرنگ دەکات، وەك دیراساتی تیۆریی پەیوەست بە کارلێکی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم، ئایین، ناسیۆنالیزم، بنیاتنانی ئاشتی، پەیوەندییە هەرێمایەتی و جیهانی و نێودەوڵەتییەکان، ڕۆڵی جالییەی نەتەوەیی _ ئایینی، ئیتنی لە بنیاتنانی ئاشتی و وەرچەرخانی ناکۆکی، فرەکەلتووری و چوارچێوەی وەرچەرخاندنی ناکۆکی و تیۆری دادپەروەری. هاونووسەری چەند کتێبێکە، وەك (ناسیۆنالیزمی ئایینی، ئایین، ناکۆکی و بنیاتنانی ئاشتی). پێشتریش لە ئەنستیتیوتی نۆتردام بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی و سەنتەری دیراساتی ئایینە جیهانییەکان لە زانکۆی هارڤارد توێژەر بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە و تاوتوێکرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە پرسی دووبارە گەڕانەوە و هەڵکشانی ناسیۆنالیزم لە ڕووی هۆکار و دەرئەنجامەکانیەوە، هەروەها بابەتی ئەوەی ئایا تا چەند ئەمە دەرئەنجامی شکستی جیهانگەرایی و هەوڵەکانی بەرفراوانخوازی و هەژموونگەرایی لیبراڵییە.

**ئەتالیا ئۆمەر**

**تایبەتمەندی بواری ناسیۆنالیزم بۆ گوڵان:**

# مایەی نیگەرانییە کە ڕەوتێکی ناسیۆنالیستی داخراو لەسەر ئاستی جیهان لە هەڵکشاندایە

***هەروەك ئاشکرایە لەبارەی دووبارە گەڕانەوەی ناسیۆنالیزم لە ئێستادا قسە و باسێکی زۆر دەکرێت، ئەمە دوای ئەوەی ڕۆژگارێك بوو هەندێ کەس ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمیان بە ئایدیۆلۆژیایەکی مەترسیدار و ژەهراوی وەسف دەکرد، بە تێڕوانینی ئێوە ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتەهۆی ئەوەی دووبارە ئەم پرسە ببێتە بابەتێکی گەرم و جددی و هێندە قسەی لەسەر بکرێت؟**

- ئێمە نابێت بەو شێوەیە باسی ئەم پرسە بکەین، وەك ئەوەی پێشتر ناسیۆنالیزم کۆتایی هاتبێت، یان خۆری ناسیۆنالیزم ئاوا بووبێت، چونکە دەتوانین بڵێین هەمیشە ناسیۆنالیزم لە ئارادا بووە و بوونی هەبووە. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، بریتییە لە بەرجەستەبوون و دەرکەوتنەوەی جۆرێکی دیاریکراوی ناسیۆنالیزم لە چەند شوێنێکی دیاریکراوی جیهاندا، ئەم ناسیۆنالیزمەش بریتییە لە ناسیۆنالیزمێکی داخراو. کە ئەگەر بێت و ئێمە لەو هۆکار و پەرەسەندنانەی بڕوانین کە لە دەرئەنجامدا بوونەهۆی ئەوەی ئەم چەشنە لە ناسیۆنالیزمە دووبارە دەربکەوێتەوە و سەرهەڵبداتەوە، ئەوا دەتوانن لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند پەرەسەندن و هۆکارێك بکەین، بۆ نموونە ئەو قەیران و تەنگژە ئابوورییانەی دروست بوون و یەخەی کۆمەڵگەکانی گرت، کە نیگەران و دڵەڕاوکێی ئابوورییان لێکەوتەوە لەنێو خەڵکەکەدا، هەروەها پرسەکانی پەیوەست بە ئاوارە و پەنابەران کە بە تایبەتی ئەمانە پرسێکی دیار و بەرچاون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی نێو یەکێتی ئەوروپا، لەگەڵ بوونی ڕەگەزپەرستییەکی ریشەقووڵ. مەبەستم ئەوەیە

**نوخبە و سەرکردارێتیی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە پۆپۆلیستییە داخراوەکان هێرشیان کردەسەر چوارچێوە لیبراڵییەکەی ڕەوتی بەجیهانیبوون، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵیاندا ڕێچکە و سیاسەتێکی گۆشەگیرانە و کەنارگیرانە بگرنەبەر، کە هەموو ئەمانەش وەسفی ئەو ساتەوەختەمان بۆ دەکەن، کە حاڵی حازر جیهانی هاوچەرخ پێیدا تێدەپەڕێت**

**ئێستا جۆرێک لە دەستەواژەی وەک ترەمپیزم لەئارادایە کە بەرجەستەبوونی حاڵەتێکی ناسیۆنالیستی و پۆپۆلیستییە کە دەکرێت لە ڕێی شرۆڤەکاری مێژووییەوە لێکدانەوە بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بکرێت**

**دۆناڵد ترەمپ تەنیا یەکێکە لە حاڵەتەکانی بەرجەستەبوونی دیاردەیەکی بەرفراوانتر کە دەکرێت گرێ بدرێتەوە بە ساڵانی حوکمڕانیی ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆباما، کە چۆن لەو ساڵانەی دەسەڵاتدارێتی ئۆبامادا باسکی ڕەگەزپەرستی ئەستوور بوو**

بڵێم کە کۆبونەوەی تێکڕای ئەم هۆکارانە پێکەوە دۆخێك، یان هەلومەرجێکی گونجاو و لەباریان خوڵقاند، بۆ ئەوەی دووبارە ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم بێتەوەئارا. کە لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە پرسی پەیوەست بە ئاوارە و پەنابەران گرێدراوی پرسی جیۆپۆلەتیکییە، بە چەشنێك دەکرێت بوترێت کارلێکێك لەنێو ئەم دوو پرسەدا دروستبوون و مەسەلەی کۆچبەران و پەنابەران کێشە جیۆپۆلۆتیکییەکانی ئاڵۆزتر کردووە.

*** ئاماژەتان بەوەکرد کە جۆرێك ناسیۆنالیزمی دیاریکراو سەریهەڵداوەتەوە لەنێو هەندێ وڵاتدا و بەرجەستەبوونی بەدی دەکرێت کە بە ناسیونالیزمێکی داخراو وەسف دەکرێت، دەکرێت شرۆڤەی زیاتر بخەنەڕوو لەبارەی سرووشتی ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمەوە؟**

- من گوتم ئەمە فۆرمێکە لە ناسیۆنالیزمی داخراو، هەروەها دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزمی باڵی ڕاسترەوەکانە، بەو واتایەی ئەم ڕەوتە باوەڕی بە گرتنەبەری سیاسەت و ڕێچکەیەکە کە پێکهاتەکانی دیکە پەراوێز بخات و دووریان بخاتەوە. هەرچۆنێك بێت، من دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە ناکرێت سەرهەڵدانی ئەم فۆرمە دیاریکراوەی ناسیۆنالیزم گرێبدەینەوە بە تەنیا هۆکارێکەوە، بەڵکو ئەمە دەرهاویشتەی چەند هۆکار و پەرەسەندنێکی جۆراوجۆرە پێکەوە.

*** وەك یەکێك لە هۆکارەکانی دەرکەوتن و هەڵکشانی ئەم فۆرمە لە ناسیۆنالیزم ئاماژەتان بە قەیران و تەنگژەی ئابووری کرد، ئایا ئێوە بە دیاریکراوی مەبەستتان لەو قەیرانە داراییە بوو کە لە ساڵانی (٢٠٠٧ و ٢٠٠٨) هاتەئاراوە، کە بووەهۆی لاوازکردنی متمانە بە ڕەوتی بەجیهانیبوون و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان؟**

-بەڵێ، ئەمە ڕاستە، هەروەها دەتوانین ئاماژە بە بەرفراوانخوازی لیبراڵیزم و سەرمایەداری و بە جیهانیبوون بکەین، لەم ڕوانگەیەوە نوخبە و سەرکردارێتیی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە پۆپۆلیستییە داخراوەکان هێرشیان کردەسەر چوارچێوە لیبراڵییەکەی ڕەوتی بەجیهانیبوون، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵیاندا ڕێچکە و سیاسەتێکی گۆشەگیرانە و کەنارگیرانە بگرنەبەر، کە هەموو ئەمانەش وەسفی ئەو ساتەوەختەمان بۆ دەکەن، کە حاڵی حازر جیهانی هاوچەرخ پێیدا تێدەپەڕێت.

***ئەگەر ئێمە بە دیاریکراوی باسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، ئەوا باس لەوە دەکرێت کە بوونی کەسایەتییەکی وەك دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ئەم وڵاتە، زیاتر دەرئەنجام و دەرهاویشتە بوونی سیستمێکی سیاسییە لە ئەمریکا، کە بە دەست جەمسەرگیرییەکی قووڵەوە گرفتارە و تەنانەت هەندێ زانای سیاسی وەك فرانسیس فۆکۆیاما حاڵەتەکەیان بە ڤیتۆکراسی وەسفکرد، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە توێژینەوە و شرۆڤەکارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دۆناڵد ترەمپ یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی ئەو حاڵەتەی کە لە ئەمریکادا باڵادەست بووە، مەبەستمان حاڵەتی جەمسەرگیرییە سیاسییەکەیە. تێڕوانین و خوێندنەوەی منیش ئەوەیە کە ئێستا جۆرێك لە دەستەواژەی وەك ترەمپیزم لەئارادایە کە بەرجەستەبوونی حاڵەتێکی ناسیۆنالیستی و پۆپۆلیستییە کە دەکرێت لە ڕێی شرۆڤەکاری مێژووییەوە لێکدانەوە بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بکرێت و گرێ بدرێتەوە بە چەند فاکتەرێکەوە، وەك ئەو کاردانەوە و پەرچەکردارانەی لە ساڵانی شەستەکان و حەفتەکاندا هاتنەئاراوە، لەگەڵ ئەو هاوپەیمانێتییە جیاوازانەی لە نێو خەڵك و هاووڵاتیاندا دروست بوون، وەك لایەنە ئایینییە مەسیحییە ئیڤانجێلیکییەکان، کە ئاوێتەبوون و هاوپەیمانێتیەکیان پێکهێنا لەگەڵ سیاسەتمەدارە موحافیزکارەکاندا، واتە چەند هاوپەیمانێتییەکی جیاواز دروستبون کە کاراکتەر و ئەجێندای جیاوازیان لە خۆدەگرت، تەنانەت گرووپی ئایینی هەبوون کە ئەجێندایەکی دیاریکراویان هەبوو و توانییان بەرەو دادگای باڵای وڵاتەکە ڕێگەبگرنەبەر، لە هەمان کاتدا نابێت ئەو ڕەگەزپەرستییە ریشەقووڵەی نێو کۆمەڵگەکەش نادیدە بگرین. ئەمە وەك سیاقێکی دووری مێژوویی، بەڵام ئەگەر ئێمە بێینەسەر باسی هەشت ساڵی حوکمڕانی و دەسەڵاتداری ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما، ئەوا ڕۆژگاری ئەم حوکمڕانییە بووەهۆی بەهێزبوون و تۆکمەبوونی ئەو هاوپەیمانێتییانەی ئاماژەم پێکردن. بە

دڵنیاییەوە دەبێت ئەوەش بوترێت کە ئەو کێشە و قەیرانە ئابوورییانەی باسمان کردن، ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان هەبووە لەم ڕووەوە. کەواتە ئەگەر دوای خستنەڕووی ئەم سیاقە مێژووییە بێینەسەر وەڵامی پرسیارەکە ئەوا دەکرێت بڵێین دۆناڵد ترەمپ تەنیا یەکێکە لە حاڵەتەکانی بەرجەستەبوونی دیاردەیەکی بەرفراوانتر کە دەکرێت گرێ بدرێتەوە بە ساڵانی حوکمڕانیی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما، کە چۆن لەو ساڵانەی دەسەڵاتداریێتی ئۆبامادا باسکی ڕەگەزپەرستی ئەستوور بوو، ئەمە سەرەڕای ئەو بانگەشانەی کە گوایە کۆمەڵگەی ئەمریکی توانیویەتی کێشە و گرێی ڕەگەزپەرستی تێپەڕێنێت و جێی بهێڵێت، کە دەرکەوت ئەمە بانگەشەیەکی دروست نییە. کەواتە ئەگەر بێینەوەسەر باسکردنی ترەمپ، ئەوا ترەمپیش یەکێکە لەو سەرکردانەی نێو ئەم دیاردەیە کە ئێمە بینیمان تەنانەت بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە باراك ئۆباما لە ئەمریکا لەدایك نەبووە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە بانگەشەیەکی ڕاست نەبوو. هەرچۆنێك بێت، ئەوە ڕاستە کە جەمسەرگیرییەکی زۆر هەیە لە نێو کۆمەڵگەی ئەمریکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت بوترێت ئەم جەمسەرگیرییە زادەی ئەم ساتەوەختەیە، بەڵکو دەبێت گرێ بدرێتەوە بە سیاق و هەلومەرجە مێژووییەکەوە و بگرە ڕیشەی قووڵی هەبووە و زادەی کۆبوونەوە و یەکگرتنی چەند ئەجێندایەکە پێکەوە.

*** لە وەڵامەکانی پێشوودا ئاماژەتان بەوەکرد کە دەکرێت بە جۆرێك لە جۆرەکان پرسی دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەم فۆرمەی ناسیۆنالیزم گرێ بدرێتەوە بە تەوژمی جیهانگەرایی، کە زۆر کەس پێیان وایە ئەم هەڵکشانەی ناسیۆنالیزم پەرچەکردارێکە لەبەرامبەر ئەم تەوژمە جیهانگەراییە کە حکومەتە نیشتمانییەکانی کردە قوربانی هێزەکانی بازاڕ و ئەولەوییاتی کۆمپانیا جیهانییەکان، ئایا تا چ ڕادەیەك لەگەڵ ئەم شرۆڤەیەدا هاوڕان؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم پرسە پەیوەست و گرێدراوە بە جیهانگەراییەوە، ئێمە ئەم حاڵەتەمان لە بڕیاری دەرچوونی وڵاتی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا بەدی کرد، ڕاستە چوارچێوە، یان تەوژمە لیبراڵییەکە بووە تەحەددی بۆ سەروەری نیشتمانی، هەر ئەمەش زەمینەی ڕەخساند بۆ ئەوەی خەڵکانێك، یان چەند سەرکردەیەك گوتارێك تەبەنی بکەن، کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی داخراو بنیاتنرابێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کەسانە دەیانەوێت بۆ بەرژەوەندی خۆیان سوود و کەڵك لە سیستەمە لیبراڵییە سەرمایەدارییەکە وەربگرن. کەواتە لە کۆی ئەم قسانەوە دەتوانین بڵێین بەڵێ گرنگە کە لە ڕەهەند و ڕوانگەی ئابوورییەوە لە پرسی دووبارە دەرکەوتنەوە و هەڵکشانی فۆرمی ناسیۆنالیزمی داخراو بڕوانین، کە گوتارێکی پۆپۆلیستیانەی تەبەنی کردووە.

*** دەکرێت بڵێین ئەم حاڵەتە، یان ئەم پەرەسەندنە تەنیا پەیوەستن بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، یان بە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاوە، ئایا هەڵکشانی ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم لە وڵات و شوێنەکانی دیکە بەدی ناکرێت؟**

-بەڵێ، ئەمە ڕاستە، چونکە ئێمە ئەم پەرەسەندنانە لە شوێنەکانی دیکەی وەك بەرازیل و فیلیپین و چەند شوێنێکی دیکەی جیاوازی بەدی دەکەین.

*** کەواتە دروستە بڵێین گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم بەرهەم، یان دەرئەنجامی شکستی بەڵێن و مژدەکانی جیهانگەراییە، کە چاوەڕوان دەکرا لەسەر ئاستی جیهان ئاوێتەبوونی ئابووری بێتەئاراوە و لیبراڵیزمی تاکگەرایی باڵادەست بێت؟**

- لە ڕاستیدا لە پەیوەندی بە بیرۆکەی ئاوێتەبوونی ئابوورییەوە چەندین کێشە و گرفت هەبوون، چونکە بینیمان کارکردن و هەوڵدان بۆ ئاوێتەبوونی ئابووری لە کۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی کەسانێك پەراوێز بخرێن و تا دەهات ژمارەیەکی زیاتری خەڵك تووشی هەژاری و نەداری دەبوونەوە و تەنیا کەسانێکی زۆر کەم لەم جیهانگەراییە ئابوورییە سوودمەند دەبوون، دەبێت ئەوە دووپات بکرێتەوە کە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر دەکەونە ژێر کاریگەریی گوتارە داخراوەکانەوە ئەوەیە کە جیهانگەراییە ئابوورییەکە لە بەرژەوەندیی خەڵکانێکی زۆر کەمدا بوو. بۆ نموونە: خەڵکانێکی زۆر لە ئەمریکا کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو دروشمەوە کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەرزی کردەوە کە

**جەمسەرگیرییەکی زۆر هەیە لە نێو کۆمەڵگەی ئەمریکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت بوترێت ئەم جەمسەرگیرییە زادەی ئەم ساتەوەختەیە، بەڵکو دەبێت گرێ بدرێتەوە بە سیاق و هەلومەرجە مێژووییەکەوە و بگرە ڕیشەی قووڵی هەبووە و زادەی کۆبوونەوە و یەکگرتنی چەند ئەجێندایەکە پێکەوە.**

**گرنگە کە لە ڕەهەند و ڕوانگەی ئابوورییەوە لە پرسی دووبارە دەرکەوتنەوە و هەڵکشانی فۆرمی ناسیۆنالیزمی داخراو بڕوانین، کە گوتارێکی پۆپۆلیستیانەی تەبەنی کردووە**

**کارکردن و هەوڵدان بۆ ئاوێتەبوونی ئابووری لە کۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی کەسانێک پەراوێز بخرێن و تا دەهات ژمارەیەکی زیاتری خەڵک تووشی هەژاری و نەداری دەبوونەوە و تەنیا کەسانێکی زۆر کەم لەم جیهانگەراییە ئابوورییە سوودمەند دەبوون**

**خەڵكانێكی زۆر لە ئەمریكا كەوتنە ژێر كاریگەری ئەو دروشمەوە كە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەرزی كردەوە كە بریتی لەوەی دەبێت ئەولەوییەتی یەكەم ئەمریكا بێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ژمارەیەكی زۆری خەڵكی ئەم وڵاتە دوچاری هەژاری و بێدەرەتانی بوونەوە، هەروەها لەسەر ئاستی جیهانیش كەلێن و جیاوازیی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەكان زیاتر و زیاتر بوو**

بریتی لەوەی دەبێت ئەولەوییەتی یەكەم ئەمریكا بێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ژمارەیەكی زۆری خەڵكی ئەم وڵاتە دوچاری هەژاری و بێدەرەتانی بوونەوە، هەروەها لەسەر ئاستی جیهانیش كەلێن و جیاوازیی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەكان زیاتر و زیاتر بوو. كەواتە ئەوەی دەكرێت دووپاتی بكەینەوە ئەوەیە كە راستە ئەمە زادەی شكستی جیهانگەرایی ئابوورییە، بە واتایەكی دیكە، جیهانگەرایی ئابووری بە چەشنێك داڕێژدرابوو كە كەموكووڕی زۆری تێدابوو، تەنیا لە بەرژەوەندیی كەسانێكی زۆر كەمدا بوو، كە دەتوانین پێیان بڵێین نوخبە جیهانییەكە.

*** هەر لە پەیوەندی بە هۆكارەكانی دووبارە گەڕانەوەی ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزم و هەڵكشانی هەستی رەگەزپەرستی، ئەوا ئاماژە بەوە دەكرێت، كە شەپۆلی پەنابەران و كۆچبەران بۆ وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقیاوە، هۆكارێك بوون كە هەندێ لە پارتە سیاسییەكانی ئەوروپا دووبارە جەخت لەسەر گوتاری ناسیۆنالیستی بكەنەوە، هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین كە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی كۆچبەران و پەنابەران دەرئەنجامی ئەو كارەسات و مەرگەساتە مرۆییانەیە كە روویانداوە، كەواتە ئەگەر لە روانگەی پاراستنی مافەكانی مرۆڤەوە لە كەیسی كۆچبەران بڕوانین، ئەوا دەبێت پەناگە و سەلامەتی دەستەبەر بكرێت بۆ ئەو كەسانەی كە بوونەتە پەنابەر و كۆچبەر، بەڵام جێی داخە ئەو گوتارە ناسیۆنالیستییەی كە هاتۆتەئاراوە و لە هەڵكشاندایە، بە شێوەیەك لە شێوەكان هاتنی ئەم پەنابەرانە بە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە لە قەڵەم دەدات، ئەم لێكدانەوەیەش لەچەند رەهەندێكەوە مایەی كێشەیە، چونكە دەبێت سەرەتا ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین، كە ئاوارەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك دەرئەنجام و دەرهاویشتەی راستەوخۆی ئەو سیاسەتەیە كە گیراوەتەبەر و پیادە كراوە، مەبەستم لە سیاسەتی ئابووری و جیۆپۆلەتیكییە. كەواتە ئەگەر مەسەلەكە پوخت بكەینەوە، ئەوا ئەم پرسەش گرێدراوی پرس و هۆكارەكانی دیكەیە كە ئاماژەمان پێكرد، كە تێكڕا بوونەتەهۆی دروستبوون و خولْقاندنی ئەم حاڵەتە، لە روانگەی منەوە ئەمە شكستێكی گەورەیە، مەبەستم لە زیادبوونی رێژەی پەنابەرانە، ئەمە شان بە شانی كێشەكانی دیكە كە رەهەندێكی جیهانییان هەیە، وەك مەترسییەكانی سەر ژینگە و كێشەكانی دیكە.

**جیهانگەرایی ئابووری بە چەشنێک داڕێژدرابوو کە کەموکووڕی زۆری تێدابوو، تەنیا لە بەرژەوەندیی کەسانێکی زۆر کەمدا بوو، کە دەتوانین پێیان بڵێین نوخبە جیهانییەکە**

***راستە دەبێت هەر كەیسێك بە جیا شرۆڤە بكرێت، بەڵام ئێمە دەزانین كە كاریگەریی ئەم پەرەسەندنە سنووری وڵاتەكان تێدەپەڕێنێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەم فۆرمە لە ناسیۆنالیزم لە وڵاتێكی گەورەدا گەشە بكات، ئێوە چۆن لە رەهەندە جیهانییەكەی ئەم كێشەیە دەڕوانن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە دووپات بكەمەوە كە كاتێك من باسی رەوتە ناسیۆنالیستییەكە دەكەم، ئەوا مەبەستم لە ناسیۆنالیستی داخراوە، كە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوكێییەكی گەورەیە، لەبەر ئەوەی هێرش دەكاتە سەر گرووپ و پێكهاتە كەمینەكان، هەروەها پەلاماری گرووپە پەراوێزخراوەكانی دیكەش دەدات، كە ئەمە لە چەندین شوێنی ئەم جیهانە بەدی دەكرێت، واتە نەك تەنیا لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئەوروپا، بەڵكو لە ئەمریكای باشوور و ئاسیا و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. هەروها دەبێت جەخت لەسەر ئەوەش بكەینەوە كە راستە دەبێت هەر كەیسێك بە جیا شرۆڤەی بۆ بكرێت، بەڵام لە هەمان كاتدا گرنگیشە لەسەر ئاستی جیهان وەك دیاردەیەك كە رەهەندێكی جیهانی هەیە، لەم پرس و كەیسە بڕواندرێت، چونكە كێشەكانی وەك قەیران و تەنگژە ئابوورییەكان و پرسی كۆچبەران و پەنابەران رەهەند و مەودایەكی جیهانییان هەیە، واتە دەرهاویشتەی ئەم كێشانە لەسەر ئاستی جیهان و هەروەها لە بواری جیۆپۆلەتیكیشدا رەنگدانەوەیان دەبێت.

*** ئەو كەسانەی كە لە ئاست هەڵكشان و تەشەنەكردنی ئەم رەوت و گوتارە ناسیۆنالیستییە گوزارشت لە نیگەرانی و ترسی خۆیان دەكەن، ئاماژە بەوە دەكەن كە لە رووی مێژووییەوە ناسیۆنالیزم هۆكار و سەرچاوەیەك بووە بۆ فاشیزم و هەڵگیرسانی شەڕی كاولكار و چەوساندنەوە و كوشتنی بە كۆمەڵی گرووپە كەمینەكان و لاوازكردن و لەناوبردنی دیموكراسی، ئایا ئەم**

**نیگەرانییانە لە جێی خۆیدایە؟**

- بەڵێ، من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و گوزارشتم لە ترس و نیگەرانی خۆم کردووە لەم رووەوە.

*** ئێوە هاونووسەری کتێبی ناسیۆنالیزمی ئایینین، کە لێرەدا ناکرێت ئەو پرسیارە نەکەین، کە ئایا تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە بۆ پەیوەندی و کارلێکی نێوان ناسیۆنالیزم و ئایین چییە؟ واتە چ کاریگەرییەکیان لەسەر یەکتری هەیە و ئایا دەکرێت لە بۆتەیەکدا ئاوێتە بکرێن؟**

- لە راستیدا لەم بارەیەوە مشتومڕێکی زۆر کراوە و دەکرێت، بەڵام من لێرەدا هەوڵ دەدەم لەم بارەیەوە بە کورتی گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆم بکەم. سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە کاتێك ئێمە باسی ناسیۆنالیزم دەکەین، ئەوا ئەم پرسە پەیوەستە بە پێناسەکردنی گەلێکەوە، واتە بە دروستکردنی هەست و هۆشیارییەکی پەیوەندیدار بە ناسنامەی کۆمەڵگەکەوە، کەواتە ئەگەر ئێمە لە روانگەیەکی بەراوردکارییەوە لەم پرسە بڕوانین و دیراسەتی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ بکەین لە سەدەی شانزەیەمەوە، ئەوا دەبینین هەمیشە پرسی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزم گرێدراوە بە گەلێکەوە کە هەمیشە لە رووی کەلتوورییەوە هەوڵدراوە بەردی بناغە بۆ نەتەوەکە دابڕێژێت، ئەویش بە پشتبەستن بەو پاشخانەی کە پێشتر لە ئارادا بووە، بە رەهەندە ئایینی و جڤاتییەکەوە.

*** با پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین، ئایا ئایین و ناسیۆنالیزم یەك شتن، یان دەکرێت کاریگەری و کارلێکی جیاواز لەنێوانیاندا هەبێت؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانرێت بوترێت، ناسیۆنالیزم چوونیەك نییە لەگەڵ ئاییندا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیزم خاڵی نییە لە واتا و مانا و رەهەندە کەلتووری و ئایینییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو راستیەش لەبەرچاو بگرین کە هەمیشە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا بە شێوەیەکی ئینتیقائی مامەڵە لەگەڵ پاشخانە کەلتووری و ئایینییەکەدا کراوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە زەمینەیەکی لەبار دروست دەبێت بۆ ئەوەی کاتێك باسی ئینتیمای نەتەوەیی دەکرێت، ناسیۆنالیزمی داخراو بێتەئاراوە، بۆ نموونە: ئەگەر ئەم ناسیۆنالیزمە داخراوە لە وڵاتێکی وەك هیندستان تەبەنی بکرێت، ئەوا تەنیا ئەو کەسانە بە هیندستانی دادەنرێن کە سەر بە پێکهاتە هیندۆسی بن، بە واتایەکی دیکە، کەسانی دیکەی غەیرە هیندۆسی، تەنانەت ئەگەر بۆ چەندین ساڵ و سەدەش خانەوادەکەیان لە وڵاتی هیندستان ژیانیان بەسەر بردبێت، بە هیندستانی لە قەڵەم نادرێن، کەواتە ئەمە جۆرێك لە ناسیۆنالیزمی داخراوە، کە ناسنامەیەکی ئایینی دیاریکراو تێکەڵ و ئاوێتە دەکات لەگەڵ ناسنامەیەکی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزم. بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت راڤە و لێکدانەوەیەکی کراوەش بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی بکرێت، کەواتە ئەمەیە مەبەستەکەم کاتێك دەڵێم دەکرێت بە شێوەیەکی ئینتیقائی مامەڵە لەگەڵ پاشخانە کەلتووری و ئایینییەکەدا بکرێت. هەروەها دەتوانین ئاماژە بە زمانیش بکەین وەك رەگەزێکی پێکهێنەری ناسنامەی نەتەوایەتی، کە ئێمە دەزانین زمانیش بە قووڵی گرێدراوە بە کەلتوورەوە. لە هەموو ئەو شرۆڤەکارییەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجام و راستییەی کە پەیوەندی و رایەڵەیەکی زۆر گرنگ لە نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم هەیە. کەواتە ئەگەر ئێمە دووبارە بگەڕێینەوە سەر هەندێ لەو کەیسانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بۆ نموونە ئەمریکا، ئەوا دەبینین کاتێك سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڵێت با جارێکی دیکە شکۆ و مەزنێتی بگەڕێنینەوە بۆ ئەمریکا، کە ئەمە بۆتە دروشمی سەرەکیی ئەو، ئەوا پتر مەبەستێتی ناسنامەی مەسیحی بکات بە بەر ئەم بانگەشەیەدا، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە کەسانێکی دیکە هەن کە پێناسەیەکی جیاوازیان بۆ مەسیحییەت هەیە و بە شێوەیەکی جیاواز لەم مەسەلەیە دەڕوانن، لە هەمان کاتدا ترەمپ زیاتر مەبەستی شکۆ و مەزنێتی رەگەزی سپی پێستی وڵاتەکەیە. کەواتە دووبارەی دەکەمەوە کە پەیوەندییەکی گرنگ هەیە لە نێوان ناسیۆنالیزم و ئاییندا، بەڵام ناکرێت بڵێین هەردووکیان یەك شتن، لەگەڵ ئەوەشدا کارلێك لەگەڵ یەکدا دەکەن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، کە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەرییەش دەبێت هەر کەیسێك بە جیا شرۆڤەی بۆ بکرێت.

**ئەگەر لە روانگەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە لە کەیسی کۆچبەران بڕوانین، ئەوا دەبێت پەناگە و سەلامەتی دەستەبەر بکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە بوونەتە پەنابەر و کۆچبەر، بەڵام جێی داخە ئەو گوتارە ناسیۆنالیستییەی کە هاتۆتەئاراوە و لە هەڵکشاندایە، بە شێوەیەک لە شێوەکان هاتنی ئەم پەنابەرانە بە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە لە قەڵەم دەدات**

**کێشەکانی وەک قەیران و تەنگژە ئابوورییەکان و پرسی کۆچبەران و پەنابەران رەهەند و مەودایەکی جیهانییان هەیە، واتە دەرهاویشتەی ئەم کێشانە لەسەر ئاستی جیهان و هەروەها لە بواری جیۆپۆلەتیکیشدا رەنگدانەوەیان دەبێت**

*** ئەگەر ئێمە وەك نموونەیەك ئاماژە بە كێشە و ناكۆكیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بكەین، كاتێك دەبینین پرسی ئایینی بە قووڵی تێكهەڵكێشی ئەم ناكۆكییە كراوە، ئایا پێت وانییە كە پەیوەندییەكە زیاتر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەستی پێ دەكرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و ئایین لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كاریگەریی گەورە و یەكلاكەرەوەی هەیە، هەرچەندە دەتوانرێت مشتومڕی زۆر بكرێت لەسەر ئەوەی كە ئایا تا چەند ئایینی ئیسلام و یەهودییەت لە سەر رەنگرێژكردن و گەڵاڵەبوونی ناسنامە ناسیۆنالیستییەكان و بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەكان كاریگەرییان هەبووە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە كە لەبەرچاوگرتنی ئەم پرسە زۆر گرنگە بۆ شرۆڤەكردنی ئەو پەرەسەندنانەی روویانداوە و روودەدەن. بەڵام لێرەدا ئێمە دەبێت دەست بۆ پرسێكی دیكە ببەین كە ئەویش ئەوەیە، ئایا تا چ رادەیەك ئایین لە رووی سیاسییەوە بەكارهێنراوە و بەكار دەهێنرێت، واتە لێرەدا مشتومڕەكە پەیوەست نییە بە نەریتی ئایینییەوە، بەڵكو هەروەك ئاماژەم پێكرد، پەیوەستە بەوەی چۆن ئایین خراوەتە گەڕ لە بوار و مەیدانە سیاسییەكەدا، واتە ئایا تا چ رادەیەك بەكارهێنانی ئایین لە بوارە سیاسییەكەدا كراوەتە پاساوێك بۆ پەنابردنەبەر، یان بەرپابوونی توندوتیژی و تا چ رادەیەك كراوەتە زەمینەی ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخاندنی ناكۆكییەكە و هەنگاو هەڵگرتن بەرەو بنیاتنانی ئاشتی لەبری بەرپاكردنی توندوتیژی. كەواتە پوختەی مەسەلەكە ئەوەیە كە دەكرێت كارلێكی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم دەرئەنجامی جیاوازی لێ بكەوێتەوە، یان بە رەهەندی جیاوازادا ئاراستە بكرێت، لە نێویاندا ئاراستەی داخران و توندوتیژی. هەموو ئەمانەش ئەوەمان پێ دەڵێن كە ئەمە چەند بابەتێكی سەرەكی و مەركەزییە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە رەچاو بكەین كە ئیسرائیل خۆی وەك دەوڵەتی جوولەكە دەناسێنێت، كە لێرەدا دەردەكەوێت ئەم مەسەلەیە چەند گرنگ و گەورەیە. هەرچەندە ناكرێت ئاماژە بەوەش نەكەین كە زۆر كەس لەنێو جوولەكەكاندا هاوڕانین لەگەڵ كردار و سیاسەتەكانی دەوڵەتەكەیاندا، واتە ئەوان بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئەوەی دەوڵەتەكەیان پیادەی دەكات، گوزارشت نییە لە تێگەیشتنی ئەوان بۆ ئایینی جوولەكە و ئەوان لە روانگەی تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئایینەكەیان پرسی داگیركاری رەتدەكەنەوە، كەواتە من وەك كەسێكی ئەكادیمی سەرنج و بایەخدانەكانی خۆم چڕ دەكەمەوە لە چۆنێتی بەكارهێنانی ئایین لە گوتارە ناسیۆنالیستییەكەدا.

*** ئێوە تایبەتمەند و شارەزای بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانیشن، ئایا پێتان وایە گرتنەبەری ئەم رێچكە و رەوتە ناسیۆنالیستییە بەرتەسك و داخراوە كە بۆتەهۆی ئەوەی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش ئاراستەیەكی گۆشەگیرانە بگیرێتەبەر، ئەگەری هەڵكشانی بارگرژی و بگرە ناكۆكی لە نێوان هێزە جیهانی و مەزنەكان زیاتر بكات؟**

- بەڵێ، ئەمە ئەگەرێكە و زۆر رێی تێ دەچێت و بگرە ئەمە لە ئێستادا روودەدات، بەو پێیە ئەگەری زۆرە لە ئایندەشدا ئەمە بەردەوام بێت، بە تایبەتی ئێمە دەبینین وڵاتێكی وەك ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا رێگاچارەیەكی گۆشەگیرانەی گرتۆتەبەر، ئەمەش رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر چۆنێتی مامەڵەكردنی لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەكانی وەك رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و هەروەها سەرجەم دامەزراوە نێودەوڵەتییەكانی دیكەش، كە لە رۆژگاری دوای كۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە بنیات نران، واتە دەرهاویشتەی دۆخی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوون.

*** كەواتە بەوپێیەی لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەتان پێكرد، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چییە؟**

- لە راستیدا من پێم وایە هەموو ئەو هەنگاو و كردارانەی ئیدارەی ئەمریكا بە سەرۆكایەتیی دۆناڵد ترەمپ گرتوویەتەبەر، گوزارشتە لە رێزنەگرتن لە رێساكانی یاسای نێودەوڵەتی و رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەكان، كە ئەمەش مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوكێیە.

*** بەڵام ئەوەی لەم رووەوە لە گوتاری ئیدارەی ئەمریكا بەدی دەكرێت ئەوەیە كە ئەم دامەزراوانە**

**ناسیۆنالیزم چوونیەک نییە لەگەڵ ئایینیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیزم خاڵی نییە لە واتا و مانا و رەهەندە کەلتووری و ئایینییەکان**

**هەمیشە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا بە شێوەیەکی ئینتیقائی مامەڵە لەگەڵ پاشخانە کەلتووری و ئایینییەکەدا کراوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە زەمینەیەکی لەبار دروست دەبێت بۆ ئەوەی کاتێک باسی ئینتیمای نەتەوەیی دەکرێت، ناسیۆنالیزمی داخراو بێتەئاراوە**

**پەیوەندییەکی گرنگ هەیە لەنێوان ناسیۆنالیزم و ئایینیدا، بەڵام ناکرێت بڵێین هەردووکیان یەک شتن، لەگەڵ ئەوەشدا کارلێک لەگەڵ یەکدا دەکەن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، کە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەرییەش دەبێت هەر کەیسێک بە جیا شرۆڤەی بۆ بکرێت**



**کەموکوورِییەکی زۆریان هەیە و پێویستە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دووبارە دابرِێژرێنەوە، واتە ئەم ئیدارەیە هەمیشە رەخنە لەم دامەزراوانە دەگرێت و پێی وایە بوونەتە بەربەست لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، رای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟**

-نکۆڵی لەوە راستییە ناکرێت کە ئەم دامەزراوانە کێشە و کەموکوورِییان هەیە، کەس ناتوانێت پێچەوانەی ئەمە بڵێت، بەڵام دەبێت لە هەمان کاتدا ئێمە لە روانگەیەکی مێژووییەوە لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان برِوانین و ئەو راستییەش لەبەرچاو بگرین، کە لە رۆژگاری دوای کۆتاییهاتنی فاشیزم و نازییەت ئەم دامەزراوانە کاراکتەری سەرەکی بوون، خودی ئەمریکاش لەم رووەوە رۆڵی سەرەکی و میحوەری بینیوە.

*** پەراوێزخستنی ئەم دامەزراوانە لەلایەن ئەمریکاوە، یان با بڵێین خۆبەدوورگرتن و دوورەپەرێزیی ئەمریکا لەم دامەزراوانە چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- خۆبەدوورگرتنی ئەمریکا لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە، بەتایبەتی ئێمە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە برِیارەکەی ئەم دواییە ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ بکەین بۆ ناساندنی سەروەریی ئیسرائیل بە سەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە پشتگوێخستنێکی تەواو و پێشێلکردنێکی تەواوی یاسای نێودەوڵەتی بوو. کەواتە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا دەڵێم ئەو هەنگاو و کردارانەی ئەمریکا مایەی کێشەن و دەرئەنجامی سلبییان لێ دەکەوێتەوە لەسەر ئاشتی و باری سەقامگیری لە جیهاندا.

*** با روونتر بڵێین، ئایا لە دەرئەنجامی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکاوە ئەوا سیستمە لیبراڵییە جیهانییەکە لە داخوراندایە، یان بە رادەیەکی گەورە و بەرچاو لاواز بووە؟**

-بە دڵنیاییەوە ئەم سیستمە بەرەو لاوازبوون دەچێت، بەتایبەتی کە ئەمریکا پشتگوێی خستووە و لە هەمان کاتدا چەندین بزووتنەوەی پۆپۆلیستی لە سەرتاسەری یەکێتی ئەورووپا سەریانهەڵداوە، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین یەکێتی ئەورووپا و پابەندبوونەکانی ئەم یەکێتییەش لاواز بوون، کەواتە ئەگەر وەسفی دۆخەکە بکەم لە ئێستادا ئەوا رۆژگاری ئێستا، یان با بڵێین سیستمی جیهانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە چەندین گۆرِانکاری مەزن و گەورەدا تێدەپەرِێت.

**خۆبەدوورگرتنی ئەمریکا لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە، بەتایبەتی ئێمە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە برِیارەکەی ئەم دواییە ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ بکەین بۆ ناساندنی سەروەریی ئیسرائیل بە سەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە پشتگوێخستنێکی تەواو و پێشێلکردنێکی تەواوی یاسای نێودەوڵەتی بوو**

# دەڤەرێن ئێزدیان یێن داگیرکری (ئەگەر و چارەسەر)..

پشتی هێرشێن داعش بۆ سەر دەڤەرێن کوردستانی یێن دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ وداگیرکرنا رێژەیا هەرە زۆرا وان دەڤەرا و ئەنجامدانا تاوانێن مەزن بتایبەت دگەل کوردێن ئێزدی ل شنگال و دەروبەرا ل سەر دەستێن رێژەکا مەژنا عەرەبێن دەڤەرێ ژکوشتن و دیل گرتنا زەلام و ژن و زارۆکا وڤەکرنا بازارێن کرین و فرۆتنا مرۆڤان وەك کوێلە (عبید) بویە هۆکارا ئاوارەبوونا خەلکێ وان دەڤەرا بۆ هەرێما کوردستانێ ژ شنگال و باشیك و بە حزانێ و کۆمەلگەها بابیرێ و گوند و کۆمەلگەهێن دی یێن ئێزدی نشین و تانوکە رێژەکا زۆر ئاکنجی نە ل کوردستانێ و بتایبەت پارێزگەها دهۆك..

هێزێن پەکەکێ بناڤێن جودا جودا وەکی y.p.k. و ypj ژکوردستان رۆژاڤا ب بەهانا هاریکاریا ئێزدیان ل دەمێ هێرشا داعش هاتنە دەڤەرا شنگال و دەست هاڤێتە گرتن و رەڤاندن و چەکدارکرنا گەنجێن ئێزدی و رەفتارێن خۆسەپاندن و نە قەبولکرنا هزرێن دی بوینە زێدەترکرنا هۆکارێن نە ئارامیێ و پشتی ریفراندوما سەربخۆیا هەرێما کوردستانێ و بەشداریا خە لکێ دەڤەرێن ماددا ١٤٠ ب رێژەکا زۆر و دەنگ دان بۆ سەربخۆیێ و دەرئەنجامێ رێککەفتنا هێزەکا لایەنەکی سیاسی یێ کوردستانێ دگەل حکومەتا حەیدر عەبادی ب بەشداریا هەندەك وەلاتێن دەڤەرێ پیلانەك هاتە دارشتن بۆ داگیرکرن و ژناڤبرنا قەبارێ هەرێمێ. بە لێ ب ئیرادا پولایین یا پێشمەرگێن قەهرەمان و بریارا زۆر بوێرانەیا جەنابێ سەرۆك بارزانی ئەو هەول هاتە راگرتن پشتی کو لەشکەرێ عیراقێ و حەشدا شیعی تاوانێن مەزن دژی مرۆڤایەتیێ ئەنجامێ داین دەرهەقی کوردان ل ناوچێن دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ ب تایبەت ل دۆزخورماتوو و کەرکووك و داگیرکرنا ناوچێن ئێزدیان وەك شنگال و باشیك و بە حزان جارەکا دی.

زێدە باری ڤان هۆکارا تانوکە کارگێریا شنگال ل کوردستانێ ئەرکێ خۆ ئەنجام ددەت و نەشیایە بزڤرتە ڤەجەێ کارێ خۆ و رێژا پتر ژ ٨٠٪ (هە شتی ل سە دێ) ژ خەلکێ شنگال ل کوردستانێ ئاکنجی نە ژبەر نەسەقامگیریێ کو ئەگەرێ سەرەکییە بۆ نەزڤرینا خەلکی بۆ دەڤەرێن خۆ و نەبوونا خزمە تگوزاریا، ژبەرکو



**سەعید سیسۆ**

بۆ گولان نوسیویەتی

ئارامی ئێکە ژ بنەماییت سە رەکی بێت ژیانێ ل هەر جهەکی.

بۆ چارەسەریێ پێویستە ب رێککەفتن دگەل حکومەتا عێراقا فیدرالْ هێزێن پێشمەرگە و لەشکەرێ عێراقی و ل ژێر چاڤدێریا هێزێن هەڤپەیمانا ئارامیێ بزڤرینەڤە وان دەڤەرا کو عێراق دپێنگاڤا ئێکێدا هێزێن بیانی ل وان دەڤەرا دەربێخیت و حەشدا شیعی ڤەکێشت ل وان جها. هەروەسا ئەو عەرەبێن دەڤەرا شنگال یێن دەست دگەل داعش هەی و تاوان کرین و نوکە ل وان دەڤەرا ماینە، یان زڤرینە ڤە ل گۆرەی یاسایێ بهێنە سزادان و دیتنا شێوازەکی گونجای بۆ پێکڤەژیانا ئۆل و نەتەوا ب گشتی کوردێن ئێزدی چاڤەرێی پێکئینانا حکومەتا هەرێمێ نە وتە مام کرنا حکومەتا عێراقا فیدرالْن ب ئۆمێدا جێبەجێکرنا ماددا ١٤٠یا دەستووری داکو ناوچێن وان یێن دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ بزڤرنە باوەشێ هەرێمێ و ژیانا پاراستی و خۆش بیت

و ل سەردەمێ رژێما بەعس ژلایێ کارێن خزمەتگوزاری ڤە پشتگوە هاڤێتی بوون و پشتی ٢٠٠٣ ێ ژی حکومەتا عێراق کار بۆ دەڤەرا نەکریە و ئەو کارێ حکومەتا هەرێمێ کری ژی بەرچاڤ نەبوویە، چونکە پێویستی ب خزمەتگوزارییێن زۆر و بودجەکا تایبەت و مە زن هە بوویە. ل گۆرەی دستوورێ عێراقێ پێتڤی بوو ل سالْا ٢٠٠٧ێ ماددا ١٤٠یا دستووری هاتبا جێبەجێکرن بە لێ بەغدا پشتگوە هاڤێت و بەلکی ئاستەنگ چێ کرن و تانوکە سەرژمێری ل وان جها نەهاتیە کرن.

بۆ چارەسەرکرنا وان ئاریشا پێتڤییە هەرێم و بەغدا رێك بکەڤن کو شنگال ببیتە پارێزگە و بودجەیەکا باش ل گۆرەی سنوور و رێژا ئاکنجیا بۆ بێتە خەرجکرن و دەلیڤێن کاری بۆ گەنجان بهێنە دیتن و گرنگی ب کەرتی کشتوکالی بهێتەدان، چونکە عەردێ چاندنێ زۆرە هەروەسا رێژەکا زۆریا مەڕ و مالاتی دهاتە ب خودان کرن وبۆ ڤێ چەندێ ژی فەرە پرۆژێ ئاڤا (جزیرە) ژ دەشتا رەبیعە بگەهیتە شنگال و دەڤەرێن دی یێن کشتوکالی ب گشتی و خزمەت ب گشتی ل دەڤەرێن ماددا ١٤٠ ب رێژەکا باش بهێتە کرن و دەرئەنجامێن شەرێ داعش زۆر ناوچە وێران بووینە و زەرەرەکا زۆر مەزن گەهشتییێ.